مەڵبەندی ڕۆشنبیری هەورامان

# دەلاقەی نوێ.. ڕوو بە مێژووی کۆن

## کۆمەڵێك بابەتی مێژوویی

## بەرگی چوارەمی ڕوانگە

جەلیل عەباسی

# دەلاقەی نوێ.. ڕوو بە مێژووی کۆن

## (کۆمەڵێك بابەتی مێژوویی)

بەرگی سێیەمی روانگـــــە

جەلیل عەباسی

- دەلاقەی نوێ ڕوو بە مێژووی کۆن
- نووسەر: جەلیل عەباسی
- پیتچنین: ئەدهەم عەباسی (ئەشا)
- نەخشەسازی و بەرگ: کۆردۆنیا
- چاپ: کۆردۆنیا 2011

ناوەرۆك:


- دەلاقەی یەکەم:

چاوێك لە مێژووی مۆسیقای کوردی و سەرنجێکی

بۆ چوونەکانی ئەحمەدی شەریفی:.....

- دەلاقەی دووەم:

روون کردنەوەیەکی پێویستی مێژوویی:......

- دەلاقەی سێیەم:

مافی مرۆڤ لای کورۆش کەبیر:...

- دەلاقەی چوارەم:

شەوی یەلدا چۆن پەیدا بوو؟:......

- دەلاقەی پێنجەم:

((باوکی منداڵەکان))... بۆ چی؟!:......

- دەلاقەی شەشەم:

بۆ گێڕانەوەی مێژوو، ڕاستگۆیی و شارەزایی پێویستە:......

- دەلاقەی حەوتەم:

مەحشەری کوبرا:.....

- دەلاقەی هەشتەم:

نەورۆزی کورد و ئەفسوونی ناحەزان:.....

- دەلاقەی نۆیەم:

ڕوونکردنەوەیەك لەسەر (زەردەشت و ئاڤێستا):.....

- دەلاقەی دەیەم:

گەر ئاڤێستا هی کوردە، دەبا کورد باشتری بناسێت:.....

- دەلاقەی یازدەهەم:

ئەو ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە:.....

- دەلاقەی دوازدەهەم:

شایی و زەماوەند لە هەورامانی دێریندا:.....

- دەلاقەی سێزدەهەم:

سیاچەمانە (سیاجامەگان)ە:.....

- دەلاقەی چواردەهەم:

ئاهوورامان هەمان (ئورۆمۆن)ە:.....

- دەلاقەی پازدەهەم:

دیموکراسییەتی ئەمڕۆی جیهان میراتگری سیستەمی دیموکراسیی ئاهوورامانی دێرینە:.....

- دەلاقەی شازدەهەم:

ئاریوبەرزەن:.....

- دەلاقەی حەفدەهەم:

مۆسیقا لە ئێرانی کەوناراردا:.....

دەلاقەی نوێ

بەرەو مێژووی کۆن

دەلاقەی یەکەم:

## چاوێك لە مێژووی مۆسیقای کوردی و سەرنجێکی بۆ چوونەکانی ئەحمەدی شەریفی:

ماوەیەك بوو بە تەما بووم ئاورێك بدەمەوە لە هەندێ بابەتی(( مێژووی مۆسیقای کوردی))ی کاکە محەمەدی حمە باقی، بەڵام بەتەواوەتی بۆم نەئەکرا. تاوێك بە خۆم دەگوت با ئەم ئاوڕدانەوەیە دابنێم بۆ دواتر و لە
(( مێژووی هەورامان و هونەر))دا بە تێر و تەسەلی لەسەری بڕۆم و تاوێکیش ئەهاتمە سەر ئەو بڕیارەی کە نامەیەکی تایبەت بۆ خودی کاك حەمە بنێرم و تاوێکیش...،
تەنانەت بڕیارم دا لە چوارشەمە کۆڕێکی ئەنجومەنی ئەدەبیدا باسی بکەم کە بەداخەوە ئەو دەرفەتەم بۆ نەڕەخساو مەسەلەکە هەروا لە کونجی بیرو زەینمدا مایەوە تاوەکوو ڕۆژێك چاوم بە لاپەڕەکانی ژمارە(18)ی بەرواری 1376/10/20(1997)ی هەفتەنامەی ئاویەرد ا گێرا و دیتم کاك ئەحمەدی شەریفی هەندێ بۆ چوونی لەسەر نوسیوە، گورج خوێندمەوە بەو هیوایەی کاك ئەحمەد قسەی دڵی منی کردبێت و تۆزێك باری سەرشانی منی سووك کردبێت بەڵام دیتم وا نییەو تێکڕا نووسینەکەی کاك ئەحمەدیش ئەو خەیاڵەی لە دڵمدا زۆرتر هەژاند و هاتمە سەر ئەو ڕایەی کە (بە کوردی و کورتی) چەند خاڵ لەسەر بەرهەمەکەی کاك حەمەو هەرواش بۆچوونەکانی کاك ئەحمەد هەر پێکەوە بنووسم و دوایی بەم ختووکەدانەی دەرووونم بهێنم.

سەرەتا لاپەڕەی کتێبەکەی کاکە حەمە(مێژووی مۆسیقای کوردی؟!) هەڵدەدەمەوە:

1_ کا حەمە لە دێڕی(21)ی لاپەڕە(75)ی کتێبەکەیدا لە بارەی سیاچەمانەوە ڕای مامۆستا محەمەد ئەمین هەورامانی دەگێڕێتەوەو دەڵێت: (( سیاچەماه وشەیەکی

ناساکارەو پێکهاتووە لە ڕیشەی وشەی (سەرە، سیاو)و(چەمان)یش لە (جامان)ەوە هاتووە کە ئەمیش خۆی لە خۆیدا جامەیە... کە بەواتای کراسی دەرەدامان ڕەش (پۆشان ڕەش)، کراسی ئاودامان ڕەش هاتووە)). بۆچوونەکەی هەورامانی (بەگشتی) جوان و بەجێیە بەڵام نازانم کاك حەمە بۆچی هەر بەوەوە وەستاوەو لە سەری نەڕۆیشتووەو نەگەڕاوە بە دوای بنەماکەیدا؟ ئەوەیان کە ئەو سیاچەمانە ناناسێت بە جێی خۆی، بەڵام بۆچی نەیپرسیوەوداوای لە هەورامانی نەکردووە کە بنەماو و سەرچاوەی واژەکەی پێ بڵێت یانخود بۆچی تۆزێ وردتر نەگەڕاوە بە شوێن ئاسەوارو بەرهەمە مێژووییە پێوەندیدارەکاندا تا بتوانێ کارەکەی بە ڕێکوپێکی بگەیەنێتە ئەنجام؟! کاك ئەحمەدیش لە بۆچوونەکەیدا بەرامبەر ئەم واژەیە وەستاوەو دەڵێت: (( سیاچەمانە هەمان چاو ڕەشە))! لێرەدا من زۆرتر سەرشاخی کاك ئەحمەد ئەگرم کە لە بواری ئاڤێستا و باس و بابەتی مێژوویيدا گەلێك لە حمەباقی شارەزاترە، جا ئەگەر وردتر سەرنجی مێژووی زەردەشت بدەین بۆمان دەردەکەوێت کە لە سەردەمی پێغەمبەرایەتیی حەزرەتی زەردەشتدا ئەنجومەنی (موغان) دامەزرا کە دواتر بوو بە دوو دەستە(گرووپ) کە دەستەیەکیان سەرتاپا ڕەش پۆش بوون و بە سیاجامەگان ناوبانگیان دەر کردبوو، ئەم گرووپە سروودێکی ئایینیی تایبەتیان هەبوو بۆ چڕینی گاتاکان کە بە سروودی تایبەتی (سیاجامەکان)، واتە جلوبەرگ ڕەشەکان ناسرا. گرووپەکەی تر هەر تەنها (سەدرەوکوستی)یان لەبەردەکرد (کە ئێستاکە ئەو جل و بەرگە تایبەتییە لە ژێر جل و بەرگی ئاساییەوە لەبەر دەکرێت)، ئەوانیش بە ئاهەنگ و لەحنێکی تایبەت گاتاکانیان دەچڕی و لەگەڵ ئاهورا مەزدادا ڕاز و نیازیان دەکرد کە ئەوەی ئەوانیش ناوبانگی دەرکرد بە ئەهورا و ئەمرۆش کاتێ دەڵێن هۆرە بچڕە، واتە بانگ بکە لە ئەهورا (ئەو سرووده تایبەتە ئەهوورابیە بچڕە). ئەم دوو واژەیە بەرەبەرە لە بواری زمان و دەربڕینەوە سواون و گۆڕانکارییان بە سەردا هاتووە، ئەو، (سیاجامەگان) بۆتە

سیاچەمانە و ئەمیش، (ئەهوورایی)بۆتە هۆرە، ئەم دوو واژەیە یەك بنەڕەت و ڕیشەو بنەمایان هەیەو ئەگەر ئەو دوو برایەمان هەر بە بیستنی ناوی لەحنەکان دەست بەردار نەبوونایەو ماوەیەك لە گەڵ سیاچەمانەدا بژیابان، ئەوا بۆیان دەر دەکەوت کە تەنانەت چەشنی چڕینی لەحنەکان خۆیان بە ئاشکرا هاوار دەکەن و ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد. هەر هیچ نا دەبوو کاك ئەحمەد کە لە کا حەمە شارەزاتری بواری ئاڤێستایە، بە وردی سەرنجێکی گاتاکانی بدابا کە دڵنیام دەیتوانی زۆر شتیان لەم بارەوە لێ دەر بهێنێ، بۆ وێنە گۆرانیی(گەردوون چی بکەم) کە دەقاودەق گێڕانەوەی گلەوبناشتی ڕەوانی خیلقەتە لە ئاهوورا مەزدا.(لەوێ کە ڕەوانی خیلقەت بەدەستی ستەم و ناکەسکارییەوە بە تەنگ هاتووەو ئەڵێ ئەی ئەهوورا مەزدا چارەم چییەو...، بڕوانە یەسنا 29بەشی 1و4و5 و هەروەها یەسنا 28 بەشی 9 و...تاد.

2_ کاکە حەمە لە هەمان لاپەڕەدا دێتە سەر باسی ناساندنی جۆرەکانی سیاچەمانەو بە داخەوە تا بڵێی ناشییانە و نازانستیانە خۆی لێدەدات و ئەڵێت: (( حاڵی حازر سیاوچەمانە جۆری زۆرە و بە بۆنەی جۆراوجۆریشەوە ئەچڕێ بۆ وێنە: سیاچەمانەی بووك هێنان کە بە ناوی بادە بادەوەیەو ئاوازێکی تایبەتی خۆی هەیە، سیاچەمانەی زەماوەند کە جۆرە بەزمێکە و پێی ئەوترێ بەزموگێڵای، سیاچەمانەی چەمەری و شیوەن و موور... سیاچەمانەی سەحەری، سیاچەمانەی دەرەیی و...))!! کاتێ چاوم بەم شتانە کەوت (کەللەم تا سنووری تەقینەوە تاسا!)، ئاخر کەسێك خۆی لەڕیزی مێژوو نووسان دابنێت و مێژووی مۆسیقا بنووسێتەوە کەچی تا ئەو ڕادەیە لەگەڵ ئاسایی ترین و لە هەمان حاڵیشدا سەرەکیترین و قووڵترین بەشی مۆسیقای خۆی نامۆ و بێگانە بێت و تەنانەت ئەوەندەی نەخوێندەوارێك لە بەرەی ڕەمەکیی خەڵك کە جاروبار بە شوێن ولاخێکەوە بۆ خۆی گۆرانییەك ئەچڕێ شارەزای مۆسیقا نەبێت؟! (بەر لە ڕوون کردنەوەکەم با عەرزی کاك حەمە بکەم: برای من، جەنابت بەو کارە نازانستیانەیەت

کۆشکی بەرزو زێڕینی سیاچەمانەت ڕووخاندووەو بەڕاستی پەتپەتیت پێ کردووە ! حەز ئەکەم ئەوە، یان دوا هەنگاوت بێ لەو ڕێبازەدا یانخود زەحمەتی زۆرتر بکێشیت و بگەیت بە وەزعی ئالۆزی زانیاریی خۆتدا و لەو بارەیەوە تۆزێك بیبەیتە سەرەوە !).

ئەنجا، گۆرانیی هەورامان ئەبنە چەن بەشەوە کە سیاچەمانە بەشێکیانەو بۆ خۆی ئاواز و لەحن و جۆری چڕینی جیای هەیە و بۆ خۆشی چەند لقێکی لێدەبێتەوە کە هەر لق و ئاوازێکیش ناوێکی تایبەت بە خۆی هەیە کە بەو ناوە و تا ڕادەیەکیش بە شیعرەکانیەوە دەناسرێت وەك: تەم وتەمەلوول، سەیری وەزەرا، پێچەپێچەکاو...تاد، بە هەموو بەزمێکیش نالێن سیاچەمانە، بادە بادەش سەرەڕای ئەوەی کە هەر سیاچەمانە نییە، پێی ناوترێ (بەزمو گێلای) بەڵکوو لە ناو سەرجەم بەزمەکانی شادیدا، ئەم ئاوازەیان تایبەتمەندیی تایبەت بە خۆی هەیەو ناچێتە ناو هیچکام لە بەزمەکانەوە. سەرجەم گۆرانیی هەورامانیش وەکوو گوتم دەبێتە چەند دەستە کە بریتین لە: سیاچەمانە، بەرزەچڕ، دەرەیی، گوشی(خاو)، وردەبەزم، چەپڵە، شێخانەو... کە هەردەستەیەکیش بۆخۆی چەندین بەزمەو هەرکامەش بە ناونیشان و زۆرتریش بە شیعری تایبەتی خۆیانەوە ئەناسرێن. ئەوەش بڵێم کە ڕێژەی سیاچەمانە لە(100) بەزم تێدەپەڕێت و سەرجەم گۆرانییەکانیش لە هەوراماندا لە(1500) بەزم تێپەڕ دەبن.

3_ کاك ئەحمەد دژ بەو ڕایەی کاك حەمە وەستاوە کە گوایە تەنبوور هەمان تەموور(تەموورە) نییە ! بەڵام منیش پێموایە کە تەنبوور هەمان تەموورەی کوردییە، ئەمەش یەکەم بە دەلیلی ئەقڵی و دووەمیش بۆ ئەوەی کە چەندە لە دنیای ئامێرە مۆسیقاییەکاندا گەڕاوم تەموورەم وەك سازێکی جیاو غەیری تەنبوور نەدۆزیوەتەوە.

4_ کاك حەمە لە لاپەڕەی(150)ی کتێبەکەیدا دێتە سەر باسی چەمەری و دەڵێت: ((... ئەهلی حەقیش بڕوای بە تناسخ الارواح هەیە... ئەم چاوەڕێیەش من پێم وابێ بنەمای وشەی چەمەرییە کە لە دیالێکتی گۆرانیشدا ئەو دیالێکتەی کە هەر پەیڕەوانی

ئایینی ئەهلی حەقیش بە كاری دێنن چەمەری هەر بە مانای چاوەڕێیە)) دواتر نموونە لە مەولەوی بۆ چاوەڕوانی دێنێتەوە كە دەڵێ:

(( ئازیزم ئامای ئای بێ قەرار وێم

ئای ئای چەمەڕا ئای ئینتیزار وێم ))!

نازانم كا حەمە چۆن وشەی(چەمەری)ی پێوەند داوە بە(چاوەڕوانی)یەوە؟ ئەویش چاوەڕوانی كردنی ئەوەی كە گیانی مردوویەك بچێتەوە بە لەشی كەسێكی تردا! سەرەڕای ئەوەش، لە كوێی دیالیكتی گۆراندا چەمەری بە واتای چاوەڕوانی بەكار ئەبرێت؟! پاشانیش، نازانم ئەو بەیتە شیعرەی مەولەوی چ پێوەندییەكی بە(چەمەری)یەوە هەیە؟! كا حەمە بە بێ ئەوەی هەوڵ بدات پێشتر لە واتای چەمەر و چەمەڕایی تێبگات، ئەم دوو واژەیەی تێكەڵ كردوون لە حاڵێكدا كە هەركام لەوانە ئاسمان و زەوی لێك دوور و جیاوازن. (چەمەر) واتە شیوەنی گشتی و(چەمەری)یش واتە شیوەن گێڕانی بە كۆمەڵ ئەویش بۆ مەرگی خۆشەویستێك.( لە هەوراماندا كاتێ خراپەی شوێنێك بلێن، ئەلێن: (كورە چوار چەمەر بی) یان(كورە چەمەرییەش كێشیا) كە لێرەدا مانای وێرانی دەگەیەنێت واتە(كورە وێران دەبوو)یان(كورە خوام دەكرد وێرانیی بە سەردا ئەهات). من پێم وایە كە ڕیشەی چەمەر ئەگەڕێتەوە سەر وشەی(چەم،هەڕ) بە واتای چاوی قوڕاوی كە مەبەستی قوڕ پێوان و دەم و چاو لە قوڕ گیرانە. هەرچی بێت با كا حەمە بزانێ كە چەمەری لە هیچ قامووس و زمان و دیالێكت و ئاوازێكدا نابێتە چەمەڕا بە واتای چاوەڕوانی و باشتریش بوو كە كا حەمە لە پاڵ ئەو وێنە چەواشەیەدا كە لە شیعری مەولەویی هێناوەتەوە بۆ سەپاندنی بیرۆكەكەی خۆی، نموونەیەكی تریشی بهێنابایەوە،( لەوێ كە دۆستێكی مامۆستا مەولەوی نامەیەكی بۆ ئەنێرێت و هەواڵی مردنی كوڕەكەیی ئەداتێ و سكاڵای لە گەڵ دەكات و ئەمیش هاودەردیی لە گەڵ ئەكات و ئەلێت:

(( جه ئامای نامەت چەمەریم بەرز بی

شادیم شێویا شینم سەد تەرز بی))

تا بەم چەشنە بۆی دەربکەوتایە کە چەمەری و چەمەڕایی دوو واژەی لێك دوور و جیاوازن!

لە کۆتاییدا ئەڵێم، ئێمە ئەگەر ئەمانەوێ خزمەت بکەین لە پێناوی گەشەو نەشەی کولتووری کوردیدا، پێویستە پێچ و خەمی کارەکان بە جوانی بناسین و تێبکۆشین زانیاریی خوێنەران لە ڕێگای ڕاست و دروستەوە بەرینە سەرەوە، واتە هەوڵ بدەین چەوتییەکان ڕاست بکەینەوە نەوەك بە بیروڕای بێ بنەماو نازانستیانەی خۆمان ئەوانیش چەواشە بکەین و ڕووی ڕاستییەکانیش بە تۆزی درۆ و گاڵتەجاڕی داپۆشین، چوونکە وەك گوتوویانە( هەتاو بۆ ساتێك ئەچێتە ژێر هەورەوە بەڵام بۆ هەمیشە لە ژێر هەوردا نامێنێتەوە!). هیوادارام کا حەمەی حمەباقی و هەموو ئەوانەی بوونەتە ڕێبواری ئەو ڕێگایە، سەرنج بدەنە قسەکانم و لێیان تێبگەن و ئەمجارە بە وردی و دڵسۆزییەوە چاوێکیتر بگێڕن بەسەر بیرو بۆچوون و زانیاری و سەرجەم کارەکانیشیاندا تا مێژووی ئەم گەلە سەربەرزەمان تووشی چەواشەیی و شێوانکاریی لەمە زیاتر نەبێتەوە.

هەر بژی ڕاستـــــی.

1997/2/15

***دەلاقەی دووەم***

## *روون کردنەوەیەکی پێویستی مێژوویی*

لە لاپەرەی 6ی پێش ژمارەی 5 ی هەفتەنامەی (تیشك)دا (( دۆستێکی کۆن)) باسێکی هێناوەتە ئاراوە لە ژێر ناونیشانی(( ئەنجومەنی ئەدەبی مەریوان)) کە تێکەڵاوێکە لە بیرەوەری و ڕەخنە و هەڵسەنگاندن. باسەکەی(دۆستێکی کۆن) بەمچەشنە دەست

پێدەکات: "ئای... خاوەنی هەنبانە بۆرینە یادت بە خێر، یادی کۆڕەکەی مزگەوتی جامیعەی مەریوان بە خێر کە لە سەر کۆچی دواییت گیرا، لەو ڕۆژەدا بوو تۆوی ئەنجومەنی ئەدەبی چێنرا...".

حەزم لە نووسینەکە کردو گوتم دەبێتە هۆی قسەو باس لە سەر ڕەوتی ئەدەبیی مەریوان و لە ئاکامدا وەك نیمچە مێژوویەکی ئەدەبیی ناوچەی مەریوان تۆمار دەکرێ کە دڵنیام بە کەڵکی لێکۆڵەران و ئەهلی قەڵەم دێت، هەر چەند ئێستاش هەر لە سەر ئەو ڕایەی خۆمم بەڵام ئەو بابەتە گەلێ خاڵی تێدا بوون کە نەمتوانی بێدەنگ لێیان ڕەت بم و ڕوون کردنەوەیەکم لە سەریان نەبێت:

1_ ئەو دۆستە(کۆن)و بە ڕێزە دەڵێت: "لەو ڕۆژەدا بوو کە تۆوی ئەنجومەنی ئەدەبی چێنرا"، واتە ڕۆژێك کە ڕەسم و یاسای چلەمین ڕۆژی کۆچی دوایی هەژار لە مزگەوتی جامیعەی مەریواندا گیرا. ! ئەبێ عەرزی ئەو دۆستە بکەم کە: کاکی برای، تۆوی ئەنجومەنێکی ئەدەبی گەلێ پێشتر لە کۆچی دوایی هەژار لە دڵی دۆستاندا چێندرابوو و چەکەرەشی کردبوو. لەو ڕۆژەدا ئەو تۆوە سەری هەڵهێنا و خۆی نواند. ڕەنگە کاکی نوسەر لە بیری نەمابێت کە پێش دامەزراندنی کتێب فرۆشی مەولەویی ئەو سەردەمە لە قاتی سەرەوی پاساژی عەداڵەتدا ، دوستان لە ماڵی یەکتر کۆ ئەبونەوەو سکاڵایان ئەکرد و هەست ئەکرا کە شوێنێك پێویستە بۆ یەك گرتنی ئەو کۆڕە تاکەکەسیانەی ناوماڵ، دامەزراندنی کتێبفرۆشی مەولەوی ئەو سەردەمەش (بە سەرپەرشتیی بەندە) هەر بەم بۆنەیەوە بو، واتە هەنگاوێك بو بۆ یك گرتنی دوستان و کۆبوونەوی ڕێکوپێکتر. ئەو هەنگاوەش سەرکەوت و کتێب فرۆشیەکە بووە مەکۆی چاوپێکەوتن و لە دەوری یەك کۆبوونەوە و باس و خواسی دۆستان و بە ڕاستیش بووە هۆی پێك ناسینی دۆستە تەریك و تەنیا و نەناسراوەکان و ئەنجا هەر لە وێش باسی پێکەوەنانی ئەنجومەنێکی ئەدەبی هاتە ئاراوە. تا کۆچی دوایی مام هەژار بەشێکی زۆر لە دۆستان یەکیان گرتبوو و قسەیان

کردبۆوه یەك و بۆ گرتنی ئەو کۆڕەش ڕۆشتینه ئیدارەی ئیرشاد که ئەوانیش هەر ولاّمیان نەدابنەوه و ناچار پەنامان برده سازمانی تەبلیغات و ئەویش بوێرانه وێڕای دەیان کۆسپ و تەگەرەی تایبەت، ولاّمی داینەوه و هاریکاریی کردین و ئێمەش له کۆڕەکەدا ڕامان گەیاند که پێویستمان به ئەنجومەنی ئەدەبی هەیەو...

2_ ئەنوسێت ((قسەمان بو بەیەکێك و بەرەو سازمانی تەبلێغات بەرێ کەوتین! بۆچی؟ بۆئەوەی وامان ئەزانی ئیجازەی ئەنجومەنی ئەدەبی بەدستی ئەوانه نەك ((ئیرشادی ئیسلامی))! ئیتر کاکی دۆستی کۆن لەبیری نەماوه که ڕەوتەکه وانەبوو، ئێمه چەندین جار رۆیشتینه ئیرشاد و داوای دامەزرانی ئەنجومەنمان کرد کەچی ئیرشاد ئەیوت: بەمەرجێك ئەو ئیجازەیەمان ئەداتێ کەهەمووومان چەند جارێك به سازی ئەو سەما بکەین و بەڕای ئەوان لێهاتوویی و پێکەوتوویی خۆمان بسەلمێنین، دیاره مەبەستی ئەوان گرتنی کۆڕێك بوو بۆ پیاهەڵدانی حکوومەت و...، ئێمەیش سەرمان بۆ ئەو خواسته چەوته دانەنەواند و رووومان لەسازمانی تەبلێغات کرد دەنا ئەمانزانی که ئیجازەی ئاوا شتێك بەدەست ئیرشاده و هێندەش وەك بۆچوونی کاکی نووسەر گێژ و نابەڵەد و نەخوێندەوار نەبووین. هەر ئەو کارەی ئێمەیش بووه هۆی ئەوەی که ئیرشاد هەست به ناتەبایی بکات و پاشانیش بێبڕوبیانوو داواکارییەکەی قەبووڵ کردین و ئیجازەی دامەزرانی ئەنجومەنی داینێ و ئەنجومەنی ئەدەبی دامەزرا.

3_ دۆستی کۆن ئەنوسێت:

"یەکەم دانیشتنمان بەقسەکانی شێخ مارفی حەسەنیی شاعیر، ئەو پیره پیاوەبەپێزه که ئێستا ناوی هەر نابرێت دەستی پێکرد"! پێویسته بلّێم شێخ مارف هیچ کات لەگەڵ ئەو ڕەوتەدا نەبووه و تەنانەت ولاّمی هیچ نامەیەکی ئێمەشی نەداوەتەوه، ئەگەر بینوسیبا شێخ رەشی، ئەوه راستتر بوو نەك شێخ مارف. هێشتا لەبیر و زەینی هاورێکانمانا ماوه که نه شێخ مارف هاودڵی کردین و نه زۆر کەسیتر و تەنانەت کەسانێکیش بوون که کاتێ

ئەڕۆیشتینە (خزمەتیان)! و داوای هاوکاری و باسی ئەنجومەنمان ئەکرد تووڕە ئەبوون و ئەیانقیژاند کە: "کاکە من هەر کوردیش نیم! دەست لەبەرۆکم بەربدەن!!!" یانخود دوور لە چاوی ئێمە و لە دەرەوەی شاردا ئەیانگوت "من چۆن ئیجازەی شتی وائەدەم من لەمەریواندا ناسراو و برپرسم و لەجێی ئەوان من ئەبێ وڵام بدەمەوە و... و...؟!!" بەمچەشنە دڵی دۆستانی ئەوینداریان شکاند و هەنگاوێك ئێمەیان لەگەیشتن بە ئامانجە پیرۆزەکەمان دوورتر خستەوە!

4_ ئەنوسێت "... دوای هاتووچۆ کردنێکی زۆر ئەنجومەنی ئەدەبی مەریوان لەدایك بوو، کاك جەلیل، شێخ رەشی حەسەنی، کاك عادل مەحەمەدپور و کاك ئەنوەر رۆشن دەستەی بەرێوەبەر بوون)) لێرەشدا پێویستە بڵێم کە دەستەی بەرێوەبەر بریتی بوون لە جەلیل، شێخ رەشی و ئەنوەر و حەمەی بانی، نەك عادل موحەمەدپور. کاك عادل لەدووەمین قۆناغی رەوتی ئەنجومەندا هات و ئاشنایی پەیدا کرد.

5_ ئەنوسێت: "هیچ، فرە ساڵە لەو رۆژانە تێدەپەڕێ، قەڵەم بەدەستان لەپەنجەی دەستەوە گەیشتوونەتە پەنجا، شارەکەمان گۆڤاری هەیە"! نازانم بۆچی نووسەر ئەڵێ زۆر سەیرە؟ ئایا قەناعەت ناکا کە مەریوان پاش نزیکەی دە ساڵ بەرێوەبردنی چالاکی ئەدەبی ئەتوانێ گۆڤار و چەند حەفتەنامەیەکی هەبێ، ئایا ئەم شتانە لەسەری مەریوان بەزیاد ئەزانێ؟ ئەی بۆچی سەری سوڕ ئەمێنێ؟ سەرجەمی ئەو خاڵانەی کەئاماژەم پێکردن و لەسەریان رۆیشتم ئەمگەیەننە ئەو بڕوایەی کاکی دۆستی کۆن لەناخی رەوتی ئەدەبی رابردووماندا نەبووە و لەگەڵی نەژیاوە و هەر لەدوورەوە سەیری کردووە دەنا ئەوەندە لەسەر شتەکان بێئاگا نەئەبوو. زانیاری چەواشەی دەرخواردی خوێنەران نەئەدا و راستیەکانی ئەنووسی. کاکی نووسەر بەو کارەی، خیانەتی بەزۆر لاوی جوامێری ئەو کاتانە کردووە کەبۆ دامەزراندنی ئەنجومەن ژیانیان لەخۆیان تاڵ کردبوو، لەگەڵ ئەوەشدا خۆشخزمەتیی بەکەسانێك کردووە کە هیچ مافێکیان بەسەر ئەو رەوتەوە

نەبووە و رەنگە ئەگەر بۆیشیان بکرایە لەجم و جۆڵیا بخستایە. بەڵام پێویستە بڵێم کە تۆزێ وردتر سەیری ئەمڕۆی ئەنجومەنی کردووە کەچی باشتر بوو روونی بکاتەوە ئەنجومەن بۆ وای لێهاتووە و.... من لێرەدا هەر ئەوەندە ئەڵێم کە ئەنجومەنی ئەدەبی مەریوان تەنیا بەهۆی نەبوونی گەلاڵەی رێکوپێك وەها لاواز کەوتووە و ئەگەر وا نەبووایە، ئەوا ئەنجومەن تائێستا زۆر سەرکەوتنیدیکەی وەدەست هێنابوو. بەڵام ئەزانین کەتەنیا هەست و ئیحساس و دڵسۆزی کاریگەرنین و ئەوها کارێك راستی ودروستی و بەبڕشتی و ئەزمون و گەلاڵەی رێکوپێکی ئەوێت. رۆژی چوارشەممە 1377/2/2 لەکۆڕی ئەنجومەنی ئەدەبیدا لەسەر ئەم باسە رەخنە و لێکۆڵینەوەیەك سازکرابوو کەبەداخەوە ئەویش هەروەك باسی((دۆستێکی کۆن)) زۆر ئاسایی و لاواز بوو هەروەك ئەو باسە لەبواری زانستی و ئاوەز پەسەند بەری بو و ئەمەیش جێی داخە بۆ بارودۆخی ئەمڕۆی ئەدەبی کوردی لەمەریوانی ئەدەب پەروەردا. هیوادارم ((دۆستێکی کۆن)) بەوردی سەرنجێکیتری مێژووی رەوتی ئەدەبی مەریوان بداتەوە و هەرواش ئومێدەوارم ئەم رەوتە چ لەئەندێشەدا و چ لە ئەنجومەنی دێرینەی شارەکەماندا و بەتایبەتی لەناو لاوەکاندا نەوەستێت و بەرەو لوتکەی سەرکەوتن و بەختیاری ئەدەبی، جوامێرانە هەنگاو بنێت و دڵنیاشم کە مەریوان ئەتوانێ لەبواری فەرهەنگی و ئەدەبی رەسەنی کوردیدا شوێنی تایبەتی خۆی هەبێت و جێپەنجەی دیاری خۆی بەجێ بهێڵێ.[1]

[1] ئەم بابەتە وەك دیارە وڵامی دۆستێکە لەسەر چۆنیەتی دامەزراندنی ((ئەنجومەنی ئەدەبی مەریوان)) کە کاتی خۆی لەپێش ژمارەی 6 ی هەفتەنامەی (تیشك)ی زستانی 1377ی هەتاویدا لە مەریوان بڵاو کراوەتەوە.

### دەلاقەی سێیەم

## مافی مرۆڤ لای کورۆش کەبیر

کوورۆش، پادشای هەخامەنشی ساڵی 559ی پ.ز نیشتەسەر تەختی پادشایەتی و ساڵی 529ی پ.ز کوژرا، گۆڕەکەی لەپازارگاد (پارسەگرد) لەگۆڕستانێکدایە کە بە (گۆڕستانی دایکی سولەیمان) دەناسرێت. کورش تەختی پاشایەتی لە بەرەی خاڵوانی،(ماد) ەکانەوە گواستەوەبۆ (پارس)ەکان و بناغەی پاشایەتی (ئیمپراتۆریەتی مەزن)ی هەخامەنشیی دامەزراند. کورش لە کەڵە پیاوەکانی مێژووی کۆنە و هەموو مێژوو نوسانیش بەڕێز و حورمەتەوە ناویان هێناوە و نازناوی ـ کورشی مەزن ـ ی دراوەتێ. کاتێ کوورش ـ بابل ـ ی گرت، لەگەڵ خەڵکەکەیدا بە بەزەیی و میهرەبانی جوڵایەوە و هەموو ئەو یەهودیە یەخسیرانەی ئازاد کردن کە ـ بوختونەسر ـ گرتبوونی و لەفەلەستینەوە هێنا بونیە ئەوێ، پاشان ئیزنی ئەوەشی دانێ کە بگەڕێنەوە بۆ فەلەستین. هەروەها فەرمانێکی دەرکرد تا بەخەرجی خەزانەکەی پارس پەرستگەی ـ ئورشەلیم ـ سەرلەنوێ دروست بکەنەوە کە ئەویش هەر ـ بوختو نەسر ـ وێرانی کردبوو. کورش پادشایەکی سیاسەتمەند و ئازا و بە بەزەیی و خاوەن عەزم و ئیرادە و لەهەمان حاڵدا لێبوردە بوو، رێزی لەدین و ئایینی ئەو گەلانە دەگرت کە شکستی دەدان و دەیخستنە ژێر رکێفی خۆیەوە، شارە وێرانکراوەکانی سەرلەنوێ ئاوەدان و نۆژەن دەکردنەوە، زۆرتر پشتی بەئەقڵ و ئاوەز دەبەست تاشمشێر. ـ ئوخیلووس ـ (ئاشیل) ئەدیب و شاعیری بەناوبانگی یۆنانی لە تراژیدیاکەی خۆیدا بەناونیشانی ـ پارسەکان ـ دەڵێت:

(( کورش مرۆڤێکی بەختیار بوو، ئارامشی بەخشی بەپەیڕەوەکانی خۆی، خواکان خۆشیان دەویست چونکە خاوەنی ئەقڵێکی فراوان بوو... )).

جاڕنامەی مافی مرۆڤ ـ ی کورش، کە ئەمڕۆ دەرك ودیواری هۆڵی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکانی پێ رازاوەتەوە لەهەموو جیهاندا دەنگی دایەوە و هێشتاش هەر بەناوبانگ و جێی سەرنج و لێوردبوونەوەیە.

لێرەدا دەقی ( مافی مرۆڤ )ی کورشی مەزن بۆ ئاگاداری و ئاشنایی زۆرتری خوێنەری کورد دەنووسمەوە:

((من ـ کورش ـ، لەم کاتەدا کە بەپشت و پەنای مەزدا، تاجی پاشایەتی ئێران و بابل و وڵاتانی چوارینەم لەسەرناوە، رادەگەیەنم کە:

1ـ تا ئەو رۆژەی کە زیندووم و مەزدا ئەم پاشایەتیەم خەڵات دەکات، دین و ئایین و بیروبڕوای ئەو خەڵکانەی کەمن پاشایانم، ریز لێدەنێم و ناهێڵم فەرماندەران و دەست و پەیوەندیەکانی من دین و ئایین و بیروبڕوای خەڵکانیتر بەسووك بزانن یا ئازاریان بدەن.

2ـ من کەئەمڕۆ تاجی پاشاییم لەسەرناوە، تا ئەو رۆژەی کەزیندوم و مەزدا ئەم پاشایەتیەم پێ دەبەخشێت هەرگیز حوکم و فەرمانی خۆم بەزۆرداری بەسەر هیچ خەڵکێکدا ناسەپێنم و لەسەردمی پاشایەتی مندا هەموو نەتەوەیەك سەربەستە کەمن بەپاشای خۆی قەبوڵ بکات یا نەیکات و گەرقەبوڵیش نەکات، من کە پاشای ئێران و بابل و وڵاتە چوارینەکانم ناهێڵم کەس ستەمی لێ بکات، ئەگەر کەسێکی لاواز و بێدەسەڵات ستەمی لێکرا من پشتگری لێدەکەم و مافە زەوت کراوەکانی بۆ دەستێنمەوە و ستەمکارەکانیش بەسزای خۆیان دەگەیەنم.

3ـ من تا رۆژێك پاشام، ناهێڵم هیچ کەسێك ماڵ و مافی کەسێکی دیکە بە زۆرداری یا هەرشێوەیەکیتری ناشەرعی زەوت بکات و لێی بستێنێ بەبێ ئەوەی نرخی تەواوی دابێت.

4ـ من تا رۆژێك کە زیندوم ناهێڵم هیچکەس کەسێکیتر بخاتە ژێر کار و بێگارییەوە بە بێ ئەوەی نرخ و پاداشتی بداتێ.

5ـ من رادەگەیەنم کە هەموو کەس ئازاد و سەربەستە کەبە مەیل و خواستی خۆی هەچ دین و ئایینێك بۆخۆی پەسند بکات و لەهەر کوێ پێی خۆشە نیشتەجێ بێت و بەهەچ شێوەیەك بڕوای هەبێت پەرستش بکات و بیروبڕوای خۆی بەڕێوە بەرێت و هەر کار و پیشەیەکی پێ خۆشە و لەتوانایدایە بیکات، تەنیا یەك مەرج هەیە ئەویش ئەوەیە کە مافی کەسانیتر پێشێل نەکات و زیان نەگەیەنێتە ماڵ و ژیانی دیتران.

6ـ من رادەگەیەنم کە، هەرکەس خۆی وەڵامی ئاکار و کردەوەی خۆی دەداتەوە، نابێ ئازاری هیچ کەسێك بدرێ بەبیانووی ئەوەی کە یەکێ لەکەس و کاری تاوانێکی کردووە، ئەگەر کەسێك لە بنەماڵە یاعەشیرەتێکدا تاوانێکی کرد هەر تەنیا خۆی سزا دەدرێت و کەس مافی ئەوەی نییە لە دیکەی کەسانی بنەماڵە و عەشیرەتەکەی بپێچێتەوە.

7ـ تا رۆژێك کەمن زێندوم ناهێڵم ژن و پیاو (مرۆڤەکان) بەنێوی کۆیلە و کارەکەر یا هەر ناوێکی دیکە بفرۆشرێن، ئەم نەریتە دزێوەی ژیان دەبێ لە گێتیدا بنبڕ بکرێت، لە مەزدا دەپاڕێمەوە کە یارمەتیم بدات تا لەو ئەرك و بەڵێنداری و لێپرساوییەی کە بەرامبەر بەگەلانی ئێران و وڵاتە چوارینەکان گرتومەتە ئەستۆ سەربکەوم.

کورش (پاشای ئێران و بابل و وڵاتە چوارینەکان).

2001/1/15

**دەلاقەی چوارەم:**

## شەوی یەلدا چۆن پەیدا بوو؟

ساڵەهایە کە دوایین شەوی دوایین مانگی پایز
(سەرماوەز) کە بە درێژترین شەوی ساڵ و بە ناوی
(شەوی یەلدا)[2] دەناسرێت، دەکرێتە کۆڕی شەوانەو چەندین کەس لە خزم و کەس و کار و بنەماڵە یانخود دۆست و هاوڕێ لەو شەوەدا لە دەوری یەکدی لە ماڵێکدا کۆ دەبنەوەو بەزمی نوکتەو قسەی خۆش و سەربردەی بە تام و خواردن و یاری گەرم دەکەن و دەبنە شەو بێدار. شەوی یەلدا لە دێر زەمانەوە هەیەو بۆتە بەشێك لە فۆلکلۆر و داب و نەریتی کورد کە هێشتاش هەر باوی ماوەو هەر بەناوبانگە. شەوی یەلدا درێژترین شەوی ساڵ و سەرحەدی سنووری دوو وەرزی پایز و زستانە، هێڵی نێوان کۆتایی هاتنی کورتی و درێژی و سەرەتای دەسپێکردنی درێژ بوونەوەی ڕۆژەکانە، دوا ساتەکانی وەرزی خەزان بەڕێدەکات و دەچێتە پێشوازیی چرکە سەرەتاییەکانی وەرزی بەفرو سەرمای زستانەوە، مەرگی یەلدا دەبێتە زایینی زستان و چرۆ کردنی تەمەنی ڕۆژەکان. لە ڕاستیدا یەلدا سنووری نێوان دوو کەژی ساڵە، گەرچی لەو شەوەدا هەر تەنیا یەك خولەك بە تەمەنی تاریکی زیاد دەبێت و هەر ئەوەشە کە یەلدای لە شەوانی دیکە جیا کردۆتەوە، بەڵام کە دەڵێین شەوی یەلدا، شەوێکی دوورو درێژ و نەبڕاوەت دێتە بەرچاو کە ئەگەر بە کۆڕ بەستن و لە دەوری یەکدی کۆبوونەوە نەبێت هەر دوایی نایە. خۆ هەر ئەو تاکە خولەکەیش زۆرە بۆ شاردنەوەی تیشکی زێڕین و ژیانبەخشی هەتاو هەر بۆیەش

---

[2] یەلدا وشەیەکی سریانییە وەکوو ـ نۆئێل ـ کە لە ڕیشەی ــ ناتالیس ــ ی ڕۆمییەوە وەر گیراوەو واتای لە دایکبوون دەگەیەنێت، بە واتایەکی تر دەتوانین بڵێین ـ نۆئێل ـ ی ئەورووپی هەر هەمان شەوی یەلدا یانخود شەوی چلەی ئێرانییەکانە.

پێشینانی ئێمه به چەکی ئاگر و شۆڵەی ڕووناکیبەخشەوه به گژیدا چوون و شکستیان داوه، واته هەتاکوو بەیانی خەو نەچۆته چاویان و بڵێسه و کڵپەی (گڕ)یان بەرز و بەرزتر کردۆتەوه تا شەو بەسەر هاتووه و ڕۆژی ڕووناك جیهانی نووستووی ژیاندۆتەوه.له شەوی یەلدادا له هەمان کاتدا که کۆڕی نوکته و سەربردەو قسەی خۆش گەرمه، چەرەزات و خواردەمەنیی جۆراوجۆریش ئامادەن و سفرەو خوانەکه به هەنار و ترێ و گوێز و بەی و مێوژ و بادەم و... دەڕازێتەوەو بۆ بەرەبەیانیش سەرو پێیەکی پاك و خاوێن و به لەزەت ئامادە دەکرێت، شەوی درێژخایەنی ساڵ به چەند جۆره یاری دەدرێته سەر، لەوانەش: ڕاز و حەکایەت گێڕانەوه، گۆرەوی بازی، گورگ و ڕێوی، مەتەڵ، هەلووره مەلووره، هەتۆڵ مەتۆڵ، مەرج و گرەو کردن، گێڕانەوەی نوکتەکانی مەلای مەزبووره، سەربردەکانی ژیللێ مەرێ و... هتد. لەم باسەدا نامانەوێ له چۆنیەتی ئامادەکردنی چەرەزات و میوه و خواردەمەنییەکان، یانخود له سەر چۆنیەتی و فەلسەفەی یارییەکان بدوێین (ئەو باسه دەهێڵینەوه بۆ کات و دەرفەتێکی دیکه)، بەڵکوو دەمانەوێ بزانین شەوی یەلدا چییەو له چییەوەو چۆن داهاتووه و دیرۆك و مێژینەی کامەیه. بۆ ڕوونکردنەوەی زۆرتری ئەم مەبەستەشمان دەبێ بگەڕێینەوه بۆ سەردەمانی کۆنی (ئێرانی دێرین)و بۆ ئەو سەردەمەی که بیرۆکەی مەزدا پەرستی سەری هەڵدا[3].

[3] هەردوو وشه هەمان ناوی ـ ئەهوورا مەزدا ـ ن که ـ زەردەشت ـ ی پێغەمبەر بۆ ناوی خودای خۆی هەڵی بژاردوون و له ـ گاتا ـ کانیدا ئاماژەی پێدەکات. ئەڵبەت نەك بەم شێوەیەی ئەمڕۆ که بۆته ناوێکی ناسیاوی یەکگرتوو بەڵکوو له گاتاکاندا به جیاواز دەگوترێن، بۆ وێنه له بەشێکدا دەڵێ ئەهوورا و له شوێنێکی دیکەدا دەڵێ مەزدا، ئەگەر پێکەوەش بێن ئەوا پاش و پێش دەخرێن واته دەڵێ مەزدا ئەهوورا. دواتر که ئەم وشەیه گەیشته ناو زمانی فارسی، ئەو گۆڕانکارییەی بەسەردا هات و بوو به ئەهوورا مەزدا، ئەم ناوه له دوو وشەی جیاواز پێکهاتووه: (ئەهوورا+ مەزدا)، ئەهوورەی ئاڤێستا و ـ ئەسووره ـ ی ڤیدا هەر یەکن و له ڕیشەی ـ ئەسوو ـ ن به واتای میر و سەروەرو سەرکرده، ـ مەزدا ـ ی ئاڤێستا و ـ مێزەس ـ ی سەنسکریتیش هەر یەکن و به واتای هۆش و بیر و زانیاری دێن. بەم پێیه ئەهوورا مەزدا واتای میری زانا و سەروەری بیرمەند

ئەو خەڵكەی كە لە كێو و پێدەشتەكاندا دەژیان و چەندین سەدەی ڕابردوو خوویان گرتبوو بە شوانی و ژیانی ئاژەڵدارییەوە، لە گەڵ دیاردە جیاواز و دژ بە یەكە سروشتییەكانی وەك: گەرماو سەرما، ڕۆژو شەو، سپێتی و ڕەشایی و ڕووناكی و تاریكی و هەروەاش لە گەڵ خاڵە جیاواز و دژبەیەكەكانی سرشتی مرۆڤ وەك: چاكەو خراپە، دۆستی و دوژمنی، ڕق و بەزەیی و... دا ئاشنا بوون، بیریان لەوە دەكردەوە كە چاكەو خراپە هەركام دەبێ سەرچاوە و سەركردەیەكیان هەبێ، لە بەر ئەوەش كە حەزیان نەدەكرد ئەو دوو دیاردەیە ئاوێتە بن و خراپە زاڵ ببێ بە سەر چاكەدا، لە مێشكی خۆیاندا ئەو دوو سەركردەیەیان داهێنان و لێكیان جیا كردنەوەو هێزی سەركەوتن و باڵا دەستییان خستە پاڵ سەركردەی چاكە و بەم چەشنەش دیاردە دژ بەیەك و جیاوازەكانی ژیانیان بە گژی یەكدیدا دان و خستنیانە ناو ململانێ و شەڕێكی نەبڕاوەی هەتاییەوە. بە پێی بیرو بۆچوونی ئەوان، ئەوەی چاك و باش بوو دەسكردی ئورمەزد[4] و ئەوەش كە خراپ و ناحەز بوو بە هیی ئەهریمەن[5] دەژمێردرا. ڕۆژی ڕووناك كە كاتێكی لە بار بوو بۆ كشتوكاڵ و هەوڵ و كۆششی بە دوور لە زەرەرو زیانی دڕندەكان، درایە پاڵ مەزدا و شەوی تاریكیش كە پڕ بوو لە ڕەمزو ڕازی نهێنی و نەناسراو، درایە پاڵ

---

دەگەیەنێت. ئەم ناوە كە سەرەتاكەی دەگەڕێتەوە لای خودی زەردەشت لە گاتاكانەوە هاتە ناو پارسیی كۆن واتە(فۆرس)ی سەردەمی هەخامەنشییەكان و لەوێشەوە گەیشتە ناو زمانی پالەوی و دواتریش جێی خۆی لە ناو زمانی فارسیی ئەمڕۆدا كردەوە كە بە چەند شێوە دەربڕ دەكرێ وەكوو: هورمەزد، هورمزد، ئورمەزد، هوورمەزد، هورمز، ئورمەز و ئەهوورا مەزدا، هەروەها بە جۆری دیكەش هەر دەگوترێ وەك: خودا، خواوەند، یەزدان، ئیزەد و...

[4] بڕوانە پەراوێزی ژمارە (3)

[5] ئەهریمەن كە ئەمڕۆ بۆتە شەیتان یانخود ــ ئیبلیس ــ ی عەرەب، وشەیەكی ئاڤێستاییەو بە ــ ئەنگەرە مەئینیو ــ دەنووسرێت كە لە دوو وشە پێكهاتووە: ئەنگەرە بە واتای كەم كەرەوەو وێرانگەر+ مەئینیو( مینو) بەوتای ڕۆح و ئاوەز. دواتر وشەكە كورت كراوەتەوەو بۆتە ئەنگەرە مینو و پاشانیش بۆتە ئەهریمەن و واتای تەواوی هەردوو وشەكەش پێكەوە دەبێتە ڕۆحی وێرانگەر، ئاوەزی ناپاك.

ئەهریمەن، چوونکە کوشتوبڕ و دزی و جەردەیی و خراپەکارییەکان هەر لە شەوی تاریکدا ئەنجام دەدران. ئێرانیانی دێرین بۆ ڕزگار بوون لە چنگی ئەهریمەن و شەوە تاریك و سامناکە دەسکردەکەی، پەنایان بردە بەر ڕووناکایی و تینی ئاگر بەو هیوایەی کە بە یاریدەی ئەهووره مەزدا[6] دێو و درنج و جادووکارانی شەو پەرست لە ماڵی خۆیان وەدەر نێن، چوونکە بڕوایان وابوو لە ماڵێکدا کە ئاگر و ڕووناکی هەبێت جێی دێو و درنج و جادووکاران نابێتەوە. هەر بۆیەش ئەوەیان کردە پرەنسیپێك و دواتریش ئەو شەوانەیان بە (ئاگران)[7] ناوزەد کرد کە تا بەیانی ئاگریان تێدا هەڵ دەکرد و لە دەوری دادەنیشتن و کۆڕیان دەگێڕا. پاشان ئەو دەستوورەشیان داهێنا کە بۆ پاراستنی ئاگرەکەو بەرگریکردن لە کوژانەوەی، پاسەوانێکی تایبەتی بۆ دابنێن کە چاودێریی بکات و تا ڕۆژ دادێ پەیتا پەیتا هەر خۆشی بکات و تینی بداتێ و لەقەب (نازناو)ی ــ ئاترۆپات ــ یشیان بۆ دانا کە دواتر بوو بە ناوی ئیزەدەکانی ئەو ئایینە[8]. ئەوان درێژترین شەوی ساڵیان بە شۆڕشی زستان دەزانی چوونکە بێجگە لەوەی کە لە سەرمای سەختی سەرەتای زستاندا بۆ ماوەیەکی زۆرتر لە دیتنی شۆڵەی ژیانبەخشی هەتاو بێبەش دەبوون، بڕواشیان وا بوو کە لەو شەوە درێژەدا ئەهریمەن هێرش دەباتە سەر لایەنی چاکە بۆیە خەڵك بۆ نەهێشتنی شوومیی ئەو شەوەو بە هیوای هەڵاتنی هەتاو، لێك کۆ دەبوونەوەو تا بەیانی لە دەوری ئاگرەکە دادەنیشتن و بەیانیش لە گەڵ هەڵاتنی ڕۆژ دەیانکردە جەژن و شایی، چوونکە لایان وا بوو کە هەڵاتنی هەتاو لەدایکبوونێکی

---

[6] بڕوانە پەروێزی ژمارە(1 و 2).

[7] هەنووکە لە هەندێ ناوچەی ئێران و بە تایبەت خوراساندا کە کوردیشی تێدا دەژی هەر بە ڕەسم و یاسای شەو نشینی دەڵێن (ئاگران).

[8] ئاترۆپات، ئاتۆرپات، ئاتێرپات و ئازەرباد هەر یەك وشەن و واتای پارێزگاری ئاگر دەدەن و جاروبار بەو کەسەش دەگوترێ کە لە پەنای ئاگردا دانیشتووەتا نەهێڵێ بکوژێتەوە. ئەم وشەیە دواتر بۆتە ناز ناوی ئیزەدەکان، وەك: ئاترۆپات، مهراسپەند، ئاتر بەهرام، ئاترۆپات زەردەشتان و...تاد.

دووبارەیەو دەبێتە هۆی لە نێو چوونی نەحسی و شوومیی تاریکی. ئەبوو ڕێحانی بیروونی دەڵێ: "... ناوی ئەو ڕۆژە لە دایکبوونی مەزنەو مەبەستیش هەمان شۆڕشی زستانە. لەم ڕۆژەدا نوور و ڕووناکی لە کەمی و کورتی ڕزگاری دەبێت و بەرەو تیژی و درێژ بوون دەکشێ، مرۆڤەکانیش لەو ڕۆژەدا دەگەنە گەشەو نەشەو خراپەش ڕووەو نەمان دەچێت"[9].

لەو سەردەمانەدا جەژنی شەوی یەلدا وەکوو میوانییەکی گەورە بوو کە تیایدا قوربانییەکیان پێشکەشی ئورمەزد دەکرد. هەروەها لە بەر ئەوەی کە ڕۆژی دوای ئەو شەوە زستان دەستی پێدەکرد و چیتر میوە بەرهەم نەدەهات، ئەو شەوە سفرەیەکیان ڕا دەخست و پڕیان دەکرد لە خواردەمەنی و میوەی جۆربەجۆرو بەم چەشنەش زستانەکەیان پڕ خێر و بەرەکەت دەکرد. وەك گوترا، ئەم ڕەسم و یاسایە ئێستاش هەر ماوەو بەردەوامە و لە شەوی یەلدادا هەنارو سێو و ترێ و بەی و گوێز و خواردەمەنی و چەرەزاتی جۆربەجۆری دیکە دەهێنرێتە سەر سفرەو بەزمی شەوی یەلدا یانخود شەوی(چلە)ی پێ دەڕازێتەوە. نەریتی ئێرانی کۆن وا بووە کە هەر کات ناوی ڕۆژێك لە گەڵ ناوی مانگەکەیدا یەك بوایە، ئەوا ئەو ڕۆژەیان بە ڕۆژێکی پیرۆز دەزانی و دەیانکردە جەژن. ناوی ڕۆژی یەکەمی مانگی یەکەمی زستانیش ــ هورمەزد ــ بوو، خودی مانگەکەش واتە بەفرانبار(دەی)[10] مانگی ئورمەزد بوو بۆیە ناوی ڕۆژ و مانگ دەبووە یەك و دەکرایە جەژنێکی مەزن بۆ یەزدانی مەزن و ناوی لێدەنرا (جەژنی ڕۆژی نوێ)[11]،

---

[9] گۆڤاری ــ ڤوهوومەن ــ ژمارەی بەهاری 2735ی زەردەشتی (1997)ی زایینی.

[10] دەی ـ لە ڕیشەی ــ دا ــ وەرگیراوە بە واتای خولقێنەر و داهێنەر، سیفەتێکە دراوەتە پاڵ ئەهوورا مەزدا، ــ دەی ــ مانگی دەیەمی ساڵی هەتاوییە کە دەکاتە یەکەم مانگی زستان و بەرامبەری مانگی (بەفرانبار)ە لە ساڵی کوردیدا،(نێوان مانگەکانی کانوونی یەکەم و دووەم).

[11] هەروەها بەو جەژنە دەگوترێت ــ دەیگان ــ واتە جەژنی ئەو ڕۆژەی کە هاو ناوی مانگەکەی خۆیەتی. ئەم جەژنە بۆ ناوی ــ مهرــ(ڕەزبەر)یش کە دەکەوێتە نێوان ئەیلوول و تشرینی یەکەم هەیە و پێی دەگوترێ ــ

ئەویش لەبەر ئەوەی کە زەوی لە سووڕانەوە بە دەوری خۆردا، لەو ڕۆژەدا دەگەیشتە سەر هێڵی شۆڕشی زستان و ساڵی نوێی زستانە بە درێژ بوونەوەی ڕۆژ بە دوای شەوی یەلدا دا دەستی پێدەکرد. ئێرانیان لە کۆندا ساڵی دوازدە مانگەیان بە سەمبولی جیهانی دوازدە هەزار ساڵە دەزانی کە دابەش بۆتە سەر چوار وەرزی سێ مانگی. سەرەتای دەسپێکردنی ساڵیش بریتی بوو لە لە دایکبوونی دووبارەی هەتاو کە ئەویش هەمان ڕۆژی یەکەمی مانگی یەکەمی زستان بوو و دەکەوتە دوای شەوی درێژی یەلدا کە درێژترین شەوی ساڵە.

هەتاو سەمبول و نمادی ئیزەدی مەزن ــ میترا ــ بوو کە بە ڕزگاریدەری جیهان دەژمێردرا چوونکە هەر ئەم ــ میترا ــ یانخود ــ هەتاو ــ ە بوو کە لە یەکەم ڕۆژی مانگی(دەی) واتە بەفرانباردا[12] هێز و دەسەڵاتی ئەهریمەنیی شەوی تێك دەشکاند و جیهانی لە ژێر سەیتەرەی شوومی ئەو شەوەدا ڕزگار دەکرد. ئێرانیانی سەردەمی ئایینی ــ مهرــ ی ئەو ڕۆژەیان بە ڕۆژی لە دایکبوونی میترا دەزانی و دەیانکردە جەژن چوونکە وەك پێشتر گوتمان ئەو ڕۆژە ڕۆژی شۆڕشی زستانەی هەتاو و بە دەسەڵات گەیشتنی دووبارەی ڕووناکی بوو لە جیهاندا. پاش ئەوەی کە ئایینی مەسیح سەری هەڵدا، بەرەبەرە لە ڕۆمی کۆن دا جێی ئایینی میترای گرتەوەو لە هەمان کاتیشدا زۆربەی زۆری داب و نەریتی ئەو

---

مهرەگان ــ کە عەرەب لە فەرهەنگی ئاڤێستای دزیوە و تەعریبی کردووەو پێی دەڵێ ــ مهرەجان ــ و تەنانەت ناوەڕۆکەکەیشی هەر شێواندووە.

[12] ئەم بابەتە لە گۆڤاری ــ ئاسۆی فۆلکلۆر ــ ی ژمارە(3)ی زستانی 2001 دا بڵاو کرایەوە، ئەوکاتە د. مارف خەزنەدار کە زۆری بە دڵ ببو قسەی لە گەڵ کردم و گوتی باشتر بوو ناوی مانگەکان بە مانگی میلادی بنووسرابا کە خوێنەر لێی تێبگات منیش گوتم بە ئەنقەست وام کردووە کە خوێنەری کورد مانگە فارسی و کوردییەکان بناسێت و پاشان لە پەراوێزیشدا ئاماژەم بە ناوە میلادییەکانیش کردووە، دکتۆر بڕیاری دا لە درێژەی ئەم بابەتەدا باسێك لە سەر شەوی یەلدا و شیعری کوردی بنووسێت و منیش بەڵێنی هاوکاریم دایێ بەڵام بە داخەوە دواتر فەرامۆشی کرد و نەینووسی و...!

ئایینە میترایییەی بە خۆوە گرت کە لە ئێرانی مەزداییەوە وەرگیرابوو. چوونکە ئەو داب و نەریتە ئایینیە وەکوو ڕەسم و یاسایەکی میللی و نەتەوایەتی بەڕێوە دەبرا و پارێزرابوو. واتە ئەو خەڵکەی کە بە زۆری حاکمەکان و بە ناچاری دەکەوتنە ژێر ڕکێفی ئایینێکی نوێوە، داب و دەستوورە دێرینەکەی خۆیان لە بیر نەدەکرد و وەك نەریتێکی نەتەوەیی لە گەڵ کەلەپووری ئایینە تازەکەدا تێکەڵیان دەکرد. هەر ئەوەش بوو کە ڕۆژی لە دایکبوونی ــ مهر ــ ی ڕزگاریدەر درایە پاڵ ــ عیسای مەسیح ــ ی ڕزگاریدەر لە ئایینی نوێدا و کرایە ڕۆژی لە دایکبوونی ئەو. دواتریش کە مەسیحییە سریانییەکان گەیشتنە ئێران، ناوی ــ شەوی چلە ــ یان گۆڕی و کردیانە ـ شەوی یەلدا ـ و وەك دەبینین تا ئێستاش هەر بەو ناوەوە دەناسرێت.

***دەلاقەی پێنجەم:***

## ***((باوکی منداڵەکان))... بۆ چی؟!***

دووشت لە کۆمەڵگەی کوردیدا بوونەتە باو و بە جۆرێك جێیان لە ناو کەلتووری ئێمەدا کردۆتەوە کە دەرهێنان و سڕینەوەیان مەحاڵە، یەکەم کورت کردنەوەی ناوی منداڵ یانخود لەقەب لێنانی و دووەم ناو نەهێنانی پیاو- مێرد ـ و هەر ئاماژە پێکردنی ناڕاستەوخۆی لە لایەن ئافرەتی کوردەوە.ڕاستە کورت کردنەوەی ناوی منداڵ لە ناو گەلانی دیکەشدا باوەو خۆشەویستیی باوك و دایك پیشان دەدات لە ئاستی منداڵەکەیاندا، بەڵام ئەوەی لای کورد جیاوازە و ناچێتەئەو قاڵبە عاتیفییەوە. ئێمەی کورد بێجگە لەقەب لێنان، زۆرجار ناوی منداڵەکانیشمان کورت کردۆتەوەوهەرلەگەڵ ئەو کورت کردنەوەدا ئاڵوگۆڕیشمان بەسەریاندا هێناوە وەك: قادر= قالە، محمود= خولە، احمد= ئەحە، نصرالدین ـ نصرالله= نەسە، خدیجە= خەجێ، فاتمە= فاتێ ـ فاتە، مریم= منە ـ مرە، رابعە= رابە ـ رابلە، عبدالله= عەبە ـ عۆدە، محمد= حمە ـ حەمکۆ ـ حەمۆ، شریف= شەفە ـ شەفلەو...تاد

گەر تۆزێك ورد بینەوە دەبینین ئەم کورت کردنەوە ئاڵوگۆڕ ئامێزە هەر تەنیا و بە تایبەتیش ناوە عەرەبییەکان دەگرێتەوە و ناوی ڕەسەنی کوردی لەو دەستکارییە پارێزراون، ئەم دەستکاری و گۆڕین و کورت کردنەوەیەش هەر هەمیشە لە لایەن ـ دایك ـ ەوە ئەنجام دراوەو هیچ ئەندامێکی دیکەی خێزان و بنەماڵە دەستیان تێیدا نەبووە!لە هەمان حاڵدا ئافرەتی کورد وەکوو ژن و هاوسەر لە ژیانی هاوسەریدا هەرگیز ڕاستەوخۆ ناوی مێردەکەی خۆی نەهێناوە، بەڵکوو پێی گوتوە(باوکی منداڵەکان) یان ناوی

منداڵێکی وەرگرتووە و پێی گووتوە( باوکی ...) یان خود بەچەند وشەی وەکوو (ئەو) (هین) (یارۆ) (پیاوەکە) (کابرا) ئاماژەی پێ کردووە. لێرەدا چەند پرسیارێك قوت دەبنەوە کە پێموایە تا ئێستاش لە کۆمەڵی کوردیدا بیریان لێ نەکراوەتەوە و ژن و پیاوی کورد خۆی لە قەرەیان نەداوە، لەمەش خراپتر ئەوەیە کە لە جێی ئەو پرسیارانە و بەشێوەیەکی نائاگایانە خۆمان خافڵاندووە و هەندێ واتای سەیر سەیرمان بۆ ئەودوو دیاردەیە داتاشیوە وەکوو: ((شانازی پێکردن و پشت پێ بەستنە کە ئافرەت بە مێردەکەی دەڵێت باوکی منداڵەکانم))، ((ئافرەتی کورد شەرمنە و حەیامانعە))، ((لەخۆشەویستیەوەیە کە ناوی منداڵەکان کورت دەکرێنەوە))!و... کە ئەمانەیش تەنیا بیانوویەکن بۆ خۆفریودان و هەڵهاتن لە تاڵترین واقیعی ژیانی رابردووی کورد. با چاوێك بە پرسیارەکاندا بگێرین:

1- بۆچی ژنی کورد راستەوخۆ ناوی مێردەکەی ناڵێت و بانگی ناکات؟

2- بۆچی دایکی کورد ناوی منداڵەکەی کورت دەکاتەوە و دەسکاریی دەکات؟

3- بۆچی ئەو کورت کردنەوە و دەستێبردنە هەر تەنیا خۆی لەناوە عەرەبیەکاندا دەبینێتەوە ؟

4- بۆچی هەر دوو دیاردەکە زۆرتر روبەڕووی ژنی کورد دەبنەوە؟

گەر ئێمەی کورد بمانەوێ رابردووی خۆمان بناسین بۆ ئەوی بناغەی ئایندەمانی لەسەر دامەزرێنین، دەبێ هەست بەو راستیە بکەین کە ناو نەهێنانی مێرد لە لایەن ژنی کوردەوە وەکوو پیشاندەری مێژینەیەکی تاڵ و پڕ چەرمەسەری و دیرۆکێکی پڕ کەساسی و پێشێل کردن و سوکایەتی کردن بە ژنی کوردە و هەروەها نموونەی دەربڕینی هاواری لە ناخدا خنکاوی ناڕەزامەندیی ژنی کوردە لە بەرانبەر ئەو ستەم و پێشێل کاریە نامرۆڤانەیەی دوژمنانی کەرامەتی ئینسانی. کورت کردنەوەی ئاڵوگۆر پێ کراوی ناوی منداڵانیش پیشاندەری ئەوپەڕی رق و بێزاریی ژنی کوردە لەو ژیانە کۆیلە ئاسایەی بە

سەریدا سەپاوە و وەك مۆتەکە و شەوەیەکی درێو سەرسنگی گرتووە. ئەم کارە لە رووی خۆشەویستیەوە نەبووە بەڵکوو دژکردەوەی مرۆڤێکی دیل و دست بەستەیە بەرامبەر بە درندانەترین کردەوەی سەردەم. ژنی کورد نەك هەر مێردەکەی خۆش نەویستووە بەڵکوو وەکوو دێوەزمەیەك سەیری کردووە و کە بوویشە بە دایك، نەك هەر منداڵەکەی خۆی خۆش نەویستووە بەڵکوو وەکوو درکێك سەیری کردووە کە ریگای دەربازبوونی لێ تەنیوە.ژنی کورد دڵی بە ژیان خۆش نەبووە چوونکە بە پێچەوانەی خواستی خۆی بە سەریدا سەپێندراوە، ژیانی هاوبەش و هاوسەری بۆ ژنی کورد سیاچاڵێك بووە کە ئەمی تیادا نێژراوە تا توانەوەی یەکجاری! (دیارە لەم باسەماندا دۆخی ئەمڕۆی کوردمان مەبەست نییە بەڵکوو لە مێژویەکی دوور و درێژ دەدوێین واتا لە سەردەمێك کە مرۆڤی کورد خاوەنی کەلتوور و کەلەپوور و رۆشنبیری و شارستانیەتی گەشەداری خۆی بووە، خۆی بڕیاری داوە و چارەنووسی خۆی دیاری کردووە، سەربەست و بەختیار بووە کەچی لە پڕێکا دێوەزمەیەکی درێوی نەگریس بە سەریدا داوە و هەموو شتی لێ زەوت کردووە و تەنانەت ئینسانیەتیشی لێ ئەستاندووە و کەرامەتی پێشێل کردووە!) نەتەوەی کورد لە سەردەمی خۆیدا ( ئەو سەردەمەی کە وەحشیەت و بەربەریەت باڵی کێشابوو بەسەر هەست و نەستی زۆرترین بەشی مرۆڤایەتیدا ) نەتەوەیەکی دامەزراوی خاوەن کەلتوور و رۆشنبیری بوو، بایەخی بەشارستانیەت و ژیانی بە کۆمەڵ و چالاکی هەرەوەزی و گەشەی ئابووری و پێشکەوتی رامیاری دەدا و مافی چارەنووس بۆ تاك و کۆمەڵی مرۆڤ قایل بوو. خاوەنی خەت و نووسین و خوێندن و مێژوو و کەسایەتی خۆی بوو. کەرامەت بۆ مرۆڤ قایل بوو و تەنانەت گەلێك پێش ئەو سەردەمەی کە فەیلەسوفە یۆنانیەکان بە دڕدۆنگیەوە باسی ئافرەتیان دەکرد، گەلی کورد وەکوو مرۆڤ سەیری دەکرد و رێزی لێدەگرت و حورمەت و سەربەستی و کەرامەتی بۆ دادەنا. بە رادەیەك کە ئافرەت لەناو کورد دا رۆڵی پێشەنگ و پێشەوا و رێبەرایەتی دەگرتە ئەستۆ و کۆمەڵگەی پێشکەوتووی

بنیات دەنا. لەم پێوەندییەدا وەکوو نموونەی مشتێك لە خەرمان دەتوانین ئافرەتانی پایەبەرزی بواری رێبەرایەتی و سەروەری وەکوو: (مسریجان) (شاربانوو) (خورشید خاتوون) (ماەبانوو) (فەرەنگێس) و... بەرین کە هەرکام و لە سەردەم و شوێنی خۆیان لە هەوراماندا تا ئاستی سەرکردەیی و پێشەوایی رۆیشتوون و پێشەنگی گەلەکەیان بوون لە کاروانی سەرفرازی مرۆڤایەتیدا. بەڵام لە ساڵی 18ی کۆچی بە دواوە ئەم وڵاتە ئاوەدان و پێشکەتووە دەکەوێتە بەر چاوچنۆکی عەرەب و رۆژ بەرۆژو ساڵ بە ساڵ روبەڕووی هێرشی دڕندانەی داگیرکەرانی عەرەب دەبێتەوە و ئەو دەسدرێژیە و ئەم بەرخوردانە تا 318ی کۆچی درێژەی دەبێت کە لە ئاکامدا دوژمن زاڵ دەبێت و ئیدی کەساسی و پلیشانەوە و ئەنفال و تەعریب و پاکتاوکردنی نژادیی کورد دەست پێدەکات، ئەو هەموو یاسامەندی و رۆشنبیری و شارستانیەت و کەلەپوورە پێشکەوتوویە روو لە نەمان دەکات و وێرانستانێك جێی دەگرێتەوە بە حوکمێکی پڕ لە (ارعاب) و (ارهاب) و دڵڕەقی و چاوچنۆکی. سوپای عەرەب، سەرمەست و نەشە لە بادەی سەرکەوتن و داگیرکردنی ئەو بەهەشتە راستەقینەی سەرزەوی، بۆ دابڕین و دوور خستنەوەی گەلی کورد لە بنەڕەتی خۆی، بە ئەنفال و پاکسازی کەلتووری دەست پێدەکات و پاش ماوەیەك نە (ماریفەتی پیر) دەمێنێت و نە (ئەڤێستا) و نەهیچ داب و دەستوورێکی نەتەوایەتی و فیکری و ئیدی دەستوورێکی عەرەبی جێی هەموویان دەگرێتەوە. پاشان وەك قۆناغی دووەمی ئەنفال و پاکتاو کردنی نژادی، هێرشبەرانی عەرەب ئازاد دەکرێن کە هەرچی بەردەستیان کەوت وەك (غنیمە/ دەسکەوتی شەڕ) بۆ خۆیانی بەرن و ئەم ئەمرە نامرۆڤانەیە ژن و کچی کوردیشی دەگرتەوە. سەربازانی سووپای عەرەب هەروەك چۆن ماڵ و سامانی خەڵك دەدزن، ئاواش دەسدرێژی دەکەنە سەر شەرەف و ناموسیان و کچ و خوشك و ژن و دایك بە زۆری شمشێر لە کەس و کاریان دەسێنن و خۆیان وەکوو

ـ مێرد ـ بەسەریاندا دادەسەپێن. ئەم کۆپلە شیعرە بە جوانی بارودۆخی هەورامان پاش هێرش وداگیرکردنی عەرەب پیشان دەدات و راستیی قسەکانمان دەسەلمێنێ:

"هرمزگان رمان ئاتران کـــــوژان

هۆشان شاردەوە گەورەگەورەکان

زۆرکار ئارەب کردنا خـــــــاپوور

گنا ئی پاڵە هــــــــەتا شارەزوور

شــــــــەن و کەنیکا وەدیل بشینا

مــــــــەرد ئازا تلیا وە ڕووی هوینا"

واتە: {ئاتەشگەکان رووخان و ئاگرەکان کوژانەوە+ گەورەکان(موبد و موغەکان) هەڵاتن و خۆیان شاردەوە، زۆرکاری عەرەب خاپووری کرد+ لێرەوە (هەورامان) هەتاکوو شارەزوور، ژن و کچ بە دیل گیران+ پیاوە جەنگاوەرەکانیش خەڵتانی خوێن کران}.

لەوە بەدوا قۆناغێکی نوێ لە ژیانی ژنی کورد دەست پێدەکات: ژنی کورد لە هەوراماندا کە تا ئەو کاتە سەروەر بووە، وەکوو مرۆڤ سەیری کراوە، ڕێز و بایەخی پێ دراوە، خاوەنی ماف و کەسایەتی و دەنگ و چارەنووسی خۆی بووە، ئێستا دیلی هێزێکی دەشتەکیی بیابانگەڕی پێ پەتیی کەلە لماوییە کە هەمووشتی بۆ خزمەتی پیاو دەوێت و بە زۆری شمشێریش بۆی دەستەبەر دەکات. ژن بەلای ئەوەوە هەر تەنیا کەرەستەیەکی جوان و نەرم و نۆڵ و ڕازاوەیە کە خوا خەڵقی کردووە بۆ رابواردنی ئەو (پیاوی عەرەب) و چێژ و لەزەتی جنسی لێوەرگرتن و زۆرتر کردنی پیاوی جەنگاوەر بۆ سوپای داگیرکەر! لەم بارودۆخە هەرە ناحەز نالەبارەدا ژنی کوردی بە دیل گیراو دەکەوێتە بیری سەردەمی پڕسەروەریی لێ زەوت کراوی و بیر لە بەربەرەکانێ و بەرخودان دەکاتەوە، بەڵام چۆن؟ ئایا هیچ ئەقڵ و ئەندێشە و مەنتق و بیرێکی ڕووناك بەرگەی تیغی تیژی شمشێری پیاوانی سوپای عەرەبی عومەر دەگرێت؟!نا. ئەی ئایا دەکرێ، ئەو کە

سەردەمانێك پێشەنگی پیاوەتی و کەرامەت بووە لە ناو مرۆڤدا، سەر دابخات و چۆك دابدات؟ ئەمیش نا! تەنیا شتێك بۆی ماوەتەوە، نارەزایی دەربڕین و بەربەرەکانێ و تۆڵە کردنەوەیەکی ناڕاستەوخۆیە (مقاومەتی مەنفی)، تەنیا دەتوانێت رق و بێزاری لە مێردەزمە داسەپاوەکەی دەرببڕێت، خۆشی نەوێت و تەنانەت ناویشی نەهێنێت، بەمپێیە دەست دەکاتە گۆڕین و کورت کردنەوە و دەستکاریی ناوی مێردەکەی، واتە گەر ناوی مێردە عەرەبەکەی (علی)یە ئەم بە رق و بێزاریەوە پێی دەڵێ ـ عەلە ـ، گەر ناوی (ابوبکر)ە پێی دەڵێ ـ عەبولە ـ گەر(عثمان)ە پێی دەڵێ ـ عوسە ـ گەر (عمر)ە پێی دەڵێ ـ هۆمەرە ـ... یانخود ئاماژەی پێ دەکا بە وشەگەلی وەك: ـ ئەو ـ، ـ کابرا ـ، ـ یارۆ ـ و ...کاتێکیش کە منداڵی لێ دەبێت، کابرای عەرەب وەك باوك، وەك ( وەلی قەهر) و وەك خاوەنی بەدەسەڵاتی هەموو شت، ناوێکی عەرەبی لە منداڵەکە دەنێت،(ناوێك کە لەگەڵ فیکر و کەلتوری ژنە بەدیل گیراوەکەدا نامۆ و بێگانەیە!) ئەمیش هەر ئەو رێبازە درێژە پێدەدات واتە منداڵەکەی خۆش ناوێت و بە رقەوە ناوی دەبات و گەر ناوی لێنراوە( محی الدین) پێی دەڵێ ـ مەحە ـ گەر (محمد)ە پێی دەڵێ ـ حەمە ـ، حەمکە، حەمۆل ـ، گەر (عبدالله)یەپێی دەڵێ ـ عەبە ـ عەولە ـ یان گەر کچە و ناوی عەرەبی لێ نراوە (خدیجە) پێی دەڵێ ـ خەجێ ـ خەجە،خەجلە ـ گەر (فاتمە)یە پێی دەڵێ ـ فاتە ـ فاتێ ـ، گەر (امنە)یە پێی دەڵێ ـ ئامە، ئاملە، ئامێ ـ و ...... بەمچەشنە هەم رق و بێزاریی خۆی سەبارەت بەو ژیان و بنەماڵەیە دەردەبڕێت و هەمیش تێدەکۆشێت وشە و ناوەکانی قاموسی بێگانە بسڕێتەوە، دواتریش هەر بە یەکجاری ناوی مێردەکەی دەشارێتەوە و دەڵێت (باوکی منداڵەکان)...، ئەمەش لاپەڕەیەکە لە مێژووی کەسایەتیی بەرز و رۆشنبیری ژنی کورد و هەرواش لەم رۆژگارەدا فاکتەرێکە بۆ وەبیر هێنانەوەی دەسدرێژی و وێرانگەری و داگیرکاریی دوژمنانی کورد و ئەو ئەنفالە دڕندانەیەی کە هەر لە 18ی کۆچیەوە دژی کورد دەستی پێ کراوە. پێموایە

ئەو چەند تەعبیرە، یان ئەو دابی ناو گۆڕینە دەبێ هەردەم زیندوو بهێڵرێتەوە بۆ ئەوەی ژنی کورد تێبگات و فەرامۆشی نەکات کە لە لایەن دووژمنانەوە چیی لێکراوە و چۆن چەوسێنراوەتەوە یانخود چی و کێ بوەتە هۆی داڕوخانی ئەو هێز ونرخ و بایەخ و پلەوپایەیەی کە ژنی کورد لە بەرەبەیانی مێژوودا لە ناو کۆمەڵگەدا هەیبوو. پێویستە ئافرەتی کورد بە خۆیدا بچێتەوە و ئەو مێژووە رەشە بکاتە پەند و سەرمەشقێك بۆ دۆزینەوەی - خود - ی ون بووی و پاشانیش بۆ بەربەرەکانێ و بە گژا چوونی پاشماوەی ئەو دیاردە ئاڵۆز و ناوازە و دزێوەی کە وەکوو مۆتەکە بە سەریدا داسەپاوە و، دەرك بەو راستیەش بکات کە ئازادی و سەربەستیی ژن هەر لە دەستی خودی ژندایە و کەس پێشکەشی ناکات بەڵکوو دەبێ بۆی بجەنگێت و تەنانەت قوربانیی بۆ بدات تا بە دەستی بهێنێتەوە. بەو هیوایەی ژنی ئەمڕۆی کورد بە شۆڕشێکی هەمەلایەنەی رۆشنبیرانە لە کۆت و زنجیر و دەسبەسەری و دەست بەستەیی رزگار ببێت و خۆی مافی دیاریکردنی چارەنووس و هەڵبژاردنی هاوسەر و پێکەوە نانی خێزان و ژیانی هاوسەریی خۆی مسۆگەر بکات و لە هەر چەشنە هەڕەشە و مەترسیی دەسدرێژیەکی مێشك بەتاڵانە بپارێزرێت.[13]

[13] ئەم بابەتەم لە سەر داواکاریی بەڕێز د. کوردستان موکریانی بۆ یەکەم ژمارەی گۆڤاری (شاوشکا) نوسی و هەر لە هەمان گۆڤاردا ( ژمارە 1ی جۆزەردانی 2001) بڵاو کرایەوە بەڵام بە دەست کاریەکی تەواو بە جۆرێك کە پەیام و ناوەرۆکی راستەقینەی خۆی لە دەست دابوو!

**دەلاقەی شەشەم:**

***بۆ گێڕانەوەی مێژوو، ڕاستگۆیی و شارەزایی پێویستە***

لە لاپەڕە 233 ـ 238ی ژمارە 66ی گۆڤاری راماندا بابەتێکم خوێندەوە بەناونیشانی ((هەڵچوون و داچوونی خواوەندان لەچاخی پولی تێئیسم دا)):

چەند پەرەگرافێکی ئەو بابەتە سەرنجی راکێشام و هەستم کرد نووسەر لەچەند جێگادا تووشی هەڵە بووە بۆیە بەپێویستم زانی هەوڵی راستکردنەوەی هەڵەکان بدەم تا ئاسۆی روانینی خوێنەری کورد رۆشنتر بێت و (راستی)ش وەك خۆی پیشان بدرێت و مێژووی کۆن مافی خۆی بدرێتێ.

یەکەم، لەستوونی دووەمی لاپەرە233 دێڕی (18)دا نووسراوە:(( ئێرانیگەل پێش هاتنی دەگەڵ هیندووەکان، خواوەند گەلێکی جۆربەجۆریان دەپەرست،...)) ئەم رستەیە ناتەواوە و هیچ زانیاریەك ناداتە دەستەوە و دەبا بنووسرابا:

((ئێرانیەکان تا پێش سەرهەڵدانی(زەردەشت و ئایینی ئاهوورایی)) لەگەڵ هیندۆسەکاندا خواوەندگەلێکی جۆر بە جۆریان دەپەرست). دەبینین دەستە واژەیك کە واتای رستەکەی پێوەبەندە و دەبوو لەنێوان (پێش هاتنی) و (دەگەڵ...)دا بنووسرابا لەبیر چووە و هەرئەمەش پەیامی رستەکەی سڕیوەتەوە.

دووەم، لەستوونی دووەمی لاپەڕە 234دا باسی (مەلەك تاووس) دەکات و لەکۆتاییدا دەڵێ:((...هەروەها پێوەندی و هاوشێوەیەکی زۆر لە نێوان ئەو (مەلەك تاووس) وئاهوورا مەزدا دەبینرێ)) لێرەدا پێویست بوو نووسەر روونکردنەوەیەکی لەمەڕ ئەو پێوەندی و لیکچوونە هەبووبا کەچی خۆی لێ لاداوە، ئەویش ئەوەیەکە ئایینی ئیزەدی بەشێکی جیاکراوە و دابڕاوە لە ئایینی ئاهوورایی کەپاش دابڕان و لادان لەو ئایینە هەندێ تایبەتمەندی و ناونیشان و یاسا و رێسای جیاوازی لەخۆی گرتووە و لەگەڵ

ئەوەشدا نەیتوانیوە هەربە تەواوەتی لەبنەڕەتەی دابڕێت، بۆیە دەبینین ئەو چەشنە پێوەندی و لێکچوونە لە زۆر بواردا بەدیدەکرێت و ئەویش کاریگەری گەوهەری بنەماکەیە کەبەسەریەوە ماوەتەوە، ئەم بۆچوونە بۆ ئایینی (ئەهلی هەق)یش هەربەم شێوەیە دەردەچێت.

سێیەم، لەستوونی دووەمی لاپەڕە235دا باسی وشەی (درۆزن) دەکات و بەناوی دێوێك دەیناسێنێ. دبێ بلێم دێو و درۆ لەئایینی زەردەشتدا دووشتی جیاوازن، دێو لەئاڤێستادا یەك ناوی گشتی هەی (دەئێڤە) کە بۆ هەموو دێوەکان بەکار دێت. دێو بکەرە (فاعل) بەڵام درۆ کار (فعل)ە. پاشان دروجی نییە بەڵکوو (دورڤەج)ە ئەویش نەك بەواتای درۆزن بەڵکوو بەواتای (درۆ)، درۆزن دەبێتە (درەگڤەنت) و درۆخواز دەبێتە (درەگڤائو) و خودی درۆ دەبێتە (دورڤەج) و ئەویش بەرنامەی دێوەکانە بۆ فریودانی مرۆڤ وتێکدانی ژیان. لەئاڤێستادا دەڵێ (دێوی درۆ) واتە ئەو دێوەی کە درۆ (ئامێری فریودان) بەکار دێنێ.

چوارەم، لەستوونی سێیەمی هەمان لاپەڕەدا باسی وشەی مەزن دەکات و دەڵێت:

((... لەئاڤێسادا(mazen) بەمانای گەورەیە کەلە ئەسڵدا پەسەندی بڕێك لەدێوەکانی هەیکەلی و ترسێنەرە)). مەزن واتە گەورە، پیرۆز، وشەیەکە لە ریشەی (مەزدا) وەگیراوە و هەرتەنیاش وەکوو سیفەتێك دەدرێتە پاڵی یەزدان _ خودا_ نەك بۆ دێوی گەورە، کە دڵێن ئاهوورای مەزن یا یەزدانی مەزن واتە ئاهوورا یا یەزدانی گەورە و پیرۆز، لێرەدا وشەی گەورە بە مەبەستی زل و زەبەلاح نەهاتووە بەڵکوو واتای باڵادەست و بەتوانا دەگەیەنێت.

پێنجەم، لەستوونی دووەمی لاپەڕە 236دا باسی وشەی (جەهی) دەکات و دەڵێت:((... بە پێی ئەفسانەگەلی زەرتوشتی ژنەکان لەئەوە (جەهی) پێکهاتوون...)) و ئاماژەشی بەوە داوە کە لە بەرهەمێکی (میهرداد بەهار)ی وەرگێڕاوە.

دەبێ بڵێم لە ئایینی زەردەشتیدا ئافرەت شانبەشانی پیاو سەیر دەکرێت و بە مرۆڤ ناودەبرێت و رێز لێدەگیرێت و نەك هەر سەرچاوە و ئامێری خراپە نیە بەڵکوو بەسەرچاوەی داهێنان و خۆشەویستی و راستی دادەنرێت و هیچکات هیچ سوکایەتی یا بەکەم زانینێك لە ئایینی ئاهوورایيدا روبەڕووی ژن نەبۆتەوە و سەرچاوەی مرۆڤیش دەگەڕێتەوە سەر (مەشی و مەشیانە) کە دواتر لە عەرەبیدا بوونەتە (ئادەم و حەوا)، ئەوەندە هەیە کە وەك چۆن پیاوی راستگۆ و پیاوی درۆزن یانخود پیاوی چاك و پیاوی خراپ هەیە، ئەم رێسایە بۆ ئافرەتیش دەوری هەیە، واتە ئافرەتی چاك و ئافرەتی خراپیشمان هەیە کە سیفەتی (جەهی یا جەهیکا) بۆ ئافرەتی خراپ و سیفەتی (نائیری یا نائیریکا)ش بۆ ئافرەتی چاك بەکار دەبرێت. ئەوەش بڵێم کە (مێهرداد بەهار) بۆ قسەکەی، پشتی بەهەندێ ریوایەتی سەرزارەکیی ناو ڕەمەکی جەماوەری زەردەشتی بەستووە و بەداخەوە وەکوو لێکۆڵەرێك لە لێکۆڵینەوەکانیدا خاوەنی وردبینی نەبووە و زۆرجار خۆی تووشی هەڵە کردووە، بۆ وێنە من لە شوێنێتردا لەسەر (باباتاهیری عوریان)ەکەی ئەوم نوسیوە و هەوڵمداوە هەڵەکانی راست بکەمەوە. (مەبەستم لە هێنانەوەی ئەم بەشەش ئەوەیە کە ناتوانین بۆ لێکۆڵینەوەی مێژوو بەتەنیا پشت بەقسەکانی ناوبراو ببەستین و بڕوایان پێبکەین).

شەشەم، لە دێڕی12ی ستوونی یەکەمی لاپەڕە37دا دەڵێت:(( هورموز یا ئاهوورامەزدا کە هاوکات لەگەڵ ئەهریمەن لە لەشی (زروان)ەوە لەدایك بوونە و دەسەڵاتی دنیای بەدەستەوە گرت))؟!!

کەسێك کە بابەتێکی مێژوویی دەنووسێت، ئەرکێکی گرانی لەسەرشانە و دەبێ هەست بە بەرپرسیارێتی بکات و بە قووڵی بچێتە ناخی مەسەلەکانەوە و بیانخاتە ژێر تیشکی سەرنج و نیگایەکی وردبین و راستیخوازانەوە تا تووشی هەڵە نەبێت و نەبێتە هۆی ئاوەژوو کردنی راستییە مێژووییەکان. دەبو کاك حەیدەر ئەو راستیەی بزانیبا کە مەزدا

ئەهوورا خواوەندە، یەزدانە، خالقی ئەزەلی و ئەبەدیە و لەدایك نەبووە و نەخولقاوە ئەویش هاوکات لەگەڵ ئەهریمەندا!!! نووسەر تووشی هەڵەیەکی زەق و گەورە و چەواشەکارانە بووە، ئەمە جگە لەوەی کەناوی کورت کراوەی مەزدایشی هەربەهەڵە نووسیوە، واتە نووسیویەتی (هۆرمۆز)) کەچی راستیەکەی (هورموز) یانخود (هورموزد)ە کە کورت کراوەی ئەهوورامەزدایە. پاشان نووسەر ئەو راستییەی لەبیر کردووە کە ئەهریمەن لەئاڤێستادا (ئەنگەرەمینو)یە و نەك لەگەڵ ئاهوورا مەزدا، بەڵکو هاوکات لەگەڵ (سپەنتامینو)دا بەدی هاتوون و بەدوو هەمزادی دووانە ناو دەبرێن کە یەکیان پاك و پیرۆزە و یەکیان خراپ و نەگریس، ئەنگەرەمینو واتە رۆحی شەڕ(ناپاك) و سپەنتامینو واتە رۆحی خێر (پیرۆز) ئەم دوو هەمزادە هەمیشە لەشەڕدان تا لەئەنجامدا سپەنتامینو بەسەر ئەنگەرەمینودا سەر دەکەوێت و شەڕ و ناپاکی کۆتایی پێدێت. ئەمە و، نووسەر تووشی هەڵەیەکی زەقتریش بووە کە ئەویش هێنانە ئارای (تناسخ) و تێکەڵ کردنی ئایینی زروانی و زەردەشتیە لە حاڵێکدا ئایینی زەردەشت دژی ئایینەکانی زروانی و میترایی سەریهەڵدا و یەك لەو دیاردانەش کە لەواندا هەبوو و زەردەشت پوچەڵی کردەوە، هەمان بڕوا بە(تناسخ)ی ئەرواح بوو. ئیدی چۆن دەبێ لەخۆمانەوە و ناهوشیارانە مێژوو بشێوێنین و مەزدا بەزادەی زروان و هەمزادی ئەهریمەن بزانین و شتێك کە زەردەشت پشتی لێکردووە بیساوینەوە بەسەر ئایینی ئاهوورراییدا و ئەو قوودسیەت و پیرۆزییە بەو ئوسلوبە ناشایستە پێشێل بکەین؟!

حەوتەم، لەستوونی دووەمی هەمان لاپەڕەدا دەقی شیعرێکی هەورامی کۆنی بە نموونە هێناوەتەوە و بەمجۆرەی نووسیوەتەوە:

((هورموزگان ڕمان ئاتران کوژان

وێشان شاردەوە گەورەی گەورەکان

رەوش زەروەشتەر مانەوە بێ کەس

بزيكانيكا هورموزد وه هيچ كەس))!

نازانم نووسەر ئەم دەقەی لەكوێ و لە كێ وەرگرتووە، ئەوەندە دەڵێم شێواندوويەتی و تێيدا تووشی هەڵە بووە، لێرەدا دەقی دروستی شيعرەكە دەنووسمەوە:

((هورمەزگان ڕمان ئاتران كوژان
وێشان شاردەوە گەورە گەورەكان
زوركار ئارەب كردنا خاپوور
گنا ئيپاڵە هەتا شارەزوور
شەن و شەنيكا وەديل بشينا
مەرد ئازا تليا وە ڕووی هوينا
ڕەوشت زەردەشت مانۆ وە بێ كەس        بزيكا نيكا هورموز وەهيچ كەس))

دەربارەی ئەم شيعرە، هەرئەوەندە دەڵێم كە سەرەڕای هەموو ئەو قسانەی لەبواری زمانەوە لەسەری كراون، ئاوێنەيەكە بۆ پيشاندان و نواندنی قۆناغێك لە مێژووی نەتەوەكەمان كە بەداخەوە لەم مەجالەدا ناگونجێت و دەخوازێ بەجيا باسی لەسەر بكرێت و هيوادارم لەدەرفەتێكی ديكەدا ئاوڕی لێبدەمەوە و لەسەری بنووسم.

دێمەوە سەر هەڵەيەكی زەقی خودی گۆڤاری ڕامان، هەڵەيەك كە چەندين جار لەچەندين ژمارەی ئەو گۆڤارە بەرێزەدا دووبارە بۆتەوە و بۆ خۆم چەند جار لەگەڵ هاوڕێيانی ڕاماندا باسم كردووە و پێم ڕاگەياندوون كە ئەم هەڵەيە ڕاست بكەنەوە، كەچی بەداخەوە هەر لەسەری ڕۆيشتوون و دوايين جار هەرلەم بابەتەی كاك حەيدەردا تووشی بوونەتەوە، ئەو هەڵەيەش وێنەيەكە لە لاپەڕەی 235ی ڕاماندا چاپكراوە و لە ژێريدا نووسراوە ((ئەهورامەزدا))! ئەمەش لە ڕاستيدا هەڵەيەكی زەق و ناحەزە و ڕاستەقينەيەكی ئاشكراش ئاوەژوو دەكات، سەرەڕای ئەوەی كە هانی هەندێ مێژوونووسی مێژوو نەناس

و ناحەز دەدات کە زۆرتر و ڕاشکاوانەتریش مێژووی ڕاستەقینەمان ئاوەژوو بکەن و بکەونە تانە و توانج و سووکایەتی کردن بە ئایینێکی پیرۆزو دێرینی مرۆڤایەتی کە وەکوو ڕچەشکێن و پێشەنگ و سەرقافڵەی هەر هەموو دینە یکتا پەرستەکان و وەك یەکەمین قوتابخانەی ڕاستی و پاکی و هەستی مرۆڤایەتی، دەبێ شانازیی پێوە بکرێت و ببووژێنرێتەوە. لێرەدا بۆ ڕوونکردنەوەی فەلسەفەی ئەو وێنەیە و ئاشنایی زۆرتری خوێنەری کورد لە گەڵ ئەو هێمایەدا {حەزیش دەکەم بۆ دواجارو هەمیشە بێت} !

دەڵێم: ئاهوورا مەزدا ناوی پیرۆزی یەزدان (خواوەند، خالق)ە لە ئایینی پیرۆزی ئەشوو زەردەشتدا. ئایینی پیرۆزی زەردەشت وەکوو یەکەمین دینی یەکتا پەرستی باسی خوای تاقانەی هێنایە گۆڕێ و ناوی ئەو خالقە تاقانەیەشی ئاهوورا مەزدایە بە واتای سەروەری زانا و دۆستی مەزن. دیارە خواوەندی تاقانەش نە وێنەی هەیەو نە سیمای مادی، ئەهوورا مەزدا نە خوای دەسکردەو نە یەکێکە لە چەندین خوای یۆنانی و نە (بت)یشە تاوەکوو پەیکەرەو ڕەسم و سیمای مادیی هەبێت. ئەو وێنەیەش کە بە داخەوە بە ناشارەزایی دراوەتە پاڵ ئەهوورا مەزدا، لە ڕاستیدا سیمبول و هێمایەکی پیرۆزی ئایینی زەردەشتییە کە پێی دەگوترێ (( فرەوەشی یانخود فرەوەهرە)) کە ئەویش هەمان بەشی مینوویی (غەیرەمادی)ی گیانلەبەرانە و دواتر لە ئیسلامدا بۆتە (ڕۆح)، فرەوەشی هەمان (ڕەوان)ی مرۆڤە و واتای هەڵگر و پارێزەر دەدات کە فەلسەفەیەکی تایبەتی بۆ دانراوە و بۆ پیشاندان و شیکردنەوەی ئەو پەیام و فەلسەفەیەش بە پێی سێ بنەمای ڕەسەنی زەردەشتی ئەو پەیکەرەیەی بۆ دروست کراوە. ئەگەر بە وردی سەرنجی پەیکەرەی فرەوەهرە بدەین دەبینین: مرۆڤێکە بە کەڵلەسەر و دوو باڵ و دوو قاچەوە، هەڵقەیەکی بچووك بەڕواڵەت لە دەستی پەیکەرەکەیەو هەڵقەیەکی گەورەش لە کەمەریدایە، هەرکام لەو نیشانانەش واتایەکی هەیە کە لێرەدا زۆر بە کورتی و وەك ناساندنێکی سەرەتایی ئاماژەیان پێدەکەم:

{سەر، (ئەندێشەی چاك)+ باڵی ڕاست، (كرداری چاك)+ باڵی چەپ، (گفتەی چاك)+ هەڵقەی گەورەی كەمەر، (جیهانی بوون)+ ئەڵقەی بچووكی ناو دەستی، (مرۆڤ)+ هەردوو قاچی(ئەهریمەنی درۆ). بە گشتی واتە مرۆڤ بە ئەندێشەو گفتە و كردەی چاك بۆ پاراستنی خۆی و ئاوەدانیی جیهان دەكۆشێت و ئەنگەرەمینو و دێوی درۆ و وێرانی پێشێل دەكات و لە نێوی دەبات و بەمچەشنە ژیان پڕ دەبێ لە بەختیاری و مرۆڤ دەگاتە قۆناغی كەماڵ و پێگەیشتوویی و ژیانی بەختەوەر و هەتایی دەستەبەر دەكات كە ئەویش یەكێكە لە باشترین بەخششەكانی ئەهوورا مەزدا بە مرۆڤی چاك و پێڕەوی ڕاستی و هزر و ئەندێشەی چاك و خۆشەویستی} . كەوابوو پێویستە وردتر و ژیرانەتر بیر لە شتەكان بكەینەوە و هەوڵ بدەین ڕاستییەكان وەك خۆیان بنوێنین و هەوڵیش بدەین ژیرانە و دڵسۆزانەتر ڕاز و ڕەمزی هەرە قووڵ و دێرینەی كەلەپوورو كلتووری خۆمان دەربخەین و زیندوویان بكەینەوە و نەوەكانی دواتریشمان لە سەریان ڕا بهێنین. پێویستە ئەوەش بڵێم كە وەكوو گوتم زۆر بە كورتی ئاماژەم پێكرد چوونكە بە دوورودرێژی لە بەرگی یەكەمی ئاڤێستادا لە سەریم نووسیوە كە هیوادارم زووتر درزێكی بۆ بكرێتەوە تا ڕووناكایی چاپ و بڵاو بوونەوە ببینێت و ببێتە هۆی ئەوەی كە خوێنەری ڕۆشنبیری كوردیش زۆرتر و باشتر مێژووی دێرینی خۆی بناسێتەوە.

مەزدا ئەهوورەی مەزن و ئەشوو زەردەشتی وەخشوەر یاوەرمان بن

هەولێر، 2001/12/13

**دەلاقەی حەوتەم:**

**مەحشەری کوبرا:**

"... بـــــــۆ ئەبێ ئێمە لە بستە خاکێ

هەموو دەم ڕەو کەین لە دەست زوحاکێ"

هەروەکوو زۆربەی زۆری هاولاتییەکانم، ئەو هاولاتییە بێ وەفا و فەرامۆشکارو ئەمەگنەناسانەی کە هەرگیز دڵ و دەروون و هەست و هەناسەیان لە تاوی دۆزەخەکەی کاتژمێر ($11$)ی ڕۆژی ڕەشی $16$ی ئاداردا گڕی نەگرتووەو ڕانەچڵکیون، ئەو کوردە لە خۆ بێگانە بووانەی کە هەردەم مەحشەرێکیان بۆ ساز دەدرێت و ناشزانن بۆ چی و تێنافکرن کە کێی لە پشتەوەیە، ئەو هاولاتییانەی کە هێشتاش بە قووڵی بیریان لەوە نەکردۆتەوە کە بۆ چی قڕ دەکرێن و هێشتاش نایانەوێ (ببنە لم و بچنە ناو پارووی نان)ی قڕکەران و هەنووکە ڕا نەهاتوون و ناوێرن (شایی قڕکەرانیان بکەنە شین و لە پرسەکانیاندا کاسیان بکەن بە پێکەنین)، ساردو سڕ و بێ سەرنج و بێ موبالات پێدەکەنیم. قیڕەی ناوادەی بڵندگۆی مزگەوتەکان سەرسامیان کردم، نیگام سەرگەردانی دوای وەلامێك بوو بۆ پرسیاری ((ئەم بانگە ناوادەیە چییە؟))! منداڵەکانم ڕا چەنین و سەیرێکی پڕ لە بێزاریی کاتژمێرەکەیان کرد و بە هەناسەیەکی ساردەوە گوتیان: (( ئا...ی کاتژمێر یازدەیە))! بیستنی ناوی ـ$11$ـ هەمان و ڕاچەنینی شەرمەزارانەی ناخی وجوودم هەمان، پرمەی گریانی خنکاوی ناو هەست و نەستم گێژ و وڕی و بێ سەروبەریی پێکەنینەکانی شلەژاندم، شەیپووری شیوەنم بەرز بوویەوەو چوار دیواری ژوورەکەم دەنگی دایەوە، لە وەلامی پرسیاری کچە ساواکەم (کانی)دا کە:

"بابە...دایە... بۆچی لە پڕ داتانە پرمەی گریان؟!" (هێمن)م هێنایە دەنگ:

"شیوەنی من شینی کوردی بێ بەشە

ئەو گەلەی حاشا دەکەن لێی و هەشە"

سەرکز و کلۆڵ و داماو و داڕماو، نوقمی بیرێکی کوشندە و هەژێنەر بووم: بە ڕاسی ئێمە کێین، چیین، خۆمان بە چی دەزانین، بۆچی هێندە خوماری (هێرۆیین)ی نەزانی و کاسی دەهۆڵی نامۆیین؟! ئێمەی کورد بە قسەی توانج ئامێزی پیرەژنەکان، بۆچی ئەوەندە (کورتین)؟ هۆی چییە کە ئێمە هەر ئەوەندەبیر لە ــ ئاو ــ دەکەینەوە کە ــ تەڕ ــ بووینە، هەر ئەوەندە ــ سەرما ــ مان لە بیرە کە هەڵدەلەرزین، بەڵام هەرکە وشك بووینەوە و گەرم داهاتین نە ئاو دەناسین و نە سەرمامان لە بیر دەمێنێ!ئێمەی کورد بۆچی دەبێ ئەوەندە ساکار و ساویلکەو فەرامۆشکار بین کە تەنانەت گەورەترین و جەرگبڕترین کۆستی خۆمان بە کەمترین کات لە یاد بەرین و بچینەوە پاڵ ئەوانەی کۆستەکەیان خستووین و ساویلکانە بە دەمیانەوە پێ بکەنین؟! لە درێژەی مێژووی پڕ چەرمەسەری و کارەساتماندا هەزاران کۆستمان کەوتووە و سەدان هەزار جار چزێنراوین، کوژراوین، دەرکراوین، گاڵتەو سووکایەتیمان پێ کراوەو هەر بە خۆمان نەزانیوە! بەڵام کۆستی ئەمجارەمان گەورەترو جەرگبڕتر بوو لەوەی کە هەرگیز لە هیچ دڵێکدا فەرامۆش بکرێت. ئێمە لە ڕۆژی ڕەشی 16ی ئاداری 1988دا حەشرمان پێ کرا، خراینە مەحشەرێکەوە کە کوبراترین مەحشەری کوبرا بوو. ئێمە لەو ڕۆژە ڕەشەدا بە بێ هیچ بڕوبیانوویەکی وەك جاران و هەر بە بزاوتنی حەزی سادییانەی پیاوکوژ و خوێنمژ و زوحاك سیفەتێکی عەرەب و ڕوو ڕەشێکی ڕسوای مێژووی مرۆڤایەتی قڕ کراین! بە فەرمانی نەخۆشێکی ڤایرۆسی شۆڤینیسمی عەرەبی و بە بەرچاوی زەق نواڕ بەڵام کوێری هەر هەموو مرۆڤی جیهانەوە مەحشەرێکی کوبرامان بۆ ساز درا، مەحشەرێك نەك بۆ زیندوو بوونەوە بەڵکوو بۆ مردن و قڕ کران و سڕینەوە! ئێستاش هەندێکمان کە کەمتر فەرامۆشمان کردووە گلەیی لە هەموو جیهان دەکەین کە چاوی لە ئاستی ئێمە و ئەو مەحشەرەدا نوقاند، تووك لە دەوڵەمنانمان دەنێین کە لەو حاڵەشدا هەر خەریکی شاردنەوەو پاساو هێنانەوەو... بوون! لە بیرمان نەچۆتەوە کە تورکی دوژمنی

دێرینەمان، ئەو هۆزە دڕندە کەمالییە، ئەفسەرو پزیشکی خیانەتبارو ڕەگەز پەرستی خۆی ناردن تا مەرگەساتی گەلەکەمان لە نزیکەوە ببینن و شاگەشکە بن! هاتن و دیتیان و قاقا وەك دێوی درزێوی درۆ پێکەنین و لە ژێرەوە جوانترین شاباش و پیرۆزباییان ئاراستەی هاوبیرو هاومەرام و هاوکارە عەرەبەکەیان کرد و لەو لاشەوە بەو پەڕی بێ شەرمی و ڕسواییەوە زوڕنای درۆ و فریویان ژەند کە: (( نەخێر... شتی وا نییە... سەدامی براو دۆستمان هەڵەی وای نەکردووە... کوردەکان خۆیان درۆ دەکەن و...))!! ئەو هۆزە وەحشی و دڕندەیەی کە هەر ئەم کاتژمێر ـ11ـ ی ئەمڕۆش ڕادیۆی کلکەکەیان لێرە، لە هەولێر، لە خۆشییاندا خەریکی قۆڕیاتە قۆڕەکەی خۆیان بوون و لە بری ئێمە ئەوان شیوەنەکەمانیان بە پێکەنینی هارو شێتانەی خۆیان کاس دەکرد!! هەروەها فەرامۆشمان نەکردووە کە کۆمەڵگەی تا کەللە چەقیوی ناو لماوی ـ دۆگماتیزم ـ ی عەرەبی لە بەرامبەر تاوانە ڕسواکەی ڕۆڵەکەیدا، خۆی کەڕو لاڵ کردو لە ژێرەوەش دەستی بە سەریدا کێشا کە: (( ڕۆڵەی باپیرتی، میراتگری ئازیزی هەر هەموومانی، پیرۆز بێ لە تۆو لە خۆشمان ئەو شاکارە عەرەبییەت))!! بەڵێ، هەندێکمان ئەوانەمان لە بیر ماوەو ئەوڕۆ لە ناخی دڵەوە شیوەن دەگێڕین و حەسرەت دەخۆین کە بۆچی زۆربەمان بێهۆش و فەرامۆشکارین؟! بۆچی هێندە زوو شتەکان لە بیر دەکەین و بۆچی هێشتاش هەر لە دەرد و نەخۆشیی ساویلکەیی و گەمژەیی ڕزگار نەبووینە؟!

لە یەك ئان و سات دا جەژن و شایی سەری ساڵی تازەو لە دایکبوون و نوێ بوونەوەمان خەڵتانی خاك و خوێن کرا و هەزاران کەسمان لێ کوژران و دەیان هەزارمان بریندار و زەلیل و سەدان هەزاریشمان ئاوارەو سەرگەردان کران، کەچی ئەمڕۆ، پاش 14 ساڵ کە بە سەر ئەو وەحشیگەرییەدا تێدەپەڕێت و دوای زۆرتر لە 10 ساڵ کە دەڵێین بە ئازادی و سەربەستی دەژین، هێشتاش ناوێرین ناوی بەدناوی ئەنجامدەرە وەحشییەکەی بهێنین نەوەك خوانەخواستە لێمان بتۆرێت و...!! هێشتاش هەر ئامادەین ساویلکانە گوێ بۆ

قەرائەتی قۆڕیاتی ئەو دێوەزمە کەڕو کوێر و نەگریسە شل بکەین و تەنانەت دەستی چەپەڵی بگوشین، ئەو دەستە ڕەش و چەپەڵەی کە تا بنباڵی گەنیوی سوورە لە خوێنی ئێمەدا!!

وا هەست دەکرێ کە ساڵ بە ساڵ یادی ئەو کۆکوژییە بچووکترو بەرتەسکتر دەکەینەوە تا ئاستی خوێندنەوەی چەند وتاری ڕەسمی و داگیرساندنی مۆمێك و پارچە مۆسیقایەك، ئەویش لە هۆڵێکی بچکۆلەدا، وەك بڵێی (یاد کردنەوە لە ژێر لێفەدا)! و ئیتر ڕۆ ناچینە ناو ناخی مەسەلەکەو بیر لەوە ناکەینەوە کە گەرچی هەموو مێژوومان هەر کارەسات و چەرمەسەری و مەرگ و ئاوارەیی بووە بەڵام کوشندەترین و جەرگبڕترین کۆستی سەرتاسەری مێژوومان هەمان خنکاندنی هەڵەبجەیە، نازانین یاخود ناوێرین دەنگ هەڵبڕین و هاوار بکەین: ((ئا..ی هەموو مرۆڤایەتی... کۆستی هەڵەبجە ـ تانە ـ یەکی هەرە ڕەشە بە نێو چاوی گرژو مۆنتەوە! کۆستی هەڵەبجە دڕکێکی ژاراوییە لە ناو باخچەی ڕەنگینی فرو فیشاڵەکەتدا! کۆستی هەڵەبجە زڕاندنی ناوی ڕسوای لۆژیك و ڕووخاندنی دیواری ئەستووری شارستانیەت و هەستی سڕی مرۆڤایەتیتە! نازانین یاخود ناوێرین ڕۆژی ڕەشی 16ی ئادار بکەینە (ڕۆژی شەهید) و لە کاتژمێرە نەحسەکەی ـ11ـ ی ئەو ڕۆژە ڕەشەدا لە بڵندگۆی هەموو مزگەوت و... ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و شەقام و کۆڵان دا زایەڵەی (چەمەری)ی شیوەن و ناقووسی مەرگ بەرز بکەینەوەو گوێی هەموو مرۆڤایەتیی پێ سڕ بکەین و ئەو ڕۆژە بکەینە نەك پشووی ئیداری بەڵکوو ڕۆژی مانگرتن و دەست لە کار کێشانەوەی گشتیی کورد بە نیشانەی دەربڕینی ڕق و بێزاری و پرۆتستۆ کردنی هەموو شاڵاوە قڕ کەرانەکانی دوژمنانمان. شتێك کە وەکوو پرسیار ئازارم دەدات و وەڵامەکەی نادۆزمەوە ئەوەیە کە: ئایا ناکرێ ئەو ڕۆژە ڕەشە وەکوو ڕۆژی ماتەمینی و تەقینەوەی ڕق و بێزاریی هەموو کورد بە ڕووی دوژمنانی ڕاستی و مرۆڤایەتیدا بەرجەستە بکەینەوە؟ ئایا ناکرێ لەو ڕۆژەدا لە جیاتی کۆڕێکی بچووك و چەند وتاری

ڕەسمی و... خزمەتێکی باشتری بنەماڵەی شەهیدەکانمان و بارو دۆخی هەڵەبجەی شەهید بکەین و ناوی بەدناوی ئەنجامدەرە ڕسواکەی ئەو کارەساتە وەکوو مرۆڤکوژ و تاوانبار بخەینە بەردەم دادگای نێو دەوڵەتی و داکۆکیش بکەین لە سەر تۆڵە لێکردنەوەی و قەرەبوو کردنەوەی ـ مادی ـ ی ئەو هەموو زەرەر و زیانە گیانی و ماڵی و...ەی کە لە میللەتەکەمانی داوە؟! بۆ و لەبەرچی ناکرێ، ئەگەر سەرکردە و مەسئوول و بڕیار بەدەستە سیاسیکارەکانمان بیانەوێ؟!

دەبا خێرەتێك بدەینە بەر خۆمان و ئەم ترسنۆکی و ـ تەقیە ـ نەزانانەیەی ئێستامان وەلا نێین و بە هەموو جیهانیش ڕابگەیەنین و بیسەلمێنین کە: هەڵەبجە سیمبولی هەموو کوردەو دیکتاتۆری خوێنڕێژ و فاشیی بەغدا بە جارێك هەموو کوردی قڕ کرد و دەبێ تۆڵەی هەموو کوردی لێ بسنرێتەوە. دەبا...!!!

2002/3/16

***دەلاقەی هەشتەم:***

## ***نەورۆزی کورد و ئەفسوونی ناحەزان***

"باز بووم باڵی شکاندم چوار بەڵای نەحسی خەراب

خانەقا یەك، تەکیە دوو، عەمامە سێ، عابا چوار"

کاتێ قووڵتر بیر لەم دێڕە شیعرەی (( قانع ))ی شۆڕشگێڕ دەکەمەوە، زۆرتر پەی دەبەم بە پەیام و ناوەرۆکە مێژووییەکەی و، ئەوسا تێدەگەم کە قانع چەند وردبینانەو ڕاستگۆیانە مێژووی مێژینەو پڕ کارەساتی نەتەوەی کوردی لە دێڕە شیعرێکدا چڕ کردۆتەوە. شاعیر، ئەو دێڕە شیعرەی کردۆتە ئاوێنەیەك و منی کورد لەو ئاوێنە باڵا نوێنەدا ڕابردووی خۆم دەبینمەوە: دەبینم کە(منی کورد) لە دێرزەمانەوەو پێش هەموانیش گەیشتبوومە واتا و فەلسەفەی ژیانی ئینسانی و سەرەتاکانی سەقامگیریی بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕامیاری و ڕۆشنبیریم لە ناو گەلاندا دامەزراندووە. دەبینم کە تەنانەت (پێش مێژوو)ش ((هەڵۆ)) یەکی بەرزەمژیم و بە ئاسماندا بەرز دەفرِم و زۆر کەس (پاش مێژوو)ش ((قالاو))ئاسا لە پاشماوەی ـ ڕاو ـ ەکەم دەخۆن و دەژین! دەبینم لە گەرمەی سەرمەستیی بەرزە فڕییەکانمدا (جەمشید) و (سلێمان) ئاسا ساتێك لە خۆم غافڵ دەبم، قالاوەکان ئەو هەلە دەقۆزنەوەو وێکڕا، چاوچنۆکانەو هارو برسی، بە قیژ و قاڕ گەلەکۆمەم دەکەنە سەر و لە شەقەی باڵم دەخەن، باڵە ئاسمان بەزێنەکانم

دەشکێنن و ناچارم دەکەن لە کاولگەی تاریکستانێکدا بەسەر بەرم کە هەرچوار دەوری بە تاڵی جاڵجاڵووکەی نەزانین و وەهم پەرستی تەنراوە، قەلەڕەشەکان باڵی ڕەشیان دەکەنە چارشێوێکی دزێوی تاریك و هەتاوی جوامێری و شارستانیەتمی پێ دەشاردنەوە و ئیدی شەوگار، شەوگاری تاریك و سەمای مەرگی شەمشەمە کوێرەیە! ئیدی هەر شەمشەمە کوێرەیەو لێم دەبێتە: (( ئەمەوی))، ((عەباسی))، ((سەلجووقی))، ((عوسمانلی))، ((سەفەوی)) و...! بە داخەوە درەنگ دێمەوە سەر خۆم، کاتێ کە(ئاڵ)ە وەهم پەرستەکان ڕەگ و ڕیشەیان لە زۆر لاوە بڕیومەتەوەو خۆیان وەکوو وشکە دارێکی بەڕی و زڕ و بێ بەر ڕیشەی گەنیویان داکوتاوە! بەڵام منی هەڵۆ دەمەوێ هەر هەڵۆکەی جاران بم و دەگەڕێم بە دوای خۆمدا و یەك لەو هێما هەرە زیندووییانەی کە خۆمی تێدا دەبینمەوە نەورۆزە، نەورۆز جەژنی ڕزگاری و سەربەستیی کورد، نەورۆز هێمای مێژووی پڕ سەروەری و شارستانەت و ڕۆشنبیریی کورد. بەڵێ منی کورد کە بە خۆمدا هاتوومەتەوەو تاڵی وەهمیی جاڵجاڵووکەم پساندووە، لە نەورۆزی پیرۆزدا بە دوای ــ خود ــ ی ونبوومدا دەگەڕێم و دەمەوێ بە تیشکی پرشنگداری نەورۆزی پیرۆز چی شەمشەمەکوێرەیە بیتارێنم بەرەو نەمان و ببمەوە بە((هەڵۆ)) بەرزەفڕەکەی جاران و پیشانیان بدەم کە یان دەبێ بڕوا بە ژیانی ڕاستی و ڕووناکی بهێنن یانخود جێیان لە وڵاتی ئاگرو گڕو ئەویندا نابێتەوەو با بگەڕێنەوە دوورگەی (وەهمستان)ی خۆیان!

پاش ئەم کورتە پێشەکییە دەمەوێ بە تیلەی چاوێك بڕوانمە (گووتار)ێکی ــ فازیل قەرەداغی ــ کە لە لاپەڕە(3)ی ژمارە(22)ی ڕۆژی (2002/3/21)ی بڵاڤۆکەکەی لای خۆیان (کۆمەڵ)دا بە ناونیشانی ((ئەفسانەی نەورۆز لە سەردەمی فاکس و ئیمەیل و ئینتەرنێت دا)) نووسیویەتی:...

ناو براو هەر لە دەسپێکی گووتارەکەیدا گرژی و ناحەزی و ناڕەزایی خۆی لە مانەوەی نەورۆزی کورد دەردەبڕێت و ئەوپەڕی ڕق و بێزاریی پیشان دەدات لەوەی کە: ((ئاگردانی

نەورۆزیش بە داگیرساوی ماوەتەوە))، پاشان ئەو ڕاستییەش دەدرکێنێ کە هۆی ئەو ڕق و بێزارییەی هی ئەوەیە کە نەورۆز هی کوردە و بۆتە هێمای زیندوێتی و سەرهەڵدانی کورد دەنا خۆ ئەگەر هی عەرەب بوایە پێی ڕازی و ملکەچ دەبوو و شانازیشی پێوە دەکرد و سینەی بۆ چاك دەکردو...: ((ئەگەر باسە سەیرەکانی لە سەرچاوەیەکی خوداییەوە بهاتنایە دەمانوت مۆجیزەن و تەسلیم دەبووین بە زانایی و حیکمەتی خودا بەڵام شانامەی فیردەوسی یا حیکایەتی پرەمێردان نابێ...))! بەمجۆرە لەو پەراگرافەدا ددانی پێدا دەنێ کە تەنیا لەبەر ئەوە ڕقی لە نەورۆز دەبێتەوە، کە مۆرك و جێدەست و ناوی کوردی پێوەیە دەنا گەر لە ڕیوایەتێکی کۆنەی عەرەبییەوە بهاتبا، ئەوا سەری بۆ دادەنەواند و بێ پرس و جۆ بڕوای پێ دەهێنا، دیارە، ئەو گۆشکراوی فەرهەنگ و دابی عەرەبییەو هەر تەنها ئەو داب و دەستوورەش بە ڕاست دەزانێ کە پێی گۆش کراوەو ئیدی نایەوێ هیچ نماد و سیمبولێکی دیکەی غەیری ئەو لە بەرامبەریدا خۆ بنوێنێ! {کاك}ی گووتار نووس لە نێوان ئەم بەشەو پەراگرافی دواتریدا بە بێ ئەوەی بزانێت، خۆی دەخاتە گێژاوی فەرامۆشی و هەڵەشەیی و بێ سەروبەرەیی و دژایەتی لە بۆچوونەکانی پێشوویدا و گۆرج خۆی بە درۆ دەخاتەوە: ((...لە گەڵ ئەقڵی سەردەمێکا ناگونجێ کە خۆمان بە بوونەوەرێکی ناوی دەزانین، سەردەمەکەمان ئەمەیە کە دەیبینین بەڵام هێشتا نەورۆزی ئەفسانەیی تێدا دەژی، حاڵەکەش خراپتر چوونکە کوردستان هێشتا لە سەردەمەکەدا ناژی، کوردستان لە سەر دوورترین کەناری هەموو پێشکەوتنێکە، لە هەموو زانستێك کۆڵەوارە تەنانەت لە زانستی مێژووی خۆیشی... لە لایەك باس لە خواستی پێشکەوتن و لە لایەکیتر داکۆکی لە سەر ئەفسانە))! بەمجۆرە خاوەن گووتار تووشی ئەم هەڵەشەییە دەبێت و لەملاوە خۆی بە سەردەمی{؟!!}دەزانێت و دژی ئەفسانەیە، لەو لاشەوە دەڵێ ئەگەر هەمان ئەفسانەی لە ڕیوایەتێکی عەرەبییەوە ببیستبایە چۆکی بۆ دا ئەدا! لە لایەکەوە هیچ سەرچاوەیەك

به ڕاست نازانێت ئەگەر بە پێی ئەوەی ناو خەیاڵی خۆی نەبێت و لە لایەکی تریشەوە باس لە بەڵگە نامەی مێژوویی دەکات! لەملاوە ئەفسانە ڕەتدەکاتەوەو خۆی بە بوونەورێکی ناو ئەم سەردەمە دەزانێت و لەولاشەوە ئیمانی بەوە هەیە کە دەکرێ چوار ناڵ لە هەوادا غارغارێن بکرێ یا غەزەنفەری دێو هەبووبێت و کابرای عەرەب کوشتبێتی یا دەریایەك شەق بەرێت یا چۆلەکە ببنە سەربازی تۆپ هاوێژ یا خەونی خۆشی سێ سەدەیی ویا... یا...!! لێرەدا لە سەر ئەو سووکایەتییە سووکانە ناڕۆم کە خاوەن گووتار بە نەورۆز و مێژووی کورد و کەرامەتی ئینسانیی کردوون،(لە لوقمانیان پرسی نزاکەت لە کوێ فێر بووی؟ گوتی لای بێ ئەدەبان...)، بەڵام وەکوو کوردێك مافی خۆمە لێی بپرسم: کێ و چی، بۆتە هۆی دواکەوتنی کوردستان و بێگانە بوونەوەی لە زانستی مێژووی خۆی؟ کێ، بوون و نەبوون و سروەت و سامانی دێرینی کوردی بە تالآن برد؟ کێ، خوێن و مێشکی زانایانی کوردی بە شمشێری ژەنگ گرتوو ڕژاندو کێ، سەرچاوەکانی شارستانیەت و ڕۆشنبیریی درەوشاوەو دێرینی کوردی بە تالآن برد بۆ ئەوەی بیکاتە ژێر چەپۆکی خۆی؟! هەرکەس ئەگەر تۆزقاڵێك بیر و خوێندەواریی مێژوویی هەبێت و هەوری چڵکن و نەزۆکی وەحشیگەریی ئەمەوی و عوسمانلی و... ئاسمانی بیرو مێشك و ئەندێشەی دانەپۆشیبێ، بە ئاسانی وەڵامی ڕاستەقینەی ئەو چەند پرسیارە دەداتەوەو دەشزانێت کە ئەوەی ئەمڕۆ ئەو هەموو ژاری ڕق و کینەیە بە سەر سیمبولی هەرە زیندووی نەتەوایەتیی گەلێکی مێژینەو سەرفرازدا دەڕژێنێ، پاشاوەی هەمان (سەلەف)ە کە ئێستاش لە (بوولگا)ی سووتاندن و تالآن و بڕۆکەیاندا (چینە) دەکات! دەبێ بڵێم کێشەکەی فازیل قەرەداغی (سەرەڕای هەموو ڕق و بێزارییەکانی لە نەتەوەی کورد)، لەوەدایە کە هێشتاش (ئوستوورە) و (ئەفسانە) بەتەواوی ناناسێت و لێکیان جیا ناکاتەوەو هەر بە هەمان هەڵەشەیی و بێ ئاگاییەوە و بە یەك چاو لێیان دەڕوانێت و بە یەك تەعبیریش لێیان دەگات، ئەگەر نا، بەو جۆرەو بە نەزانی باسی

کاوەو زوحاکی بە ئەفسانە ناوزەد نەدەکرد. لێرەدا گەر تەنیا بۆ بە ئاگاهێنانەوەو فێر کردنی ناوبراویش بووە بە پێویستی دەزانم ئەو لایەنە ڕوون بکەمەوەو زۆر بە کورتی بڵێم: ئەفسانە شتێکە تەنیا خەیاڵی تیژی خەیاڵ پەردازان خەلقی دەکات و ئیدی هیچ ڕاستی و بنەمایەکی نییە و تەنیا داهێنراوێکی خەیاڵی ئینسانی دەسەڵات خوازە، واتە ئەفسانە بە شتێك دەگوترێ کە هیچ بنەماو بوونێکی ڕاستەقینەی نەبێت و سەرپاکی بە خەیاڵ خولقێنرابێت وەکوو: دێو، جن، ئەژدیها، شەق بردنی دەریا، غاردان لە هەوادا، خەونی سێ سەدەیی و...تاد، بەڵام ئوستوورە وا نییە، بەڵکوو بریتییە لە ڕاستییەکی بناغەداری مێژوویی کە لە سەردەمێکدا هەبووەو ڕوویداوە و دواتر لە لایەن گێڕەرەوەکانەوە پەڕو باڵ دراوەتە پاڵەوان و کەسایەتییەکانی و لەوەی کە هەبوون گەورەتر و بەهێزتر پیشان دراون، ئەم گەورە کردنەوەیەش مەبەستێکی واتادارو فەلسەفیی لە پشتەوە بووە کە ئەویش زەقتر و بەرجەستەتر پیشاندانی ئاکار و پێناسەی کەسێتیی پاڵەوانی ڕووداوەکەیە بۆ ئەوەی بیسەر بە تەواوەتی هەستی پێ بکات، بۆ وێنە، زوحاك کابرایەکی ستەمکارو خوێنڕێژ بووە و بۆ زەقتر پیشاندانی ئەو ستەمکارییەی، دوو مار بۆ سەرشانی دروست کراون کە واتای کارو کردەوەو دەسەڵاتی چەوتی ئەو بدات و لەملاشەوە خواردنی مێشکی لاوان سیمبولی هێزی بیر کردنەوەو توانای داهێنانی هزرو بیری جەماوەرە، بەمەش دەڵێن ئوستوورە. یانخود وەکوو ڕۆستەمی دەستان و شمشێری دوودەم و هێزە خەیاڵییەکەی عەلی کوڕی ئەبی تالیب و...هتد(ئەگەر خاوەن گووتار ئەوەی یەکەمیان بە ئەفسانەو ئەمەی دووەمیشیان بە (( سەرچاوەیەکی واقیعیی خودایی)) نەزانێت! بە هەر حاڵ هیوادارم لەمەو بەدوا بگەڕێ بە دوای ناسینی واتای جیاوازی ئوستوورە و ئەفسانەدا، با لە سووکایەتینامەیەکی دیکەیدا تووشی ئەو هەڵە زەقە نەخوێندەوارانەیەی ئەمجارەی نەبێتەوە! پاشان دەبێ خاوەن گووتار سەر بۆ ئەو ڕاستییەش دانەوێنێ،(ڕاستییەك کە چاك دەیزانێت بەڵام

دەیشارێتەوە!) کە کوردستان (بە قسەلۆکە پڕلە سووکایەتییەکەی ئەو) و نەتەوەی دێرینی کورد (بە قسەی من) سەرەڕای هەموو ئەو دوژمنکاری و هێرش و هەڵمەت و گەلەگورگانەی لە سەری کراوەو دەشکرێ، بە خۆیدا هاتۆتەوەو نەك هەر لە(( دوورترین کەناری هەر پێشکەوتنێك)) نییە و نەك هەر لە((هەموو زانستێك کۆڵەوار)) نییە، بەڵکوو کەوتۆتە سەر شارێگای پێشکەوتن و مەشخەڵی بە کڵپەی پیرۆزی زانست و تەکنەلۆژیای سەردەمی گرتۆتە دەست و لە بەر تیشکی گڕی ڕووناکیبەخشی نەورۆزی پیرۆز و لە سایەی ئەو ئازادییەدا کە چاوی ناحەزانی پێ کوێر بووە، دەگاتەوە بە شارستانیەت و ڕۆشنبیریی مێژینەی و هەموو قۆناغەکانی گەشەو پێشکەوتی سەردەم یەك لە دوای یەك بە سەربەرزی و بە کوێرایی چاوی دەرپۆقیوی دێوەزمە ناحەزەکانی دەبڕێت و دەبێتەوە بە پێشەنگەکەی جاران بۆ خستنە ڕێی کاروانی کەرامەت و سەرفرازیی هەموو مرۆڤایەتی. خاوەن گووتار بە زمانە تایبەتییەکەی خۆی ژارێکی تری کینە دەڕژێنێت و سووکایەتیی سووکانە دەکات بەو هەموو مێژوونووسانەی کە ئاوڕیان لە سیمبولی نەتەوایەتیی کورد (نەورۆز) داوەتەوەو دیسانەوەش لە بەر ئەوەی کە نووسراوەکان بە عەرەبی نین و لای عەرەبەوە نەهاتوون، خۆی ئاسایی دایان دەپاچێت: ((... سەرم دەسووڕمێت لەو وتارو کتێبانەی لەم بوارەدا نووسراون کە بەشی هەرە زۆریان لە وڕێنە بەولاوە زانیاریی ڕاستیان تێدا نییە، مێژووی کۆن سەرچاوەی تایبەتی هەیە، زۆرکەم لەمانە بە زمانی عەرەبین هەموویان بە زمانی ئەوروپایین کاتێکیش تەماشای سەرچاوەکانی ئەو جۆرە وتار و کتێبانە دەکەیت هەژارییەکی تەواو دەبینیت... بەڵام لە بازاری جەهلدا کێ بەو هەڵانە دەزانێت))! لێرەشەوە دیسان خاوەن گووتار گەوهەری خۆی پیشان دەدات و هۆی سەرەکیی ڕق و بێزارییەکەی دەر دەخات کە ئەویش هەمان جیاوازی یا دووریی نەورۆز و مێژووەکەیەتی بە سەرچاوەی عەرەبییەوە! ئەو، هەموو شتێك بە وڕێنە دەزانێت مادام لە سەرچاوەی عەرەبییەوە هەڵنەقولابێ، هەرواش هەموو زانست و

زانیارییەك بە جەهل{؟!!}دەزانێ ئەگەر مۆرکی عەرەبی پێوە نەبێ! جا پێویستە لێرەشدا پێی بگوترێت: یەکەم، کەسێك ورێنە دەکات کە تووشی وەهمێکی سەرسامهێنەر هاتبێ، خۆ ئەوکەسانەش کە بە دوای فەلسەفەی نەورۆزی پیرۆزدا دەگەڕێن لە خەوی غەفڵەت ڕاچەنیون و مێشکی خۆیان لەو وەهمە پاك کردۆتەوە بۆیەش بە زمانی ئینسانی سەردەم دەئاخفن و ورێنە ناکەن. دووەم، دیارە زانیاریی ڕاستی بەو مەبەستەی تۆ (ئەوەی لای تۆ بە زانیاری و بە ڕاست دەزانرێ) لە هیچ لێکۆڵینەوەیەکی زانستی و ڕۆشنبیریدا نابینرێت چوونکە لە ڕاستیدا جێی لەو دنیا ڕووناك و بەرینەدا نابێتەوە! سێیەم، ئەگەر زۆر کەم سەرچاوەی مێژوویی بە زمانی عەرەبین، ئەوە دەگەڕێتەوە لای ئاستی ئەقڵییەت و توانای عەرەبی بۆ وەرگرتن و پیشاندانی ڕووی ڕاستەقینەی ڕاستییەکان، دۆزینەوەی هۆکارەکەشی کاری منی کورد نییە! چوارەم، دەبوا زۆرتر پرسیاری وەزع و باری ئەمڕۆی دنیات بکردبا تا بتزانیبا کە شتێکمان بە ناوی((زمان ئەورووپایی)) نییە بەڵکوو خەڵکی ئەورووپا بە کۆمەڵێك زمانی جیاجیا دەدوێن کە ئاشکرایشە لە عەرەبییەکەی لای تۆ زۆر پێشکەوتووتر و ستاندارترو گەشە سەندووترو ئەمڕۆژی ترن و دیاریشە زۆرترین کار بە زمانێکی زیندووی گەشە سەندووی ئەمڕۆژی دەکرێ نەك بە زمانێکی کۆنەی (لعن) و (طعن)و...ی دەشتەکی! پێنجەم، لەوەتی هەم وشەی (جەهل)م تەنیا لە بەرامبەری عەرەبدا بیستووە، وەك (عەرەبی جاهل، جەهالەتی عەرەب، جەهلی عەرەبی)و... بۆیە هەقمە گەر ئەو پەڕاندنی وشەی (جەهل)ە بۆ سەردەم و دنیایەکی پێشکەوتووی غەیری عەرەب بە (بدعە)یەکی جاهیلانەی عەرەبی ناوزەد بکەم! لە سەر دیکەی سووکایەتییەکانیشت لێت ناگرم چوونکە دەزانم کە (( گۆزە چیی تێدا بێ، هەر ئەوە دەدەڵێنێ!)).

لە بەشێکیتری گووتارەکەیدا بە نیازی سڕینەوەی مۆرکە کوردییەکەی نەورۆز چەند پرسیارو قسەلۆکی توانج ئامێز دێنێتە ئاراوەو دەڵێ: ((...چ بەڵگەنامەیەکی مێژوویی

باوەڕ پێکراو باس لە بەسەر هاتەکە دەکات؟... چ بەڵگەیەکی باوەڕ پێکراو هەیە نەورۆز دەکاتە موڵکی کورد بە تەنیا؟... دیارە هیچ لەمانە نییەو تەنها یەك ڕستە نەورۆز ڕا دەگرێت ئەویش وشەی (لەوانەیە وابێت) ئەو ڕستەیەش بۆتە ڕاستی... نەورۆز جگە لە کوردستان لە ئێران و هیندستان و ئەفغانستان و چەند ـ ستان ـ ێکی تر هەیەو هەموویان بە هی خۆیانی دەزانن حاجی تەوفیقی لای خۆشمان ئەمە نازانێت و دەڵێت ـ جەژنێکی کۆنی کوردە ـ ... بە واتایەکیتر لە کاتی کوشتنی زوحاکدا کورد وجوودی نەبووە... واتە کورد تەنانەت لە پەراوێزی ڕووداوەکەشدا نەبووە و تەنها بەرهەمێکی لاوەکیی ئەو ڕووداوە گەورەیە بووە...))؟! ماوەیەك لەمەوپێش برادەرێکم (ئەفسانەی دیمۆکراسی)ی خاوەن گووتاری خوێندبۆوەو دەیگوت: (( ئەم کابرایە ئەوەندە دژی کوردە و بەردی عەرەب لە سنگی دەدات لەوانەیە لە بنەڕەتدا عەرەب زادە بێت و...!)) بەڵام من بڕوام نەدەکرد کە کابرایەك لە کوردستاندا بژیت و بە سەر سفرەی کوردەوە نانی کورد بخوات و هێندەش سفرە دڕ بێت کە تەنانەت حاشا بکات لە هەبوونی خاوەن سفرەکە! کەچی بە خوێندنەوەی ئەم گووتارە ئەوەم بۆ دەر کەوت کە قسەکەی ئەو برادەرەم ڕاست بووە چوونکە دەبینم کابرایەك لە سای کودستانێکی ئازاددا دەژی کەچی هەزار ئەوەندەی دوژمنە تورك و عەرەب و عەجەمەکانمان سوورترە لە سەر سڕینەوەی نەتەوەی کورد و، ئەوەی کە ئەوان بە بارووتی تۆپ و تفەنگ پێیان نەکرا، ئەم دەیەوێ وەکوو مارێك لە ناو قوڵی کورددا بە ژاراوی ئەندێشە چەوتەکانی بیکات!! نازانم گووتار نووس بە چی دەڵێ ((بەڵگەی باوەڕ پێ کراو))؟ ئەی ئەوە نییە هەرچی سەنەد و بەڵگەی مێژوویی هەیە ئەو بە تاوانی (عەرەبی نین) ڕەتیان دەکاتەوە و مێژوو نووسەکانیش (ڕەجم) دەکات؟! دیارە ئەو نەیزانیوە یانخود نەیویستووە بزانێت کە بە دەیان و سەدان لێکۆڵینەوەی مێژوویی و ئەکادیمی لە سەر نەورۆزی دێرین کراون کە بە داخەوە لە زمانەکەی لای ئەودا هیچ ئەسەرێکیان نابینرێت، دەنا با ئەو زمانێکی غەیری عەرەبی فێر

ببێت و ئەندێشەیەکی غەیری عەرەبی وەربگرێ پاشان وەکوو بەڵگەنامەی مێژوویی بە سەدان بەرهەمی بە پێزی وەك: (ژیان و کۆچی نەژادی ئاریا) و(شانامەی فیردەوسی) و(دوو سەدە بێدەنگی) و(نامەی فرهەنگی ئێران) و(کاوەو نەورۆز) و(مێژووی پیشداد) و(نەورۆزنامە) و(ژیان نامەی جەمشید) و(چیستا) و(فرەوەهرە) و(کێوەنەناسراوەکانی ئاڤێستا) و(ئاڤێستای پیرۆز) و(ئایینی مەزد یەسنا) و(فەلسەفەی ژیانی زەردەشت) و(ئێرانی پێش ئیسلام) و(دوازدە سەدە بێدەنگی) و... بخوێنێتەوە (کە خۆشبەختانە هیچیان بە زمانی کوردیش نین تا ئەو تاوانی کینەجۆیانەی ــ وڕێنە ــ یان بخاتە پاڵ)، ئەوکاتە پەی دەبات بە بنەمای مێژوویی و فەلسەفەی هەرە قووڵی نەورۆزی پیرۆز.
دەستە واژەی ((لەوانەیە وابێت))یش، یەکەم، ((وشە)) نییە کە ئەو بە هەڵە ناوزەدی دەکات و دووەمیش هی مێژوونووسان و نەرۆزناسەکان نییە بەڵکوو لە ڕلستیدا قسەڵۆکی تایبەتی ئەو و ئەوانی وەکوو ئەوە، (ئەوانەی کە هەمیشەی مێژوو بەردیان بە تاریکیدا خستووەو ئاویان لە دنگ دا کوتاوەو...!). نازانم پاش ئەفغانستان و هیندستان ئەو وشەی (( ــ ستان ــ ی دیکە))ی لە کامە سووچی تاریکی بیری خۆیدا دەست کەوتووە کە بە هۆیەوە دەیەوێ خوێنەرەکانی (هەروەکو هەمیشە) بەدوای تۆکە ڕەشەی دۆگمادا بنێرێت! پاشان پێویستە ئەوەش بزانێ کە کورد وەکوو سەلەفی ئەو چاوچنۆك نییەو هەموو شت بە هی خۆی نازانێت بەڵکوو ئەوەندە بەخشندە و جوامێر و دڵ ئاوایە کە تەنانەت لە بەشی خۆیشی دەبەخشێتە دیتران (نموونەی زیندوویش لای خودی خاوەن گووتار و باری ئێستای کوردستانی ئازاد لە بەرچاوە!)، شاعیری کورد سەبارەت بە نەورۆزی پیرۆز دەڵێت: ((نەك هەر هی من/ جەژنی گشتە)) و پیرەمێردی نەمرو کورد پەروەریش (کە ئەو بەو بێ نزاکەتییەوە ناوی دەبات و بێ حورمەتیی پێدەکات) زۆر چاك ئەوەی زانیوە بەڵام ئەوەندە هەیە کە تووشی دۆگم ئەندێشی نەبووە و بنەمای سەرهەڵدانەکەشی ناسیوەو بە زانیاری و بڕوایەکی پتەوی عیلمی و ئەقڵانییەوەدەڵێ:

((جەژنێکی کۆنی کوردە/ بە خۆشی و بە هاتەوە)) چوونکە ئەویش و هەموو ڕاستیخوازانیش گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە بە پێچەوانەی قسەلۆکەکەی خاوەن گووتار، کورد هەر تەنیا ((بەرهەمێکی لاوەکیی ئەو ڕووداوە گەورەیە)) نییە بەڵکوو پێش زوحاکیش هەبووەو حوکمی کردووەو نەك هەر کاوە بەڵکوو (ئابتین) و (فەرانەك)ی دایکی و (جەمشید) و تەنانەت (کەیوومەرز)یش لە نەتەوەی دێرینی کورد بوونەو وشەی پیرۆزی (پیشداد) بە هەق هەر بە باڵای کورددا بڕاوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ئەوانەی ڕووبەڕووی جەوری زوحاك دەبوونەوە کورد بوون و هەر ئەوانیش سەرەتای سەرهەڵدانیان دژی ستەم و زۆرداری دامەزراندو (ئاڵای کیانی)یش بەرهەمێکی شۆڕش و بەرخودانی کوردە شۆڕشگێڕەکانی ئەو سەردەمەیەو لە گەڵ ئەوەشدا جەژنی نەورۆزی پیرۆز بە هی هەموو ئەو گەلانە دەزانێت کە سەردەمانێك لە ئێرانی دێریندا پێکەوە ژیاون! خاوەن گووتار لە ستوونی کۆتایی نووسینەکەیدا ڕووی ڕاستەقینەی خۆی هەڵدەماڵێت و پەنجە دەخاتە سەر خاڵێك کە دیارە لە مێژە ئازاری دەدات و هەستی ناحەزانەی دەورووژێنێ، ئەویش شۆڕشی ئازادیخوازانەی کوردە: ((ئەگەر نەورۆز ئەقڵیەتی کورد پێك بهێنێ ئەوا کورد تەنها فێر دەبێ شۆڕش بکات و یەکسەر سەرکەوێت ئەوکاتە ئەگەر حاڵەتی شۆڕشێکی سەختی درێژخایەن هاتە پێشەوە نازانن چی بکەن هەر واش ئەگەر سەرکەوتن هەر نازانن چی بکەن... لە نەورۆزدا هەڵبەز و دابەزی شۆڕشمان نییەو شێوازی حوکم و ژیانی کۆمەڵایەتی دوای سەرکەوتن نەزانراە... شۆڕشە بێ ئاکامەکانی کورد یان شۆڕش و دوایی حاڵەتی - هیچ - بەرهەمی ئەقڵیەتی نەورۆزن ئەمڕۆش بگەڕێ و ببینە چۆن خەڵك بۆ ههم ئاهەنگ دەگێڕن...))! خاوەن گووتار ئەوەندە لە گەڵ فەرهەنگ و کەلەپووری ڕەسەنی کورددیا بێگانەیەو ڕقە کوێرەکەشی لە نەتەوەی کورد ئەوەندە مەودای ئەو نامۆییەی فراوانتر کردووە کە نەك لە مێژوو بەڵکوو تەنانەت لە فەلسەفەی قووڵی نەوۆزی پیرۆزیش تێنەگەیشتووەو دیارە هەرگیزیش

تێناگات، دەنا نەورۆز واتای شۆڕش و سەرکەوتنێکی یەکسەر و هەڕەمەکی نادات بەڵکوو فەلسەفەی ئەم یادە هەرە پیرۆزە لەوەدایە کە بەرنامەیەکی ڕێکوپێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی لە خۆ گرتووە، ڕۆڵەی کورد کە لە جەوری زوحاك کۆچیان دەکرد و وڵاتیان بەجێ دەهێشت، خەوی ئەفسانەیی و ئەفسووناویی سێسەدساڵەیان نەدەکرد تا لە پڕ بە ئاگا بێنەوەو شۆڕش بکەن، بەڵکوو بە درێژایی مەنفا و ئاوارەییەکەیان حکوومەتی تاراوگەیان پێك دەهێنا و گەڵاڵەیان بۆ سەرهەڵدان و بەگژاچوونەوەی دواڕۆژ دادەڕێژا و هەموو کارێکیان لە ڕووی پڕۆگرام و دیسیپلینێکی ستاندارد و واقعبینانەوە بوو هەر بۆیە خۆیان بە تەواوەتی تەیارو ئامادە کرد و ڕۆژی نەورۆزیان دیاری کرد بۆ ڕاپەڕین و ئەرکی هەڵکردنی ئاڵای شۆڕشیان سپاردە ئەستۆی کاوەی شۆڕشگێڕ و پێشەنگ، هەر بۆیەش بە ئاسانی و ئاسوودەیی حکوومەتی کیانی دامەزرا و ئەم کارەش مەگەر لە ناو ئەفسانە شاخدارەکانی سەلەفی خاوەن گووتاردا، دەنا بە شەوێك و لە پڕێکدا ناکرێن و دەبێ بەرنامەو گەڵاڵەیەکیان لە پێشدا بۆ داڕێژرابێت. ئەو شۆڕشە شۆڕشێکی هەرە سەخت و درێژ خایەن بوو و هەم ئەویش و هەم دیکەی شۆڕشەکانی کورد هەڵبەزو دابەزیان تێدا بووەو ئەگەر خاوەن گووتار خۆی لە لاڕێی نەزانین نەدات دەبێ بزانێ کە نوێترین شۆڕشی ڕەوای کورد لە هەرکام لە بەشە داگیر کراوەکانی کوردستانی مەزندا دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیست و دیاریشە سەدەیەك بۆ شۆڕش و سەرهەڵدان پیشاندەری سەختی و درێژخایەنییەتی و کوردیش بە جوانی زانیویەتی چی بکات و ئێستاش هەر ئەم ئەزموونی (11)ساڵەی سەرکەوتن و سەربەستیی گەلی کورد لە باشووری کوردستانی دایکدا سەلماندی کە شۆڕشی کورد بێ ئاکام نەبووە و کورد دەزانێ چی بکات و چۆنی بکات، ئەوەندە هەیە کە ئەم ئازادی و سەربەستییەمان چاوی ناحەزانمانی وەها کوێر کردووە کە تەنانەت تیشکی زێڕینی هەتاویش نەبینن و خۆیان بە دەرودیواردا بکوتن بۆ شاردنەوەو ئاوەژوو کردنەوەی ڕاستییەکان. پاشان، گەلی چاو

کراوەو ڕاچەنیوی کورد ئاهەنگ بۆ وەهم ناگێڕن و وەکوو جاران چیتر فریو خواردووی وەهمیش نین بەڵکوو لە ڕاستیدا مەنتقی وەهم و خەیالات و دۆگم ئەندێشی لە لایەن سەلەفی خاوەن گووتارەوە سەرچاوە دەگرێت و پێشینانیش چەندە جوان فەرموویانە: ( قەل بە قەل دەڵێ ڕووت ڕەش بێت)! بەڕاستی ئەگەر بمویستایە لەسەر خاڵ بە خاڵی ئەو گووتارە پڕ لە جنێو و بێ حورمەتییە بنووسم، دەبوویە کتێبێکی قەبەو... بۆیە بە کورتی و کوردی بە سەریدا تێپەڕیم، ئەویش هەر بۆ ئەوەی کە پێی بڵێم: یەکەم، کورد هێندە ژار خوارد کراوە کە ئەمڕۆ ئیدی پێویستی بەو ژار پڕژێنییەی تۆی ناحەز و نائاگا نییە و خۆی چاك دەزانێ لە کوێی ئەم جیهانەدا وەستاوەو چ ئەرکێکی گرانی لە ئەستۆیە. دووەم، وەکوو پێشینانی کورد گوتوویانە (جێگای سندان پەخمەیە)! لە کۆتاییدا ماوە بڵێم نەورۆزی پیرۆزی کورد درەختێکی بنج داکوتاوی سەمەردارەو بە ئاوەها ڕەشەبایەکی بیابانی وەهمستان نالەرێتەوەو ئاڵای شەکاوەی کیانی و گڕی سووری ئاگری ڕووناکیبەخشی نەورۆزی پیرۆزی کورد ڕۆژ بە ڕۆژ شەکاوەترو بە کڵپەتر دەبن و بۆ تا هەتایە دەبنە چقڵی چاوی شەوبین و ڕۆژ کوێری ناحەزانی کورد و کوردستان، ڕۆڵەی ڕۆشنبیرو ڕاچەنیوی کوردیش چیتر فریوی وڕێنەی وەهم ئەندێشان ناخوات چوونکە خودی ڕەسەنی خۆی دۆزیوەتەوەو هەموو نەورۆزێك شایی دەگێڕێت و بۆ سەرگەرمی و خۆش ڕابواردنی خۆی لەو بەزمی ڕەشبەڵەك و شاییە پیرۆزەیدا، سەربەستانە گۆرانیی (ئامەکەوئامینە) و(فاتەکوڵێ) و(شلەخەجێ) و(ئایشەگوڵێ) و(مریەمێ) دەڵێتەوەو سروودی ڕەسەنی (ئەو ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە) پڕ بە گەرووی دەچریکێنێ.

درووود بۆ نەورۆزی پیرۆزی کورد

بژی کوردستانی ئازاد

هەولێر 2702/1/9ی کوردی 2002/3/29

***دەلاقەی نۆیەم:***

***ڕوونکردنەوەیەك لەسەر (زەردەشت و ئاڤێستا)*** زەردەشت فەیلەسووفێکی مەزنە کە دەبێ ئەندێشە قووڵ و مرۆڤانەکانی، ئەمڕۆ بە دید و تێڕوانینێکی نوێوە بخرێنەوە بەر سەرنج و شیکردنەوە. ئاڤێستاش کتێب و مەنهەج و پرۆگرامی ئایینێکی پیرۆز و دێرینەیە کە ئەمڕۆ دەبێ بە پێی ئەندێشەی سەردەم لێك بدرێتەوە و بناغەی سیستەمێکی نوێی لەسەر دابمەزرێت و بە تایبەتی کورد وەکوو میللەتێکی مێژینەو حاوەنی ڕاستەقینەی ئەو ئایین و فەلسەفە هەرە زیندوویە، دەبێ کراوەترو زانایانەتر لێی ورد بێتەوە و بتوانێ بە دۆزینەوەی ئەو ئەسڵە بنەڕەتییانە، خۆی نوێ و نوێتر بکاتەوە. ئەم ئایین و فەلسەفەیە لەوە زۆرتر هەڵدەگرێ کە بە وتار و بابەت و کتێبێك وازی لێ بهێنرێت، بەڵکوو تا زۆرتر و وردتر بخوێنرێتەوە ئەنجامی نوێتر و سەرنجڕاکێشتری لێدەکەوێتەوە، ئەو خوێندنەوەو لێکۆڵینەوە زانستیانەش ئەرکی سەرشانی ڕۆشنبیرو مێژوو نووس و زمانزان و دێرینەناسەکانی کوردە کە دەبێ لەو ڕێگایەوە هەوڵی ژیاندنەوەی مێژووی پڕسەروەری و درەوشاوەی نەتەوەکەمان بدەن. بەڵام وەك گوتم، خوێندنەوەو شیکردنەوەی زانستیانە، نەك شتی لابەلاو هەڕەمەکی و بێ بنەما، چوونکە دەبێ ئاگامان لەوە بێت کە مێژووی نەتەوەکەمان چەندە تا ئێستاشی لە گەڵدا بێت لە لایەن ناحەزانمانەوە شێوێنراوە ئەوەندەش بە نووسینی لاواز و چەواشە و نازانستیانەو نامەسئوولانەی دۆستانی نەزانمان ئاوەژوو دەکرێت و دەشێوێنرێتەوە، بۆیە ئەرکی سەرشانی هەموو تاکێکی کۆمەڵی کوردییە کە بە وشیارییەوە پێش بە هەر چەشنە کارێکی ناحەزانەو چەواشەکارانەو نەزانانە بگرێت و خۆی تەیارو ئامادە بکات بۆ دۆزینەوەی مێژووی شاراوەی خۆی و تەنیا پشتیش بە چەکی بە هێزی مەنتق و زانستی مرۆیی و ڕاستی ببەستێت.

له لاپەڕە 34و35ی ژمارە 59ی ئەیلولی 2002ی گۆڤاری (خەباتی قوتابیان)دا بابەتێك سەرنجی ڕاكێشام بە ناونیشانی ((زەردەشت و ئاڤێستا)) لە ئامادەكردنی (سەنگەر ڕەمزی) كە بە داخەوە چەندین هەڵەی زەقی تێدا بوون بۆیە بە پێویستم زانی وەك ڕوونكردنەوەیەك و بۆ پێشگیری لە جێگیر بوونی هەندێ هەڵەی مێژوویی بابەتەكە بخەمە بەر تیشكی ڕەخنەو ساغكردنەوە:...

1_ كاك سەنگەر لە باسی كۆچڕەوی گەلانی هیندو ئەورووپیدا ناوی ئاریان ڤاچەكان بە هەڵە (ئاریان قاچ) دەنووسێت و سێ دێڕی دواتریش هەر هەمان هەڵە دووبارە دەكاتەوە. لە حاڵێكدا كە وشەكە وانییە بەڵكوو (ئاریان ڤاچ/ ئێریەن ڤاچ)ە و ئەمیش وەك ئەو دەڵێ _ ناوی كۆمەڵە مرۆڤێكی كۆچەر _ نییە بەڵكوو بەو كەسانە گوتراوە كە نیشتەجێی هەمیشەیی ناوەندی ئێرانی دێرین (ئێرانویچ) بوونە، كە دەڵێن ئاریان ڤاچ واتە دانیشتوانی ڕەسەن و سەقامگرتووی ئێرانویچ كە دەكاتە ناوەندی ئێرانی دێرین.

2_ لە بەشی پێناسەی زەردەشت دا دەڵێ: ((... ناوی بە چەند جۆرێك بە گوێرەی نووسین لە زمانە جیاجیاكاندا هاتووە (زەراتوشترا، زەرتەشتر، زوراوسترا) كە ناوێكی باوە لە ئەورووپا، لە كتێبە فارسی و پەهلەوییەكاندا بە زەراتەشت هاتووە... هەروەها بە (سیمار)یش ناوی هاتووە)).

یەكەم، (زوراوسترا) ناوێكی باوی ئەورووپی نییە بەڵكوو دەقی شێوێنراوی ناوە ڕاستەقینەكەی زەردەشتە كە دەبێتە (زەرەت ئاسترا) واتە ئەستێرەی ڕووناك، (زەرەت/ زەرەنت واتە زەرد+ ئاسترا واتە ئەستێرە).

دووەم، لە فارسی و پالەویدا ناڵێن (زەراتەشت) بەڵكوو دەڵێن (زەرتوشت/ زەردوشت)، كاك سەنگەر بیری لای شێوە دەربڕینی عەرەبان بووە!

سێیەم، (سیمار) نییەو (سیمیار)ەو ئەویش ناوی زەردەشت نییە بەڵکوو نازناوێکە لە لایەن پیرشالیاری زەردەشتی لە هەوراماندا دراوەتە پاڵ زەردەشت و پێی دەڵێ (زانای سیمیار) واتە ئەو کەسەی کە خاوەنی زانیاریی مەعنەوییە.

3_ پاشان لە سەر ڕەچەڵەکی زەردەشت دەڕوات و دەڵێ: (( زەردەشت کوڕی پورشەسب کوڕی پیرسب کوڕی کیدا کوڕی ئاریاك کوڕی ئاگەند کوڕی ئاگیر کوڕی ماهیر کوڕی هەرزیان کوڕی ئەبستهان _ە. دایکی ناوی دۆتۆڤا _ دۆتهۆڤا _ یە واتە بێریڤان. زەردەشت واتە خاوەنی وشتری زێرین، ناوی باوکی کە (پورشسب)ە واتە خاوەنی ئەسپی بۆز. زەردەشت لە ساڵی 660 پ.ز. لە ورمێ لە دایکبووە...))!

دەبێ بڵێم کە دێڕ بە دێڕی هەرچی دەقی ئاڤێستایی و کتێبی لە مەڕ ئایینی زەردەشتم هەبوون گەڕام کەچی ئەو چەند ناوە عەنتیکەیەم نەدۆزینەوە: (کیدا و ئاگەند و ئاگیر و ماهیر و هەرزیان و...!)، ئەمانە چەند ناوێکی داتاشراوی ناقۆڵان کە هیچ واتایەك و هیچ بنەمایەکی مێژوویی و زمانییشیان نییە و نازانم لە کامە (ناکوجا ئاباد)ەوە هێنراون!، پاشان (پیرسب) و (پورشسب) هەڵەن و دروستەکەیان (پیتەرەسپە) و (پوورڤەشەسپە)یە و ئەمەی دواییش بە واتای ئەسپی پیر دێت نەك ئەسپی بۆز، ناوی دایکی زەردەشت (دۆتۆڤا) نییە و (دوغدۆڤا/ دوغدویە)یە و بە واتای (کچ/ کەنیشك) دێت نەك بێریڤان (یادگار)!، لە سەر مێژووی لە دایکبوونی زەردەشتیش بیرو ڕای زۆر لە ئارادان و لە دەوری (480 و 600 و 660 و 800 و 6000 و 6500 و...)دا دەخولێنەوە بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە زەردەشت ڕۆژی دووشەمە _خوردادڕۆژ _ (6ی مانگی فەروەردین/ خاکەلێوە)ی 2400 ساڵ پێش مێژووی یەزدگردی هاتۆتە دنیا کە دەکاتە 1768پ.ز، لە تەمەنی ی42 ساڵ و 54ڕۆژیدا بووە کە بناغەی ساڵژمێری و کەشناسیی دامەزراندووەو ڕۆژمێری کامڵ و ساڵی کەبیسەی داهێناوە و لە ساڵی 35ی ساڵژمێرەکەی خۆیدا (شەوی چوار شەمە 15ی مانگی (دەی/ سەرماوەز) لە تەمەنی 77

ساڵێدا (5 ڕۆژ کەم) کۆچی دوایی کردووە (نەکوژراوە)، ئەمیش واتە کۆچی دواییەکەی دەکاتە 1691ی پ.ز.، لە سەر لایەنی ئەفسانە سازییەکە ناڕۆم چوونکە نە بڕوام پێیەتی و نە هیچ بنەمایەکی ئەقڵانیی بۆ قایلم، هەر ئەوەندە دەڵێم کە ژیانی زەردەشت بەستراوە بە هزرو ئەندێشەو زانستی مرۆڤایەتییەوە و دیارە ئاوا بیروڕایەکیش دوورە لەو شتە بێ بناغەیەو...!

4_ ناوی کچی زەردەشت دەبات کە داویە بە جاماسب و پێی دەڵێ (بەرجیس)! و پاشان دەڵێ: (( زەردەشت لە ژیانیدا سێ ژنی هێناوە لە یەکێکیان کوڕێك و سێ کچ و لە یەکێکی تریان دوو کوڕی هەبووە بە ناوی (ئێرت قاشترە) و (ئورڤەت نەرە) و (خورشید جارە)!

دەبێ بڵێم ئەم ناوانەش زۆر بە هەڵە نووسراونەتەوەو ڕاستییەکەی ئەوەیە کە زەردەشت هیچ کچێکی بە ناوی بەرجیس نەبووە، بە شێوەیەکی ڕاستتر دەبێ بڵێین لە ژنی یەکەمی، سێ کچ بەناوی (فرێنی) و (ترێتە) و (پوورڤەچیستا) و کوڕێك بەناوی (ئیسدوئاسترە)، لە ژنی دووەمیشی، دوو کوڕی هەبوون بە ناوەکانی (ئورڤەتەدنەرە) و (هڤەرەچیسرا).

5_ دێتە سەر باسی ئاڤێستا و دەنووسێت: ((... لە دووبەش پێکهاتووە: (ئا) و (وێستە) کە یەکەمیان وشەی نەفیە (نە) و دوەمیان واتە (نەزانراو) کە واتە، ئاوێستا واتە (نەزانراو) ئەمەش لە بەر ئەوەیە کە واتای بۆ زۆر کەس ڕوون نییە، لە سەردەمی زەردەشتدا ئەم کتێبە لە هەزار بەش پێکهاتبوو و کرابوو بە 21 دەروازەو لە سەر پێستی ئاژەڵ و بەرد نووسرابوو))!!

نازانم کاك سەنگەر ئەو زانیاریە لنگاوقووجانەی لە کامە مێژوو نووسی مێژوو نەناس و زمان نەزان و چەواشە وەرگرتوون؟! بەداخەوە نووسراوەکە زۆر هەڵەو ئاوەژوو و نادروستە، ئاڤێستا وشەیەکی تەواوی سەربەخۆیە بە واتای بنەما، بنەڕەت، بناغە،

ئەسڵ، ڕەسەن، سەرچاوە،ئەساس. نەك ئەو شتە چەواشەیەی لای كاك سەنگەر! . ئەم كتێبە پیرۆزە یەكەمجار بە هیمەتی بلاشی یەكەمی شای ئەشكانی و دواییش لە سەردەمی ساسانیەكاندا نووسراوەتەوە ئەویش نەك لە (هەزار بەش و 21 دەروازە) و نەك (بەسەر پێستی ئاژەڵ و بەردە)وە بەڵكوو بۆتە 21 نەسكە واتە كتێب و بە سەر پێستی دوازدە هەزار (گا)وە نووسراوەو هەر هەموو 21 نەسكەكەش بۆتە سێ بەش كە بریتین لە: 1_ نەسكەی گاسانیك، لە مەڕ زانست و كاروباری مینویی 2_ نەسكەی داتیك، لە مەڕ زانست و یاسا و كاری مادی لە جیهاندا 3_ نەسكەی هات مانسریك لە مەڕ زانیاری و سروودی ئایینی.

لە درێژەی باسەكەیدا دەڵێ: ((... هەندێك دەڵێن زمانی ئاڤێستا زۆر نزیكە لە دیالیكتی موكری...، ئەو بەشە ئاڤێستاییەی كە ئێستا ماوەتەوە چواریەكی ئەوەی سەردەمی ساسانیەكانەو لەم پێنج بەشە پێكهاتووە: 1_ یاسنا (یەسن)، بریتیە لە دوعاو نزاو پاڕانەوە، لەسێ بەش پێكهاتووە: هوم یەست، گات و یاسنا هاتبەهاتی 2_ ویسپەرد (فیسپەرد) بریتیە لە شێوەی پەرستن، تەواوكەری یەسنایە 3_ وەندیداد (فندیداد) بە واتای سەركەوتن بەسەر هێزی بەدو خراپ 4_ یەشت، سرودە بۆ نەمرە پیرۆزەكان... 5_ خوردە ئاڤێستا...)).

دەبێ بڵێم كە زمانی ئاڤێستا لە دیالیكتی موكری نزیك نییە بەڵكوو نزیكی و تێكەڵاوییەكی بەرچاوی لە گەڵ هەورامیدا هەیە. پاشان دابەشكردنەكەی ئاڤێستاش هەر هەڵەیە: یەكەم (یاسنا/ یەسن) نییە و (یەسنە)یە و نەك سێ بەش بەڵكوو بۆتە 72 بەش كە بە هەر بەشێك (ها/ هایتی/ هائیتی) دەگوترێت و شتێكمان بە ناوی (یاسنە هاتبەهاتی) هەر نییە !،(هوم یەست) نییە و (هەوم یەشت)ە كە ئەویش بەش (ها)یەكە لە یەسنا، گاتەكانیش جیاو سەربەخۆن و تەنیا بەشێكن لە ئاڤێستا كە مۆركی ڕەسەنی خودی زەردەشتیان پێوە ماوەتەوە، دووەم، (فیسپەرد) نییەو (ویسپێرەد)ە و واتای

شێوەی پەرستش نادات و تەواوکەری یەسناش نییە بەڵکوو خۆی بەشێکی جیاوازەو واتای (هەموو پیاو چاکان) دەدات: (ویسپێ واتە هەموو و رەد/ رەتوو_یش واتە چاکەکان. ئەم بەشە تایبەتە بۆ ناسین و ستایشی مرۆڤە چاکەکان. سێیەم، (فندیداد) نیەو (وەندیداد)ە بە واتای یاسای دژی دێو: (وێ) واتە دژ، (دەئو) واتە دێو، (داد/ دات)یش واتە هەمان داد/ یاسا. کاک سەنگەر هەموو ناوەکانی تەعریب کردوون! چوارەم، یەشت سرود بۆ نەمرە پیرۆزەکان نییە بەڵکوو هەر ئەم (یەشت)ەیە کە واتای شێوەی پەرستش دەدات و تەواوکەری یەسنەیە، کاک سەنگەر لێرەشدا واتای یەشت و ڤەندیدادی تێکەڵ کردووە. پێنجەم، خوردە ئاڤێستا کە ئەمیش بەشێکی هەڵبژێردراو و کورتکراوەی ئاڤێستایە بۆ ناو بۆنەو جەژنە ئایینیەکان. ئەمە 5 بەشەکەی لای کاک سەنگەر بەڵام لە ڕاستیدا ئاڤێستا نەك 5 بەش شەش بەش (دەفتەر)ە کە بە شێوە دروستەکەی ئەمانەن: 1_ گات 2_ یەسنا 3_ یەشت

4_ ویسپێرەد 5_ ڤەندیداد 6_ خوردە ئاڤێستا.

6_ لە بەشی (فەلسەفەو باوەڕی زەردەشت)دا دەڵێ: ((... بە پێی ئەم ئایینە لە سەرەتادا پرەنسیپی چاکەو خراپە هەبووە... چاکە لە لایەن ئەهوورا مەزدا و گیانی خراپە لە لایەن ئەهریمەنەوە بووە... ئەو کەسانەی کە پێڕەوی ئایینە سروشتیەکانیان دەکرد پێیان دەکوتن (دێو بەند/ دئیوسیا)... ئایینی زەردەشتی ڕاستەقینە بە هیچ جۆرێك ئاگر پەرستی تێدا نەبووە بەڵام کاتێ (ماگ/ موغ)ەکان کە تیرەیەك بوون لە ماد و کاروباری ئایینیان بەڕێوەدەبرد و ئاگر پەرست بوون هاتنە ناو ئایینی زەردەشتی و... هەر ئەوەش وای لە عەرەبەکان کرد کە بە زەردەشتیەکان بڵێن (مەجوس) یا ئاگر پەرست، ناوی (مەجوس)یش لە ناوی هۆزی (ماگوش)ەوە هاتووە کە موغەکان دەگرێتەوە ئەگینا ئیسلام لە کاتی هاتنیدا ... مامەڵەی خاوەن کتێب (اهل الکتاب)ی لە گەڵ زەردەشتیەکاندا کرد))!

یەکەم، بە پێی فەلسەفەی زەردەشت بە پێچەوانەی نووسراوەکەی کاك سەنگەر پرەنسیپی چاکەو خراپە لە سەرەتادا نەبووە بەڵکوو ئەوە نەمانی چاکە بوو کە خراپە هاتە ئاراوە، زەردەشت دەڵێ: (تاریکی بوونی نییە، ئەوە نەمانی ڕووناکییە کە هەست بە تاریکی دەکرێ)، پاشان ئاهوورا مەزدا و ئەهریمەن دوو هێزی بەرامبەر یەك نین، ئاهوورا خواوەند و خولقێنەری تاقانەیە و بەرزترو پیرۆزترە لەو شتە بچکۆلانە، لە ئایین و فەلسەفەی ئینسانیی ئەشوو زەردەشتدا دوو سیمبولمان هەن بۆ لێك جیا کردنەوەی چاکەو خراپە: (سپەنتا مینو) واتە ڕۆحی پیرۆز سیمبولی چاکەیە و (ئەنگەرەمینو) واتە ڕۆحی ناپاك/ نەگریس نوێنەری خراپەیە، ئەهریمەنیش دواتر سەری هەڵداوە بۆ دژایەتیکردنی سپەنتا مینو و لە سەرەتادا بوونی نەبووە.

دووەم، تەعبیری (دێو بەند و دئیوسیا) زۆر هەڵەو چەواشەن، ڕاستیەکەی (دێو یەسنا)یە کە بە ئایینی پێڕەوانی (درۆ) دەگوترێت.

سێیەم، زەردەشت لە فەلسەفەکەیدا پیرۆزی و ڕێز قایلە بۆ نوور/ ڕووناکی جا چ ئاگر بێت چ هەتاو... بەڵام نەك بۆ پەرستن. دەڵێ: (ڕووناکی زانایییەو پێش بە نەزانی و تاریکی دەگرێت، تیشکی هەتاو زەوی دەبووژێنێتەوە، تینی ئاگر میکرۆب و ڤایرۆسەکان دەکوژێت و بۆ پێشبردنی ژیان پێویست بۆیە دەبێ ڕێزی لێ بگیرێت و پیرۆز ڕابگیرێت.)، موغەکانیش ئاگر پەرست نەبوون و هەر لە ئاڤێستا و ئایینی زەردەشتەوە هەڵقوڵاون و بەو پێیەش ڕێزیان لە ئاگر وەك ڕووناکی و گەرمی بەخش و خاوێنکەرەوە گرتووە بەڵام عەرەبەکان یا بە ناحەزی و بۆ سووك کردن یانخود بە نەزانیی خۆیان ئەو فەلسەفە ئینسانیەیان بە ئاگر پەرستی لە قەڵەم داوە، (مەجوس)یش هیچ پێوەندییەکی بە (ئاگر پەرستی)یەوە نییە بەڵکوو وشەیەکی تەعریب کراوە، ئەم وشەیە لە ئاڤێستادا (مەغەو) و لە پالەویدا (موغ)ە کە لە زمانی پارسیی دێرینەوە چۆتە ناو زمانی ئارامی و بۆتە (مەگوش) و لەوێشەوە عەرەب وەریان گرتووەو تەعریبیان کردووە و بۆ سەرجەم

پێڕەوانی مەزدیەسناو ئایینی پیرۆزی زەردەشت بەکاریان هێناوە. حەز ئەکەم کاك سەنگەر بزانێ کە ئەم وشەیە لە قورئاندا لە سورەتی (حەج) ئایەتی (17)دا هاتووە، واتە هی دواتر نییە کە عەرەب بە بۆنەیەکەوە بۆ پێناسەی زەردەشتیەکان دایهێنابێت بەڵکوو هەر لەسەرەتای ئیسلامەوە هەبووەو...!

7_ لە خاڵی (11)ی بەشی پەراوێزەکاندا وشەی (دخم)ی نووسیوە کە دەبێ بڵێم ئەویش هەڵەیە و دروستەکەی (دەخمە)یە بە واتای شوێنی سووتاندن.

لە کۆتاییدا: هیوادارم کاك سەنگەر و سەرجەم خوێنەرانی بەڕێز لەم ڕوونکردنەوەیە کەڵك وەربگرن و هەمووشمان چاو و گوێمان بکەینەوە و ئەندێشەمان بە تیشکی زانایی ڕاستەقینە ڕووناك بکەینەوە تا تووشی هەڵە نەبین و بتوانین لە سای ئەشەو سپەنت ئارمەیتی دا وردترو ڕاستگۆیانەتر مێژووی دێرینی خۆمان بخوێنینەوەو لایەنە بزر بووەکانی بدۆزینەوە.

2002/10/10

***دەلاقەی دەیەم:***

## *گەر ئاڤێستا هی کوردە، دەبا کورد باشتری بناسێت*

ژمارە (1)ی گۆڤاری خنجیلەی (خازر)م خوێندەوە و گەلێ شادمان بووم بەوەی کە بەڕاستی ( لەم باغە هەردەم بەرێك پێدەگات) و لەلایەن خۆمەوە دەسخۆشیم لە خۆشەویستانی بەڕێوەبەری ئەم گۆڤارە کرد و هیوام خواست وەکو خۆیان بە دڵگەرمی و پشت ئەستوورییەوە گوتویانە، (هەمیشە سەرکەوتووبن و بۆ هەمیشەش بەردەوام بن لە خزمەتی ڕۆشنگەرانەی ڕۆژنامەنووسیی نەتەوەکەماندا، پێگەیشتنی ڕۆژنامەنووس و ڕۆشنبیری کارامە و دڵسۆز و چاك و، دەرکردنی گۆڤار و ڕۆژنامەی بەنرخ و جۆراوجۆری

کوردی ئاواتی هەموو کوردێکی ڕەسەن و نەتەوە پەرستە و جێی هیوا و دڵخۆشییە بۆ دواڕۆژی وڵات و نەتەوەکەمان.

چەند بابەتێکی جوان لاپەڕەکانی گۆڤاری (خازر)یان ڕازاندبوویەوە کە یەکێکیان بابەتێك بوو بە ناونیشانی (پەیوەندی کورد بە ئایینی زەردەشت) بە قەڵەمی (گۆران)، بابەتەکەم بە ئارەزوومەندییەوە خوێندەوە و دڵم خۆش کرد بەوەی کە نووسەرانی کورد ئەمڕۆ ئاوڕێکی زۆرتر لە مێژووی مێژینەی ئەم گەلە دێرینەیە دەدەنەوە و هەنگاوی جدیتر بەرەو دۆزینەوە و ناسینی قووڵتری ڕابردووی خۆیان دەنێن. بۆیە دەسخۆشی لە نووسەری ئەم بابەتە دەکەم و لەو سونگەیەوە کە هیچ کارێك بە تەواوەتی بێ کەموکوڕی نابێت و ئەم ڕێسایە ڕووبەڕووی ئەو نووسینەش دەبێتەوە. منیش بۆ دەرخستنی ڕاستیەکان و ڕووناك کردنەوەی ئاسۆی ڕوانینی خوێنەری بەڕێز چاوێك بەو هەڵانەدا دەگێڕم کە ڕووبەڕووی بابەتەکەی کاك (گۆران) بوونەتەوە.

کاك گۆران دەنووسێت: ((ناوی دایکی زەردەشت (دۆغدۆیە) بە کوردی واتە بێریڤان)).

ڕاستە ناوی (دۆغدۆیە)یە بەڵام وشەکە واتای بێریڤان نادات بەڵکو بە واتای کچ _ کەنیشك دێت. ئەم ناوە ئێستاش لە کرماشاندا بە هەندێ ئاڵوگۆڕەوە هەر بۆ کچ بەکاردێت (دوێد/دوئێد).

لە بەشێکی دیکەدا دەڵێت: ((زەردەشت کە بە هەڵە مەجووسیشی پێدەگوترێت هیچ تێکەڵاویی لەگەڵ مەجووسیەکاندا نەبووە...))

وشەی مەجووس لە بنەڕەتدا وشەیەکی ئاڤێستاییە (مەغەو) کە لە زمانی پارسییەوە ڕۆیشتۆتە ناو زمانی ئارامی و بۆتە (مەگوش) بە واتای (موغ) و لەوێشەوە چووەتە ناو زمانی عەرەبی و تەعریب کراوە و بۆتە (مەجووس) کە پێڕەوانی ئایینی مەزدیەسنا (زەردەشتیەکان) دەگرێتەوە. وشەی مەجووس لە ئایەتی 17ی سورەتی حەج لە قورئاندا هاتووە.

له شوێنێکدا دەنووسێت: ((... شوێنی له دایکبوونی زەردەشت دەڤەری (شیز) نزیکی ئورومیه بووە بەڵام ڕاستر دەڤەری (ئیدیانا ڤیچۆ) بووه...))

ئیدیانا ڤیچۆ هەڵەیه و ڕاستەکەی (ئێرانویج)ە که له ئاڤێستادا دەبێته (ئەئێریەنەڤەئیجه) به واتای توخمی ئاریایی. ئەئێریەنه وشەیەکی ئاڤێستاییه که هەمان وڵاتی ئاریا/ئێران دەگرێتەوه و (ڤەئیجه)ش له سانسکریتدا به واتای تۆو/توخم هاتووه.

سەبارەت به مێژووی لەدایکبوونی زەردەشت دەڵێ...: ((ساڵی 660پ.ز بوو له 30ی مانگی گوڵان))

ڕاو بۆچوونی زۆر و له ڕادەبەدەر لەمەڕ مێژووی له دایکبوونی زەردەشت دەربڕدراون و ئەو مێژوویەی (660پ.ز)یش تا ڕادەیەك جێی گرتووه بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیه که به پێی لێکدانەوه وردەکانی بەڕێز مامۆستا (زەبیح بهروز) که پسپۆڕێکی بەناوبانگی ئەستێرەناسی و هەروەها ئاڤێستاناسێکی بەرجەستەیه، ساڵی لەدایکبوونی زەردەشت دەکاته 1768ی پ.ز و دیاره ئەگەر سەیری ساڵژمێری زەردەشتیش بکەین لەگەڵ ئەو ڕایەدا یەك دەگرێتەوه و لەلایەن زەردەشتیەکان و زۆربەی لێکۆڵەرانیشەوه پەسەند کراوه و دەکرێ بڵێم کێشەی ئاڵۆزی مێژووی لەدایکبوونی زەردەشتی یەکلا کردۆتەوه.

دەڵێ: ((یەکەمین کەس مامەکەی به ناوی میتبوماه باوەڕی پێ هێنا و...))

میتبوماه هەڵەیه و (میدیومانگ) دروسته که له ئاڤێستادا دەبێته (مەئیدیوما ڤەنگهه) واته کەسێك که له نیوەی مانگدا سەری هەڵداوه.

سەبارەت به جوگرافیای ئایینی زەردەشت دەڵێ:

((... ئێستاش ئەم ئایینه لای ئەو گەلانه {هیندیەکان} ماوەتەوه و...))

باشتربوو بینووسیبا (پارسیەکانی هیند) چونکه له ڕاستیدا ئەم ئایینه لەلایەن ئەو ئێرانیانەوه گەیشته ئەوێ که له ترسی هێرشی بێ بەزەییانەی عەرەب هەڵاتن و هەندێ له تێکسته پیرۆزەکانیشیان لەگەڵ خۆیان ڕزگار کرد، ئاوارەکان له هیندستاندا

گیرسانەوە و هەر لەوێش بە پارسیەکانی هیند ناسران و ئایینەکەی خۆیان بڵاو کردەوە، ئەمە سەرەڕای ئەو نزیکایەتیەی کە لە بنەمای (ئاڤێستا و ریگ ڤیدا) دا هەبوو کە ئەوانی بەرەو ئەو وڵاتە ڕاکێشا و....

لە بەشێکی نووسینەکەیدا دەڵێت: ((زەردەشت بۆ ئەوەی ئایینەکەی زیاتر بڵاو بکاتەوە خۆشکی جاماسبی وەزیری کەی ویشتاسبی خواست و کچی مامەکەی خۆیشی دابە جاماسب...))

ئەم ڕستەیەش هەڵەیە، زەردەشت کچی مامی خۆی بە جاماسب نەداوە، ئەو کچە بچووکترین کچی خودی زەردەشت بوو بەناوی (چیستا) و زەردەشتیش تەنیا پێشنیاری پێکرد کە ئەگەر جاماسبی بەدڵە و بە پیاوێکی چاکی دەزانێت، بە هاوسەری خۆی هەڵیبژێرێت.

دەنووسێت: ((مەسعودی دەڵێ: ئەبستا واتە ئاڤێستا و بە عەرەبی پێی دەڵێن ئەبستاق.. ژمارەی سورەتەکانی بیست و یەك دانەیە...))

تەعبیری ڕاستتر ئەوەبوو کە بڵێت ئاڤێستا 7 نەسکە (کتێب) بووە، سوورەت جگە لەوەی بۆ ئاڤێستا بەکار نابرێت نەسکەکانیش ناگرێتەوە بەڵکو بەشە بچوکترەکانی دەگرێتەوە.

دواتر دەنووسێت: ((زەردەشت شەرحێکی بۆ ئاڤێستا نووسیبوو ناوی نابوو (زەند)... پاشان ئەمەی کردە کوردی کۆن (پالەوی) دووبارە ئەمیشی بۆ فارسی وەرگێڕا ناوی نا (پازەند)...))

حەزم دەکرد کاك گۆران تۆزێ وردتر لە مەسەلەکە ڕامابا و تووشی ئەو هەموو هەڵە زەقە نەبووایە، زەردەشت زەندی نەنووسیوە و وەرگێڕیش نەبووە و ئەوەش کاری پێغەمبەرێکی مەزنی وەك زەردەشت نیە، زەند بە واتای (ڕاپۆرت) دێت و مەبەست شیکردنەوەیە، زەند شەرحێکە لەسەر ئاڤێستا کراوە وەکوو تەفسیرەکانی سەر قورئان

و ... بەڵام ئەو شەرحە پڕبوو لە وشەی ئارامی بۆیە هێشتا تێگەیشتنی سەخت بوو هەر ئەوەش بوو کە بیریان لە شیکردنەوە و ئاسانکارییەکی دیکە کرد و ئەمجارە شەرحێکی دیکەیان لەسەر زەند نووسی کە وشە ئارامیەکانیان تێدا دەرهێنا و ناویان نا پازەند واتە شیکردنەوەی تەفسیری یەکەم و ئەویش لەلایەن لیژنەیەك لە مۆبد و زمان ناسانەوە و گەلێ دوای زەردەشتیش کراوە.

لە شوێنێکی دیکەدا دەنووسێت: ((... لە ئاڤێستا پێك هاتووە تا ئەمڕۆ بەدەستەوە ماوە ئەکرێت بە چوار بەشەوە وەکو (یسنا) و (وندیداد) و (پشتەکان) و (ویسپرد)...))

دەبێ بڵێم کە ئاڤێستای ئەمڕۆ بۆتە 6 بەش نەك چوار کە بریتییە لە: گاتا، یەسنا، ڤەندیداد، یەشت، خوردەئاڤێستا، ویسپێرەد. گات/ گاتا/گاتە واتە گاس/ گازە کە مەبەستی بانگ کردن و ڕازونیازە لەگەڵ ئەهوورامەزدا، یەسنە/ یەسنا واتە نیایش، ڤەندیداد واتە یاسای دژی دێو، یەشت واتە نیایش کە هەر لە هەمان یەسنا وەرگیراوە، خوردە ئاڤێستا بریتییە لە چەند بەشێکی ورد وردی هەڵبژێردراوی ئاڤێستا تایبەت بۆ جەژن و بۆنەکان، ویسپێرەد واتە سەرجەم ڕەدان/ هەموو مرۆڤە چاکەکان (هیوادارم لە مەجالێکی دیکەدا بە دوور و درێژی لەسەر شیکردنەوەیان بڕۆم بۆ ئاشنا بوونی زۆرتری خوێنەری بەڕێز).

دەنووسێت: ((ئاڤێستا وەکو کتێبە ئایینیەکانی تر کتێبێکی ئایینیە گەرچی ڕواڵەتی بێزاری بەرامبەر بە هەموو لە گاتاکاندا بەدی دەکرێت...))

من هەرچیم کرد لەم ڕستە ئاڵۆزە تێنەگەیشتم و حەز دەکەم دواتر کاك گۆران ڕوونی بکاتەوە!

لە بەشی (بۆ کوردەکان بوونە موسڵمان)دا چەند نموونەیەکی وێکچوون لە نێوان ئاڤێستا و قورئاندا دێنیتەوە کە دەبێ بڵێم نموونەی یەك لە هەزار بوو چونکە لە ڕاستیدا گەر

زۆرتر لەو دوو کتێبە ورد بینەوە بۆمان دەردەکەوێت کە بەڕێژەی پتر لە 70٪ ی قورئان لە ئاڤێستا وەرگیراوە و دووبارە کراوەتەوە و لە هەندێ شوێندا دەسکاری کراوە و....

دەڵێت: ((لە ئاڤێستادا دوو هێز لەگەڵ یەکتر لەشەڕدان هێزی نوور و هێزی تاریکی، لەشکری ڕووناکی بە سەرۆکایەتی ئاهورامەزدا... و هێزی تاریکیش بە سەرۆکایەتی ئەهریمەن...))

نازانم چۆن کاك گۆران بابەتێکی هێندە قورس و هەستیاری هەڵبژاردووە کە خزمەت بە مێژووی کورد دەکات کەچی تووشی هەڵەی ئەوتۆ بووە کە لە ئەنجامدا بە زیانی فەلسفەی مێژوویی بشکێتەوە. کاك گۆران بە فەرامۆش کردنی ناوی سپەنتامینو لە بەرامبەری ئەنگەرە مینودا ئاهورامەزدای هێناوەتە ڕیزی دژایەتی کردنی ئەهریمەن واتە هێندەی دابەزاندووە کردوویەتیە هاوڕەزمی شەیتان! لە حاڵێکدا ڕاستیەکەی وانیە بەڵکو باشتر بوو بڵێت: دووهێزی دژ بەیەکی خێر و شەڕ/ ڕاستی و درۆ/ نوور و تاریکی هەمیشە لە شەڕدان، چاکە و خێر و ڕاستی و ڕووناکی بە سەرۆکایەتی سپەنتامینو واتە ڕۆحی پاك و خراپە و شەڕ و درۆ و تاریکیش بە سەرکردەیی ئەنگەرەمینو (ئەهریمەن) واتە ڕۆحی خراپ و نەگریس، دیارە ئاهورامەزدا لە پاشەڕۆژدا پاداشتی سپەنتامینو و شوێنکەوتووانی بە چاکە دەداتەوە و ئەهریمەن و دواکەوتووانیشی بە سزا دەگەیەنێت، نەك یەزدانی مەزن بکاتە بەرەیەکی شەڕ و ئەهریمەنیش بەرەیەکی دیکە و بەمجۆرە لە مەزنایەتیی و پیرۆزیی ئاهورامەزدا کەم بکاتەوە! ئەمەو، پێویستە بڵێم کە لە نیوە تا کۆتایی ستونی یەکەمی لاپەڕە (58) دووبارە بوونەوەی هەمان ئەو دەقەیە و پێموایە پێویستی بە نووسینەوە نەدەکرد. لە کۆتاییدا دەڵێم هیوادارم خوێنەری بەڕێز سوودی لەم ڕوونکردنەوەیە بینیبێت و کاك گۆران و دیکەی ئەو بەڕێزانەش کە خۆیان لە بابەتی مێژوویی دەدەن هوشیارانە و وردبین تر بڕواننە مەسەلەکان و هەموو لایەکمان هەوڵ بدەین ڕاستیە مێژووییەکانمان وەك خۆیان و بە دروستی بەرجەستە بکەینەوە.

2002/11/25

***دەلاقەی یازدەهەم:***

## *ئەو ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە*

نەورۆز، هەروەك چۆن وشەیەكی ڕەسەنی كەردییە، هەرواش بۆنەو مێژوویەكی هەرە دێرینی ئەم نەتەوە مێژینەیەی سەرگۆی زەمینە و سەرەڕای ئەوەش سیمبول و نیشانەیەكی زیندوو و سەلمێنراوە لەمەڕ ئاستی بڵندی زانایی و شارەزایی و بەئاگایی مرۆڤی كورد لەبوارە جۆربەجۆرەكانی ماتماتیك و فەلەكیات (ئەستێرەناسی) و كەشناسی و سروشت و ساڵژمێری و...تد.

ئەگەر سەیری مێژووی سەرجەم گەلانی جیهان بكەین، دەبینین بنەما مێژووییەكەیان لەسەر خاڵێكی مێژوویی دامەزراوە كەخۆی لە كۆچ كردن، لەدایكبوون یانخود كۆچی دوایی كەسێكدا دەبینێتەوە و لەئەنجامدا ئاڵوگۆڕ و ناسەقامگیرییەكی بەردەوام لەدەسپێكردن و كۆتایی ساڵەكانیان و لەبۆنەكانیاندا دەبینرێت، لەناو هەموو مرۆڤایەتیدا تەنها نەتەوەیەك بەئەقڵیەتێكی گەردوونی سەرو مرۆیی بیری لەم كارە كردۆتەوە كە ئەویش نەتەوەی كوردە. مرۆڤی كورد پێش هەموو هاوچەشنەكانی لەم جیهانەدا توانیی

پەی بەسووڕانەوەی (365) ڕۆژەی هەتاو و هاوکێشەی بووژانەوەی سروشت و دەستپێکردنەوەی ژیان پاش وەستانێکی کاتی بەرێت و زانستی ماتماتیك و ئەستێرەناسی لەو هاوکێشەیەدا دیاری و بەرجەستە بکات. مرۆڤی کورد (جەمشیدی پێشدادی) بۆ یەکەمجار کات و شوێنی دوایین سووڕی هەتاوی لەماوەی ساڵێکدا دیاریکرد و پیشانیدا کە کەش و هەوا لەو کاتەدا دەگۆڕێت و خاك دەبوژێتەوە و هەتاو یەکەمین چرکەکانی سووڕێکی نوێ دەسپێدەکات، کەواتە لەیەك سوڕی تائەو کاتە (365) رۆژی تەواو تێپەڕیوە کەدەکاتە یەك ساڵی تەواو، ئەویش دابەش دەبێتە سەر چوار وەرزی سێ مانگی، ئیدی پاش چرکە کۆتاییەکانی ئەو ڕۆژە، یەکەم ساتی ڕۆژێکی نوێ دەسپێدەکات کە مرۆڤی کورد ئەو ڕۆژەی بەناوی (نەورۆز) دیاری کردووە. نەورۆز: ( نوك روج _ نوێ ڕۆژ = ڕۆژی نوێ، واتە یەکەم ڕۆژی ساڵی نوێ )، وەکوو پێشتر گوتمان ناوێکی ڕەسەنی کوردیەو تەنها بەهۆی لەباربوونی گۆکردنیەوە هەندێ گۆڕانکاری زمانەوانیی بەسەرداهاتووە، (نوك) واتە نوێ بۆتە (نۆ _ نەو) و (روج) واتە ڕۆژ بۆتە (روز) کەهەندێکەس بەهەڵە بەفارسیی تێدەگەن! لەحاڵێکدا هەموو لایەکمان دەزانین کە بنەمای زمانی (پەهلەوی و ئەشکانی و هەخامەنشی) هەمان زمانی دێرینی کورد (هەورامی)یە و بەتەعبیرێکی دیکە دەبێ بڵێین زمانی پەهلەوی هەمان شێوازی کارپێکراو و ستاندارد و گەشەسەندوو و پێشکەوتووی زمانی هەورامیی ئەو سەردەمەیە.

هەروەك کوردە پێشدادیەکان ئاگر و نەورۆزیان کەشف کرد، دوای ئەوان کوردە کەیانیەکان ئەو ڕۆژەیان دیاریکرد بۆ سەرهەڵدان و ڕاپەڕین و دوای دوازدە ڕۆژ سەرکەوتن بەسەر حوکمی دیکتاتۆرانەی ئەژیدەهاکی (تازی)دا. واتە هەروەکچۆن نەورۆز لە لایەن جیلێکی کوردەوە (پێشدادی) وەکوو بنەمایەکی سروشتی و دەسپێکی ساڵێکی نوێ داهێنرا، هەرواش بەهۆی جیلێکی دواتری ئەم گەلەوە (کەیانی) چەمکێکی تازەتری پێ بەخشرا و دۆخێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی بەخۆوە گرت و بوو بە بناغەی شۆڕش و

راپەڕینێکی سەرتاسەری دژی دوژمنی داگیرکار و دامەزراندنی حکوومەتێکی رەوای کوردی لە خاکی کوردستانی گەورەی سەردەمی پێش مێژوودا. لەبیرمان نەچێت کە زوحاکی کوڕی (مەرداس)ی تازی لە (کرند)ی لای کرماشان دانیشتووەو ئەو مەڵبەندە جوان و ئاوەدانەی کوردی داگیر کردووە و کردوویەتیە پایتەختی حوکم و دەسەڵاتی سەرکوتکارانەی خۆی، تا ئەوەی کە نەوەکانی دواتری جەمشید تۆڵەی کوشتنی باپیرە و دیکەی گەنج و لاوە کوردەکانیان لێکردوەو کوشتیان و دەسەڵاتە رەوا و زەوتکراوەکەیان خستەوە دەستی خۆیان. گەر بگەڕێینەوە بۆ ڕۆژەکانی پێش ڕاپەڕینی کوردە دوورخراوەکان، دەبینین بەرنامە و گەڵاڵەیەکی چڕوپڕی سیاسی دانراوە بۆ سەرهەڵدان و رووخاندنی دەسەڵاتی دوژمن، واتە:..

1_ لەدوایین هەفتەی کۆتایی ساڵدا کۆدەبنەوە و مشووری خۆیان دەخۆن و دەنگ وخواست و ئیرادەی خۆیان یەکدەخەن.

2_ لەدوایین چوارشەممەی ساڵدا یەکدەنگ و یەکڕەنگ بڕیاری ڕاپەڕین دەدەن و ڕۆژی نەورۆز بۆ ڕاپەڕینەکەیان دەسنیشان دەکەن و هەر ئەو ڕۆژە (دوایین چوارشەمەی ساڵ) بەهۆی باشترین ئامێری ڕاگەیاندنی ئەو سەردەمە (ئاگر) یەکدی ئاگادار دەکەنەوە.

3_ ڕۆژی نەورۆز دژی زوحاك ڕادەپەڕن و ئەم راپەڕینە دوازدە رۆژی تەواو دەخایەنێت و پاش دوازدە ڕۆژ بەسەر دوژمندا زاڵ دەبن و رژێمێکی بۆگەن و دڕندە لەگۆڕ دەنێن و حوکمی کەیانی ڕادەگەیەنن (حوکم و دەوڵەت و سیستەمێك کە پێشتر لەمەنفادا گەڵاڵەی بۆداڕێژراوە و چوارچێوەکانی ئامادە کراون).

4_ ڕۆژی دوای ڕاگەیاندنی حکومەتیش (سێزدەهەم) دەکەن بەجەژنی سەرکەوتن و شایی و هەڵپەرکێ و پیرۆزبایی لێککردن. بۆیەش لەوەودوا دەبینین کەئەو چەند ڕۆژە وەکوو بۆنەیەکی پیرۆز بەفەرمی دەناسرێت و دەبێتە بەشێك لە کلتووری نەتەوەیی:

چوارشەممەی کۆتایی ساڵ بە (چوارشەممە سووری) ناو دەنرێت و کوردەکان (خاوەنە ڕاستەقینەکانی ئێران _ ئایران _ی دێرین) دەیکەنە جەژن و تیایدا ئاگر دەکەنەوە و شایی دەگێڕن و بەهۆی ئاگری پیرۆز و گۆرانی و چریکەی ئاهوورایی و شیعری پاراو بۆ نەورۆز و جەژنی سەرکەوتن پیرۆزبایی لێکدی دەکەن:

"جەژنەن شادییەن موبارەکبادەن

باخچەی ئاواتم پەڕ گوڵەن شادەن

وەشی و سەفاو سەیر جەژن و شادییەن

دەس نەگەردەنەن رۆی ئازادییەن"

پاشان لەیەکەم ڕۆژی سەری ساڵەوە (نەورۆز) تا سێزدەی ئەو مانگە دەکەنە پشووی فەرمیی جەژنانە و خەریکی سەردان و دیتنی یەکدی و گەشت و سەیران دەبن و ڕۆژی سێزدەش تەرخان دەکەن بۆ چوونە دەرەوە و لەباخ و بێستان و کێو و پێدەشتەکاندا یەکتر بینین و جەژنەپیرۆزە لێکدی کردن و پێشکەش کردنی چەپکە گیایەکی پیرۆز (گەنمی ڕواو) بە ناوی (سەمەنو) و بەڕەمزی " ژیان بۆ سروشت و ئاوەدانی بۆگێتی " پێشکەشی زەوی دەکەن. هەموو ئەم ڕاستییە مێژووییانەش، سەروەری و پێشەنگی و زانایی کوردمان پیشان دەدەن و ئەوەمان بۆ دووپات دەکەنەوە کە کوردی دێرین خاوەنی یەکەم چەمك و یەکەم بیرۆکە و یەکەم هەنگاوی شارستانیەت و ڕۆشنبیرییە پێش هەموو گەلانی دیکەی جیهان و پێش مێژووش...

جێی خۆیەتی پرسیارێکی تاڵ و پێشنیارێکی شایان بکەمە دوا خاڵی کۆتایی ئەم کورتە باسەم:

- ✓ ***نەتەوەیەك بەو مێژووە پڕ شانازیەوە... بەو ئاستە بەرزەی پێشکەوتنەوە (پێش مێژوو)، بۆچی ئەمڕۆ خۆی بەدواکەوتوو دەزانێت و بۆتە***

***شوێنکەوتوویەکی چاو بەستراوی دیتران و بۆچی بەخۆیدا نایەتەوە و ناگەڕێتەوە دۆخی پێشکەوتوو و شایستەی جارانی؟***

- ✓ ***باشتر وایە حکوومەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان بەپەیڕەوی لەمێژووی مێژینە و پڕشنگدارمان، لەجیاتی بۆنە نائاساییەکانی دیتران، ئاوڕ لەنەورۆز بدەنەوە و بۆ پاراستنی ئەو پڕەنسیپە مێژینەیەمان پشووی نەورۆز تا سێزدەبەدەر بکەنە پشووی ڕەسمیی وڵات و بەمچەشنە هەنگاوێکی ئەمەکدارانە باوێن بەرەو دەرککردنی زۆرتری مێژووی پڕشنگدار و مێژینەی نەتەوەکەمان ).***

**سڵاو بۆ نەورۆزی پیرۆز و دێرین و جاویدانی کورد**

هەولێر 2007/2/12ی زاینی / 2706/10/23ی کوردی و 3775ی ئاهوورایی

***دەلاقەی دوازدەهەم:***

## ***شایی و زەماوەند لە هەورامانی دێریندا***

هەورامان وەکچۆن کۆمەڵگەیەکی هەرە دێرینەو دەتوانین بڵێین سەرەکیترین و سەرەتاییترین کۆمەڵگەی نیشتەجێ و سەقامگیری مێژووی مرۆڤایەتییە، هەرواش کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتووی خاوەن کلتوورو کەلەپووری دەوڵەمەند و شارستانییەتی درەوشاوە بووە. جەماوەرێکی تێگەیشتوو و پێگەیشتووی تێدا ژیاوەو ئازادی و دیموکراسییەتێکی وای تێدا رەچاو کراوە کە تاك لەبەرامبەر کۆمەڵ و کۆمەڵیش لە هەمبەر تاکدا خۆیان بەرپرسیار زانیوە و هەموو، بۆ هەموان و لەپێناو بەختەوەریی هەمواندا ژیاون و هیچکەس و لایەنێك بە ئازادیی خۆی، ماف و ئازادیی دیترانی زەوت و پێشێل نەکردووە و ئاسایشی کۆمەڵگە و بەختەوەریی جەماوەری بۆ بەرژەوەندیی خۆی نەخستۆتە بەر هەڕەشە و مەترسییەوە. واتە لەو کۆمەڵگەیەدا ماف و ئازادیی تاك و کۆمەڵ بە واتا مرۆییە راستەقینەکەی پەیڕەو کراوە و بەکار هێنراوە. هەر بۆیەش هەموو تاکێك ئەوپەڕی گوڕو توانای خۆی خستۆتە گەڕ بۆ ئاوەدانکردنەوەو گەشە پێدانی وڵاتەکەی و دەستەبەر کردنی ژیانێکی ئاسوودە و بەختیار بۆ جەماوەر بە بێ جیاوازی و بە شێوەیەکی گشتگیر و یەکسان، ئەمەش بۆتە هۆی پێشکەوتنی هەورامان تا ئاستێکی زۆر بەرز لە هەموو بوارەکاندا و هەرواش پێشەنگایەتیی مرۆڤی هەورامانی لە گەلێ لایەنی زانستی و پیشەیی و دارایی و هونەری و رۆشنبیری و...دا. پرەنسیپە راستەقینە مرۆییەکانی ئازادی و دیموکراسی لە هەورامانی دێریندا بۆتە بنەمایەك بۆ ژیانی هاوبەش و یەکسان لە نێوان سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵ بەبێ جیاوازیی رەگەز، بیروڕا، رەنگ، سەلیقە و خواست یا هەر شتێکیدیکە.

باسکردنی سەرجەم لایەنەکانی ژیار و ژیانی مرۆڤی هەورامان پێویستی بە دەرفەت و مەودا و ئیمکانیەتێکی زۆرتر هەیە کە لەگەڵ ئەم باسەی ئێستای ئێمەدا ناگونجێت و جێی نابێتەوە، بۆیە لێرەدا لایەنێکی تایبەتی کۆمەڵایەتی دەخەینە بەرباس کە لە هەورامانی دێریندا ئاوێتەی چەمك و ڕەهەندە جۆربەجۆرەکانی: فکر و فەلسەفە و رۆشنبیری و ئاستی بەرزی شارستانیەت کراوە و بۆتە بناغەیەك بۆ کۆمەڵگەیەکی تەندروست و ئاسوودەو پێشکەوتوو، ئەویش پێکهێنانی ژیانی هاوسەری و ئازادی و مافی یەکسانی ژن و پیاوە لە هەڵبژاردنی شەریك و رێچکەی ژیاندا و هەوراش چۆنیەتیی بەرێوەچوونی رێورەسمی تایبەت بەو بوارەیە. باشترە سەرەتا ئاورێك لە رابردووی دوورتری هەورامان بدەینەوە و بچینەوە بۆ زەمەنی پێشتر لە دووسێ هەزار ساڵ لە هەوراماندا:

ئافرەت لە هەورامانی دێریندا وەکوو مرۆڤێکی کامڵ سەیری کراوە، بەبێ هیچ چەشنە جیاوازییەك لەگەڵ پیاودا، مافی تەواوی لەسەرجەم بوارەکانی ژیاندا هەبووە و هەموو کەس و لایەنێك رێزی تەواوی لەو مافە گرتووە، ئافرەت زۆر بە ئاسانی توانیویەتی بەشداریی سەرجەم پرۆسەکانی ژیان بکات و بەبێ ئەوەی لە لایەن پیاوەوە رووبەڕووی هیچ کۆسپ و هەڕەشە و ترساندن یا هەرچەشنە بەربەستێك ببێتەوە، توانیویەتی قۆناغە یەك لەدوا یەکەکانی چالاکیی رامیاری و کۆمەڵایەتی و ئابووری و رۆشنبیری و تەنانەت سەربازییش تێپەڕ بکات و بگاتە پلەوپایەی فەرماندەیی و سەرکردایەتی و رێبەراتیکردنی کۆمەڵگە، نموونەی ئەو شێرەژنانەمان زۆرن کە لە هەورامانی دێریندا گەیشتوونەتە بەرزترین پلە لە هەموو بوارەکاندا، دەتوانین بە نموونەی (مشتێك لە خەرمان) ناوی کەسانێکی وەکوو: مسریجان و ئەرنەواز و شارییان و دایەخەزان و...تاد بەرین کە هەریەکەیان بوونەتە کەسایەتییەکی بەهێز و دیار و بەرچاو و هێژا لە مێژووی کۆنی ئەم نەتەوەیەماندا.

کچ له هەوراماندا خاوەنی مافی تەواوی خۆی بووە وەکوو مرۆڤێك و خۆی بڕیاری لەسەر ژیان و چارەنووسی خۆی داوە و هەرخۆی چۆنیەتیی ژیان و ژینگە و بوارەکانی چالاکیی خۆی دیاریکردووە، خۆ ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی حەزرەتی زەردەشت و پیرشالیاری هەورامان، ئەوا ئەم راستییەمان جوانتر و بەرجەستەتر بۆ دەردەکەوێت، بەتایبەتی کاتێ دەبینین لەو سەردەمەدا ئافرەت توانیویەتی بە بێ هیچ بەربەستێك و بەوپەڕی ئازادییەوە بەشداریی چالاکانەی هەبێت لە پرۆسەی هەڵبژاردن یانخود خۆ پاڵاوتن و نوێنەرایەتیکردنی جەماوەر لە دامودەزگاکانی بەڕێوەبردنی وڵاتدا، یا کاتێ گفتوگۆی نەرم و مرۆیی و بیرمەندانەی حەزرەتی زەردەشت دەبیستین لەگەڵ ( چیستا)ی کچیدا لەمەڕ هەڵبژاردنی هاوسەر و پێکەوەنانی ژیانی هاوبەش:

" کچی بەڕێزم، ویشتاسپ سەرنجی منی راکێشاوە.. گەنجێکی تێگەیشتووی پێگەیشتووی دەست و دڵ و دەروون و داوێن پاکە.. دۆست و خوازیاری راستی و خۆشەویستی و دوژمنی درۆ و ڕق و کینەیە.. مرۆڤێکی کامڵ و هێژا و بەڕێزە و بە ڕاستگۆیی و لێبوردەییەوە خزمەتی ژیار و ژیانی مرۆڤ دەکات.. کچی ئازیزم، حەزدەکەم تۆش بیناسیت.. لە ئاکاری ورد ببیەوەو لێی رامێنی.. گەر هاتو تۆش پەسەندت کرد و بەدڵت بوو.. گەر بە شایستەی ژیانی هاوبەشی خۆت زانی، ئەوا دەتوانی هەڵیبژێری.. خۆ ئەگەر منیش لە راوبۆچوونەکانی خۆت ئاگادار بکەیتەوە، ئەوا سوپاست دەکەم.."!

ئایا ئەم گفتوگۆ و پێشنیارە بیرمەندانە مرۆڤانەیەش ئەوپەڕی رۆشنبیری و پێگەیشتوویی و مافی یەکسان و ئازادیی تەواو و ئاستی بەرزی شارستانییەتی مرۆیی لە هەورامانی دێریندا پیشان نادات؟ من پێموایە ئەو راشکاوییە راستگۆیانەیە لەنێوان باوك و کچێکدا، تەنانەت لەم سەردەمە هەرەپێشکەوتووەشمان ناوازەیە. ئەم گفتوگۆیە ئەوەمان بۆدەسەلمێنێت کە ماف و ئازادی و کەرامەتی مرۆڤ لەدێرزەمانەوە لەهەورامان ناسراوە و بەتەواوەتی پەیڕەو کراوە.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەخاڵێك بدەین، ئەویش ئەو ئاڵوگۆڕانەیە کەپاش داگیر کردنی هەورامان لەلایەن سوپای هێرشبەری عەرەب و داسەپاندنی هەندێ نەریت بەهۆی هێزی شمشێرەوە و لاواز بون و پشتگوێ کەوتن و نەمانی بەرەبەرەی کلتووری ڕەسەنی پێشوو، بەتایبەتی داسەپاندنی نەریتی دزێوی پیاوسالاری، بەرچاو دەکەوێت، دیارە ئەو نەریتە نەخوازراوە بەرەبەرە جێی خۆی لەناو جەماوەردا کردۆتەوە و پاشان بۆتە بەشێك لەکلتووری جەماوەری هەورامان بەتایبەتی و کوردستانیش بەگشتی، هەربۆیەش دەبینین ئەم دۆستایەتی و یەکسانی و راشکاویەی نێوان باوك و کچ، خوشك و برا، ژن و مێرد و بەگشتی دوو ڕەگەزی نێر و مێ بەرەبەرە کزبووە و بەرەو لاوازی چووە. (ئەم ڕوون کردنەوە لەو ڕوانگەیەوە بەپێویست زانرا، کاتێ باسی دەستووری شایی و زەماوەندی هەورامان دەکەین، خوێنەر بەهەڵە تێنەگات و دۆخی ئێسا لەگەڵ ئەو سەردەمە دێرینەدا بەدژبەر و ناکۆك لێکنەداتەوە و ....)!

ئێستاش بابزانین ڕێوڕەسمی شووکردن و ژن هێنان لەهەوراماندا چۆن و بەچ شێوەیەك بووە:

1_ دوای ئەوەی کوڕ و کچێك یەکدی پەسەند دەکەن و پێکدێن، کوڕەکە لەگەڵ باوکیدا قسەدەکات و داوای لێدەکات کچەکەی بۆخوازبێنی بکات. باوك و دایکی کوڕ دەکەونە خۆ و لەدەرەفەتێکدا ئافرەتێك دەنێردرێتە ماڵی کچەکە و لەگەڵ کچەکە و دایکەکەیدا باسی مەسەلەکە دەکات کەبەمکارە دەڵێن (پاماڵی/ڕاماڵی) واتە ڕێگاکردنەوە و زەمینە خۆش کردن بۆ خوازبینی.

2_ باوکی کچەکە چەند پیاوماقوڵێك دەنێرێتە ماڵی کچ و داوای کچەکەیانی لێدەکەن کەپێی دەوترێ (ئیجبی) (زۆرجاریش هەردوو باوك خۆیان پێکەوە قسەدەکەن و شتەکە دەبڕنەوە) نێردراوەکان دەگەڕێنەوە و پەیامی ئەولا ئاراستەی ماڵی کوڕەکە دەکەن لەگەڵ پیرۆزباییەکی سەرەتاییدا.

3_ بەرەزامەندیی هەردوولا رۆژێك دیاری دەكرێت بۆ دانیشتن لەمەڕ وردەكارییەكان، لەورۆژەدا باوك و دایكی كچەكە ئەو رێژەی پارە و زێرە دیاری دەكەن كەدەبێماڵی كورەكە بۆ كچەكەیانی بكەن و هەردوولا رێك دەكەون لەسەر رێژەكە، بەمەش دەڵێن (ماڵ بڕ) و پاشان رۆژێكیش دادەنێن بۆ (دیاری كردن)، ماڵبڕ بریتیە لە دیاریكردنی: شیربایی و مارەیی، شیربابیش كەلەلایەن ماڵی كورەكەوە دەدرێ، لەلایەن ماڵی كچەكەوە كەل و پەلی ناوماڵی پێ دەكڕدرێت و لەگەڵ بووكدا دەنێردرێت.

4_ رۆژی دیاریكردن دەگات و هەردوولا لەماڵی باوكی كچ كۆدەبنەوە و بەفەرمی كچەكە بۆكورەكە دیاری دەكەن و جلوبەرگی تایبەتی دەكەنە بەر، جلوبەرگ و ئەنگوستیلەیەك كەلەلایەن ماڵی كورەكەوە كڕدراوە و پێشكەشدەكرێت، دوای ئەوەش رۆژی شیرینی خۆران دیاری دەكەن و ئیدی لەو شەوەوە بەكوڕ و كچ دەڵێن (دەزگیران).

5_ رۆژی دیاریكراوی شیرینی خۆران جلوبەرگێكی دیكە پێشكەشی كچ دەكرێت و شیرینی و شەكراوی ئەو پێكهاتن و پێكگەیشتنە دەخۆنەوە و بەشایی و گۆرانی و هەڵپەركێ، دەسپێكی ئەو ژیانە هاوبەشە پیرۆز دەكەن و پاشان رۆژێك دیاری دەكەن بۆ مارەبڕین.

6_ ماڵی كوڕ بۆ رۆژی مارەبڕین، مەلایەك و چەند پیاوماقووڵێك لەگەڵ خۆیان دەبەن و لەماڵی كچدا كۆدەبنەوە، مەلا كوڕ و كچەكە لێك مارە دەكات لەسەر ئەو برە (ماڵ) واتە شیربایی و مارەییەی كەپێشتر دیاری كراوە و هەردوولا لەسەری رێك كەوتوون، ئیتر لەو كاتەوە كچ و كوڕ بەئاشكرا دەبنە هی یەكدی واتە (بووك و زاوا) و ئیدی هەمیشە زاوا بەئاسوودەیی هاتوچۆی ماڵی خەزوورانی دەكات. هەرلەو رۆژەشدا رۆژی (زەماوەند) دیاریدەكەن كەزۆرجار دەبێتە چەند مانگێك یان تەنانەت ساڵێكیش و ئیدی لەو ماوەیەدا قۆناغێكی نوێ لەژیانی زاوا دەست پێدەكات ئەویش كاركردنە بۆ ماڵی بووك، واتە زاوا

زۆربەی زۆری کاروباری ماڵی خەزوورانی ئەنجام دەدات و لەژیانی ڕۆژانەیاندا خزمەتیان دەکات کەبەو کارکردنەی زاواش دەڵێن (ڕەسێ/ ڕەسەکێشای)

7_ چەند ڕۆژ پێش زەماوەند، هەرکام لەماڵی کوڕ و کچ خزم و دۆست و ناسیاو و دراوسێی خۆیان ئاگادار دەکەنەوە و داوەتنامەیان بۆ دەنێرن. ڕۆژی دیاریکراو دەگات و هەموو دانیشتوانی گوند لەشوێنێکدا کۆدەبنەوە کەپێیدەڵێن (زەماوندگا) و ژن و پیاو (ڕەشبەڵەك) دەست دەگرن و خەریکی شایی و هەڵپەڕکێ دەبن، دوو یا چەند گۆرانیبێژ گۆرانی دەڵێن و جارجاریش دووکەس بە(زوڕنا و دەهۆڵ) جێی ئەوان دەگرنەوە و شاییەکە گەرمتر دەکەن، لەولایشەوە زۆربەی کوڕ و کاڵی ئاوایی، هەرکام هێستر یا ئەسپی خۆی دێنێت، (مەوج)ێکی بەسەردا دەدات و هەموان پێکەوە بەدەوروبەری زەماوندگا و ئاواییدا دەیکەنە (چوارناڵ) و (غارغاران) و پێشبڕکێی سواری و غار بەئەسپ و هێستر. لەلایەکی دیکەشەوە چەندین کەس لەماڵی زاواوە دەڕۆن بۆ ماڵی بووك بۆیارمەتیدانی ئەوان لەکاروباری خزمەت کردنی میوانەکاندا کەیەکێك لەو کەسانە ئافرەتێکە پێی دەڵێن (پاوەیوە) کەنزیکترین کەسە بەزاوا و هەرئەویش کاروباری ئامادەکردن و ڕازاندنەوە و بەڕێخستنی بووك ئەنجام دەدات، باشترە بڵێین پاوەیو ڕۆژێك پێش ئەوان دەچێت و کاری (خەنەبەندان) تەواو دەکات.

دوای نیوەڕۆ کاتی گواستنەوەی بووکە، بۆیە خەڵکەکە دەچنە بەر دەرگای بوك و لەحاڵێکدا کە (پاوەیو) خەریکی ئامادە کردنی بووکە، گۆرانیبێژەکان دەیدەنە چەپڵە ڕێزان و بەگۆرانیەکی تایبەت بووکەکە خۆشحاڵ دەکەن و لەبواری مەعنەوی و ڕۆحییەوە ئامادەتری دەکەن:

" وەی وەی باڵابەرز مەگرە مەتۆقە
سەر و سینەکەیت ساج و سندۆقە"

زۆرجار منداڵێکی ماڵی بووک یا لەخزمەکانیان دەرگاکە پێوە دەدات و ناهێڵێ هیچکەس بچێتە ژوورەوە، تا ئەوەی کەپیاوێك دەچێت و دیارییەکی پێشکەش دەکات ئنجا دەرگاکە دەکاتەوە، ئەمەش کارێکە کە پێیدەڵێن (پەشتە بەرانە). پاشان (برازەما) دەچێتە ژوورەوە و لەگەڵ برا یان خاڵۆ یان مامی بووکدا دەستی بووك دەگرن و لەناو چەپڵەڕێزانەکەدا دەیهێننە دەرەوە لەحاڵێکدا کە(پاوەیوە) ئاوێنەیەکی باڵانوێنی لەبەردەمیدا گرتووە و لەپێشەوەی دەڕوات، بووك سواری یەکێك لەئەسپ یان هێسترە ڕازاوەکان دەکەن و بەرەو ماڵی زاوا دەکەونەڕێ لەحاڵێکدا گۆرانیی تایبەت و چەپڵەڕێزانی گۆرانیبێژەکان هاوڕێیەتی دەکەن. کاتێ بووك دەگاتە نزیك ماڵی زاوا، گۆرانیەکە دەگۆڕێت و بەزمێکی تایبەت دەست پێدەکات کە پیرۆزبابییەکە لەپێك گەیشتنی بووك و زاوا:

" هەی بادە بادە بادە

شادیەن مەبارەك بادە....."

بەگەیشتنی بووك، شایی و هەڵپەڕکێ گەرمتر دەبێت و زاوا، کەلەبەر دەرکەی ماڵدا چاوەڕوانی هاتنی بووکە، سێوێك بەرەو بووك فڕێ دەدات و دایکی زاواش مشتێك پووڵە وردە هەڵدەدات و دەیڕێژێتە پای بووك، کاتێ بووك گەیشتە بەردەرگا، دادەبەزێنرێت و زاوا تاراکەی لەسەر لادەدات و پاشان دەچنە ناو کۆڕی هەڵپەڕکێوە و پێکەوە شایی دەکەن. دوای ماوەیەك سوپاسی بەشداریی دڵسۆزانەی خەڵکەکە دەکرێت و بووك و زاوا دەچنە ژوورەوە و ئیدی بەرەبەرە ماڵ چۆڵ دەبێت و تەنیا برازاوا و ئافرەتێك لەوێ دەمێننەوە، ئافرەتەکە نوێنەری ماڵی بووکە و دەبێ پارچەی خوێناویی ( نیشانەی کچێتیی بووکەکە) وەربگرێت و بیگەیەنێتە ماڵی بووکەکە.

8_ دوای دوو ڕۆژ، بووك و زاوا سەردانێکی شەوانەی ماڵی باوکی بووك دەکەنەوە و هەرهەمان شەویش دەگەڕێنەوە، بەم کارەش دەوترێ (دزە باوان).

9_ سێ ڕۆژ دواتر ماڵی باوکی کچەکە دێن بۆلای بووك و زاوا و هەندێ دیاری و شتومەکیان بۆ دێنن و هەردوماڵ پێکەوە جەژنێکی بچکۆلە و خۆماڵی دەگێڕن، بەو سەردانەی ماڵی باوکی بووك دەڵێن (تەلە/تێلانێ)، تەلە هەمان ئەو دیارییەیە کەماڵی بووك دەیبەن بۆ بووك و زاوا.

10_ هەفتەیەك لەژیانی بووك و زاوا تێدەپەڕێ و بووك بەسەردان و بەفەرمی ڕەوانەی ماڵی باوکی دەکرێتەوە و ماوەی چەند ڕۆژێك لەماڵی باوکی بەمیوانی دەمێنێتەوەکە بەو سەردانەش دەگوترێ (باوان/لواوە باوان). دوایی دەگەڕێتەوە ماڵی خۆی واتە لای زاوا و ئیدی سەردەمی تازە بووکی تێپەڕ دەبێت و ژیانی هاوبەش و ئاسایی دەسپێدەکات و ژن و مێرد پێکەوە خەریکی بنیاتنانی ژیانێکی تازە دەبن.

***دەلاقەی سێزدەهەم:***

## ***سیاچەمانە (سیاجامەگان)ە***

هاوڕێی زێده ئازیزم کاك عادڵ محەمەدپوور بابەتێکی مێژوویی، هونەریی بەناونیشانی (سیاوچەمانە، حەنجەرەی بێگەرد) لە لاپەڕە (193 تا 201)ی ژمارە (107)ی نیسانی (200)ی گۆڤاری (ڕامان)دا بڵاو کردۆتەوە کەبە پێویستم زانی سەرەڕای دەسخۆشی لەبەڕێزیان، سەرنجێکی تیرۆژئاسای خۆمی باوێمەسەر کە پێموایە دەبێتە هەوڵێك بۆ دەوڵەمەندترکردنی نووسینەجوانەکەی ئەو دۆستە بەڕێزەم.

پێش هەموو شتێك دەبێ دڵخۆشیی خۆم دەرببڕم و دەشخۆشییەکی دۆستانەی لێبکەم کە دوو وشەی هەرە جوان و ڕەسەن و پڕمانای هەورامیی ( وەك تازەگەرییەك) خستوونەتە ناو نووسینەکەیەوە کەزۆر بەجێ و پڕبەپێستی مەسەلەکەن و دەبێ لە نووسینەکانماندا بەکاریان بهێنین، ئەوانیش: (پەیلوای) و (گلێرگە)ن.. پەیلوای لەجێی (بۆچوون) و گلێرگە لەجێی (جڤات، ئەنجومەن) کە سەرەڕای لەباری و ڕەسەنایەتی و واتای پڕبەپێستیان و باری مۆسیقاییان لە ڕستەدا، پیشاندەری دەوڵەمەندیی زمانی کوردی و بەتایبەتی دیالیکتی هەورامین و دەیسەلمێنن کە زمانی کوردی زمانێکی زیندوو، دەوڵەمەند و شیاوی پێشکەوتنە لەسەرجەم بوارە جۆربەجۆرەکاندا.. من لەلای خۆم ئەو دوو وشە جوانە بەناوی کاك (عادڵ)ەوە لە مێژووی نووسینی کوردیدا تۆمار دەکەم و پاشان دێمە سەر ناوەرۆکی نووسینەکەی بەڕێزیان: (سیاوچەمانە، حەنجەری بێگەرد):...

کاك عادڵ لە سەرەتای نووسینەکەیدا سەرەڕای ئاماژەیەك بەو کارانەی کەلە مەڕ مۆسیقای کوردی کراون، گلەیی لەوەدەکات کە هیچ تۆژینەوەیەك لەو بوارەدا کامڵ و گشتگیر و هەمەلایەنە نەبووە و بەتایبەتیش بواری هونەریی هەورامان فەرامۆش کراوەو...تا دێتە سەر کارەکەی حمەی حمەباقی و دەڵێت: " کتێبی مێژووی مۆسیقای کوردی نووسینی بەڕێز محەمەدی حمەباقی، وتمان تا ڕادەیەك مەبەستەکەی پێکاوەو... بەڵام لەمەڕ سیاچەمانەو شیکاری پێکهاتەی ئەم دەستەواژە، تووشی هەمان

دووپاتکردنەوەی دیتران هاتووە و نەیتوانیوە جەوهەرو چییەتی ئاواز و مۆسیقای ئەو چەمکە کە گرێدراوە بەهەمان ڕواڵەتی قامووسی ئوسلووبەکەوە، پێناسە بکات."

من لە پشتیوانیی ئەو ڕایەی کاک عادلدا دەڵێم: کاک حەمەی حەمەباقی نەك هەر نەیتوانیوە ئەوکارە بکات کەمەبەستی کاک (عادڵ)ە بەڵکوو لەمەڕ سیاچەمانە تووشی گەلێ چەواشەیی و بۆچوونی ناڕاست و نازانستیانە هاتووە و من پێشتر لە هەفتەنامەی ئاویەر و لە ڕەخنەیەکدا لەسەریم نووسیوەو بەرپەرچی هەڵە زۆر و هەمەلایەنەکانیم داوەتەوە، بڕوانە: (چاوێك لە مێژووی مۆسیقای کوردی و.../ ج.قەقنەس/ژمارە 23ی بەرواری 76/11/25 *(1997)*ی هەفتەنامەی ئاویەر).

کاك عادڵ لە بەشێکیدیکەی بابەتەکەیدا ئاوڕ لە بواری شارستانیەت و دیموکراسییەتی سەردەمی ماد دەداتەوە و دەڵێت: "... بەڵکوو بە وتەی هیرۆدۆت مادەکان خاوەنی گلێرگە و جڤینگەیەکی حەڵکی بوون و بێگومان شورای (شیوخ، پیاوماقووڵان) پێکهاتبوو لە باشترین تاك. لە ئاڤێستاشدا لەسەر ئەم چەشنە شۆرا و دانیشتنە خەڵکیانە بەناو (هەنجومەن) باسکراوە"

بەڕای من ئەگەر لەجیاتی وشەی (خەڵکی) و ( خەڵکیانە) (جەماوەری)ی بنووسیبا زۆر جوانتر دەبوو، پاشان وشەی (هەنجومەن) لە ئاڤێستادا، دروستەکەی (ئەنجومەنە)یە نەك هەنجومەن و ڕاستیشە کە بۆ ئەنجومەن و گلێرگە بەکار براوە، من لە بەشێك لە ستوونەکانی (فەرهەنگی یەسنا)دا ڕاڤەی ئەو چەمکەم کردووە و بەتێروتەسەلی واتاو ناوەرۆکی (ئەنجومەنە)م شیکردۆتەوەو گوندی (هەجمنە)ی لای سەوڵاوای مەریوانم پێیەوە گرێداوە، بڕوانە: (فەرهەنگی یەسنا_ هەجمنە_ هەفتەنامەی گوڵان/ژمارە 428ی 10/4/ 2003).

نووسەر لەباسی خەت و ڕێنووسی کۆندا ئاوڕ لە ئاڤێستا دەداتەوەو دەڵێت: " ئاڤێستا کتێبی ئایینی زەردەشت کە سەرەتاکەی بۆ پتر لە هەزار ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە، لە پێنج بەش پێکهاتووە:

1_ گاسەکان 2_ یەسنا 3_ وردە ئاڤێستا 4_ ویسپەرد 5_ ڤەندیداد"

یەکەم، مێژووی ئاڤێستا بە ڕوونی دەگەڕێتەوە بۆ (1768)ی پێش زایین کە بە هۆی ڕێزدار (زەبیح بەهرۆز)ی پسپۆڕی ماتماتیك و ئەستێرەناسی و شارەزای مێژووی زەردەشت سەلمێنراوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (لاپەڕە 20ی کتێبی ئاڤێستا لەمێژینەترین سروودی کورد/ بەرگی یەکەم، گاتەکان/ جەلیل عەباسی/ ئاراس 2003).

دووەم، ئاڤێستا کتێبی پیرۆزی ئایینی زەردەشت نەك پێنج بەش بەڵکوو شەش بەشە و ئەوانیش بە دروستی بریتین لە: 1_ گاتا 2_ یەسنا 3_ یەشت 4_ ڤیسپێرەد 5_ ڤەندیداد 6_ وردە ئاڤێستا.

کاك عادڵ بەشی (یەشت)ی لەبیرکردبوو و هەرواش جگە لە تێکەڵکردنی بەشەکان ناوی بەشی چوارەم (ڤیسپێرەد)ی بە هەڵە بە ویسپەرد نووسیبوو، ئەم ناوە لە دوو وشەی ئاڤێستایی پێکهاتووە: (ڤیسپێ) بەواتای (سەرجەم، هەموو، تەواو) و (رەد،ڕەت،ڕەتوو) بەواتای (دلێر، زانا، بەخیرەت) و سەرجەم وشەکەش واتای (هەموو زانا و دلێرەکان) دەگەیەنێت.

دوای ئەم بڕگەیە لەسەر گاتەکان دەڕوات و لەبەشێکی قسەکانیدا دەڵێت: " ... تا دەگاتە ئەم نەوەیە کە ئێستاش لەسەر زاران گۆ دەکرێن بەڵام ناونیشان و شمەکێکی تریان بۆ دیاریکراوە و بە هۆرە و سیاوچەمانە و لاوژە و لاوك و... نێوزەد کراون..."

درووستتر وابوو کە لە جێی (لاوژە) (قەتار)ی بنووسیبا یا هەر هیچ نەبێ ئەویشی لەبیر نەکردبا، لە ڕاستیدا گاتاکانی ئەشوو زەردەشتی ڤەخشوەر لەم سەردەمەدا بە چڕی خۆیان لە هۆرە و سیاچەمانە و قەتاردا دەبیننەوە، قەتار هەمان (گاتار)ە و لەخودی

گاتەکان وەرگیراوە کە بەداخەوە دواتر تووشی ئەو گۆڕانە تەعریبییە هاتووە و کراوەتە (قەتار).

لە بەشێکی دیکەدا باس لە چۆنیەتی وتنەوەی شیعر بە هەوا و ئامێرێکی مۆسیقابی دەکات و دەنووسێت: " خۆشبەختانە ئەم دابە لە کلتووری کوردیدا پارێزراوە، گۆرانیبێژان و سترانچڕان و هۆرەکەران و سیاوچەمانە بێژان..."

ئەو چەشنە ناولێنانە دروست نییە بەڵکوو لەڕاستیدا دەبێ بڵێین: گۆرانیبێژ، سترانبێژ، هۆرەچڕ و سیاچەمانەچڕ نەك بەو شێوازەی كاك عادل، چوونکە پاشگری (بێژ، وێژ) بۆ گۆرانی و ستران و لاوك و حەیران بەکار دێت و پاشگری (چڕ)یش بۆ سیاچەمانە و هۆرە و قەتار.

كاك عادڵ وشەی (گۆسان)ی لە بابەتەکەیدا زۆر بەکار هێناوە و لەبەشی شیکار و لێکدانەوەی ئەو وشەیەشدا دەڵێت: " ... گۆسان کە لە توخمی گۆ+ سان پێکهاتووە (گەو: گەور، گەبر) یا گاور... سان _ یش بە دوو واتا بەکار براوە یەکەم بەمانای سوڵتان کەواتە مانای ئەوەڵ گەورسان بە پێی یاسای فرێدانی فۆنۆلۆژی _ ر _ قرتاوە بووەتە گۆسان یانی کەسێ یا کەسانێك کە هونەرمەند بوون، هونەری گۆرانییان بۆ (سانەکان) سوڵتانەکان و شالیارەکان چڕیوەتەوە...... واتای دووەم: گەورسان: گەوسان= گەور، گاور+ پاشگری شوێن (سان) جێگای گاورەکان و نیسبەت بە گاورەکان _ وەك دەڵێن گەوسان لە هەردوو واتادا، گەوسان لە گەڵ گۆرانی (گەور+ان+ی)دا کە هەموو چەشنەکانی مۆسیقای کوردییە یەکدەگرێتەوە کە لەسەر ئەم پەیوەستە هەردوو توخمەکە (گۆسان و گۆرانی) لە ڕەگی (گەور)ەوە وەرگیراون کە دوو شەقڵی زمانەوانین بۆ گرێدانیان بە (گۆران)ەکانەوە"

نەمتوانی سەرسووڕمانی خۆم لەو بۆچوونە سەیرەی كاك عادڵ بشارمەوە ! و ناشزانم كاك عادڵ ئەو یاسایەی لەکوێ هێناوە و پشتی بە چ بەڵگە و فاکتێکی زمانەوانی، ئەقڵانی،

مێژوویی، مۆسیقایی و... بەستووە؟! یەکەم، گۆسان نییە بەڵکوو (گاسان/گاسانیک)ە واتە گاتا شێوە، لیریك و مۆسیقایی و هارمۆنیك وەکوو گاتەکان. دووەم، گۆسان بەو واتایە نییە کە کاك عادڵ بۆیدەچێت و هیچ پەیوەندییەکیشی بە سان و سوڵتان و...ەوە نییە هەروەك وشەی یەکەمیش هیچ پەیوەندیەکی بەگەور و گاور و...ەوە نیە، گەو لەراستیدا (گەئۆ)یە بەواتای ژیان، گیان، زیندوو دێت و زۆر دوورە لەو لێکدانەوەیەی کاك عادل. سێیەم، گۆرانی بەو شێوەیەی لای کاك عادل (گەور+ان+ی)نیە بەڵکوو هەرهەمان وشەیە کە وەکوو خۆی بەکاردێت و وەك خۆی ماوەتەوە، بەشێك لەبۆچوونەکەی لەمەڕ گۆڕان و گۆرانی راستە و گۆرانی لەراستیدا واتە لەحن و هەوای مۆسیقایی تایبەت بە (گۆران)ەکان. هیچ شتێك لەم شیعرە مێژینەیەی یارسانەکان راستیی مێژوویی ئەم بۆچوونەمان ناسەلمێنێ:

***"گۆرانی هۆرە سیاچەمانە***

***قەدیم یادگار قەم کوردانە"***

کاك عادل لەبەشێکی دیکەی بابەتەکەیدا دەچێتە سەر شیکاریی چەمکی سیاچەمانە و دەنوسێت:" لە دەقە کۆنەکانی یەسنا و گاسەکاندا بەڕاشکاوی ناوێك لەدەستەواژەی سیاوچەمانە نەبراوە، ئەم ناوە ڕەنگە دواتر بەهۆی هەوێنی ئەوین و خۆشەویستی و زاتی جوانی ئافرەتەوە بۆی داتاشرابێ، ... لەراستیدا ناوەڕۆکی ئەم چەمکە هەمان شێوە ساکارەکەی مامۆستا گۆرانە:

***"سیاوچەمانە سیاوچەمانە***

***هەورامان جێگای سیاوچەمانە"***

بەپێچەوانەی باوەڕی هەندێ توێژکار کەدەڵێن... سیاوچەمانە وشەیەکی ناساکارە و پێکهاتووە لەڕیشەی وشەی سەرە، سیاوچەمانیش لەجامانەوە هاتووە.... هەردوکیان وشەی جامانیان پێکهێناوە کەبەواتای کراسی دەردامان ڕەش... هاتووە... ئەم بۆچوونە

بێگومان ناڕاسته و هیچی لەگەڵ دەرونشیکاری ڕەنگەکان و رووکردی هەڵوێستکارانەی مرۆڤی هەورامانەوە کەلەنەفسدا مرۆڤێکی جوانپەرستە لەداوێنی دایکی سروشتدا گۆش کراوە و تەبعەن خۆشی لەڕەنگی ڕەش وتارێك و خەمئامێز نەهاتووە... لێکدانەوەی ئەو دەستەواژەیە بەو واتایەوە کە چەندین ساڵە دەجوێتەوە بەو ڕووکردە دەروونشیکاریەوە کەبۆ مرۆڤی هەورامان هاتووە و هیچ بەڵگەیەکیش نیە کەلەپێش ئیسلامدا ئاوا جلوبەرگێك کرابێتە بەر بەڵکوو چەمکی ڕەش پۆشان دیاردەیەکی پاش ئیسلامە و بەهۆگرانی ئەبو موسلیمی خوراسانی دەوترێ...."!

پێشتر زۆرجار و لەزۆربەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا لەسەر واتای (سیاچەمانە)م نوسیوە و سەلماندوومە کەئەم وشەیە هیچ پەیوەندیەکی بە (چاوی ڕەش)ەوە نیە بەڵکو کورت کراوەی (سیاجامەگان)ە کە دیسان ئەویش پەیوەندیی بەجوانپەرستی و ئاڵووالآ پۆشیی مرۆڤی هەورامانەوە نیە و... ئێستاش دەڵێم گەر ئێمەی کورد وردتر بچینە ناو مێژووی ئایینی ئەشوو زەردەشت و، (یەشت)ەکان بە وردبینی بپشکنین، بۆمان دەردەکەوێت کەجلوبەرگی ڕەش لەپێش ئیسلامدا هەبووە ئەویش بەمجۆرە: مەزدەك دژی ڕاهێنانەکانی زەردەشت دەجوڵایەوە و دەستەو گروپێکی پێکهێنا کە (مەزدەکی)یان پێدەگوترێ. ئەم گروپە هەموو کارەکانیان پێچەوانەی ڕاهێنانەکانی موغ و مۆبدەکان بوو تەنانەت لەجلوبەرگیشدا ئەمان دژی ڕەنگە سپیەکەی مۆبدان ڕەنگی ڕەشیان هەڵبژارد دیارە دەبێ سرودێکی تایبەت بەخۆشیان هەبێت جیا لەو لەحنەی مۆبدەکان. ئەو سرووده دواتر ناسرا بەلەحنی تایبەتی سیاجامەگان واتە ڕەشپۆشەکان... بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە:( با گۆرانیەکانی هەورامان... /جەلیل عەباسی/ برایەتی ئەدەب و هونەر / ژمارە 214ی 2001/2/6). بائەوەشمان لەبیر نەچێت کەهەمان ئەو دژبەری و دژ ڕاوەستانەی مەزدەك بوو کەوایکرد لەئاڤێستادا ناوی (زەندیك)ی لێبنرێ کەتەعریب

کراوەکەی هەمان (زەندیق)ە و بەواتای مورتەد و لەدین هەڵگەڕاوە دێت. بڕوانە: بەشی 4ی ڤەندیداد و هەرواش یەشتەکانی ئاڤێستا.

کاک عادل لەبەشێکیتری بابەتەکەدا هەرلەدرێژەی هەمان باسدا دەنووسێت:" ... دەتوانم بڵێم تەنانەت کرکەی سیاوچەمانە بەتەواو جۆرەکانیەوە (خاو و کرژ) تەعبیر لەم چەشنە رووکردە جوانیپەرستانە دەکات و..."

ئێمە لەسیاچەمانەدا (خاو و کرژ)مان نیە بەڵکوو خاو و کرژ تەنیا بۆگۆرانی بەکاردێت کەئەویش وەك گوتمان جیایە لەسیاچەمانە، دەڵێین (گۆرانیەکی خاو) واتە گۆرانیەکی ئارام و هێمن و کەدەشلێین (گۆرانیەکی کرژ) واتە بەزمێکی شاد و توند کەدەکەوێتە نێوان چەپڵە و وردەبەزمەوە. بەڵام بۆسیاچەمانە چەمکگەلی وەك:

(دەرەیی و سەحەری، بەرزەچڕ و...) بەکاردەبەین و جۆری هەواو لەحنەکەیان پێ دیاری دەکەین.

جارێکیتر دەسخۆشی لەدۆستی هێژام کاك عادل دەکەم و هیوای درەوشانەوەی زۆرتری بۆ دەخوازم.

هەولێر 2006/4/20

### دەلاقەی چواردەهەم:

## ئاهوورامان هەمان (ئورۆمۆن)ە

بابەتێکی جوانی هاورێی زێدە ئازیزم کاك ڕەووف مەحموودپوور لە( ژمارە 203ی شوباتی 2006)ی گۆڤاری کاروان دا بڵاو کرایەوە کە لاپەڕەکانی20 تا 29ی گۆڤارەکەی لەخۆ گرتبوو. ئەو بابەتە بەناونیشانی (هەورامان لە نێوان وەهمی دەنگۆو سەرچاوە مێژووییەکاندا) هەوڵێکە لە لایەن بەڕێزیانەوە بۆ تیشکخستنەسەر واتا و لایەنی مێژوویی ناوی هەورامان و لەئەنجامدا گرێدانی بە مێژوو و شارستانەتی مادەکانەوە کە جێی دەسخۆشییە.

بەڕێز مەحموودپوور لە بابەتەکەیدا گلەیی لەوە کردووە کە توێژەران تا ئێستا بابەتێکی زانستی و ڕاستەقینەیان لەسەر هەورامان نەنووسیوە:

((... زۆربۆچوونی کرچوکاڵ و بێ بەڵگەو ڕەمەکی لەسەر ئەو مەبەستە _ هەورامان _ بڵاوکراونەتەوەو سەرگێجەی زۆریان تووشی هۆگران کردووە...)).

من لەگەڵ بۆچوونەکەی کاك ڕەووفدام کە بەداخەوە هەندێ واتا لەلایەن هەندێ نەشارەزاوە بۆ وشەی هەورامان داتاشراون کە بێبەشن لەهەرچەشنە پرەنسیپێکی لێکۆڵینەوەی زانستی و هەرچەشنە ڕێسایەکی تۆژینەوەی مێژوویی و زمانەوانی و هەرتەنیا پیشاندەری نەشارەزایی نووسەرەکانیانن لەبواری زمان و مێژوودا، بەڵام نەك بەو تۆخی و توندوتیژییەیش کە کاك ڕەووف لە وتارەکەیدا دەریبڕیوە ! بەڕێزیان بۆ ئەم

مەبەستە جگە لە ئاماژەیەکی زۆرکورت بەچەند واتایەکی داتاشراو، تەنیا ناوی دووکەس دەبات لەوانەی کاریان لەسەر هەورامان کردووە کە ئەوانیش بەڕێزان: (کامیل سەفەریان) و (حەمەمین هەورامانی)ن، هەرئەمەش واملێدەکات بڵێم: ( بەداخەوە کاك ڕەووف سەرچاوەی دیکەی بەردەست نەکەوتووە و بۆ وێنە لەوانەیە بەهۆی دوورەدەستییەوە بەرهەمەکانی بەندەی نەکەوتبنە دەست کە چ وەك کتێب و چ وەك وتار لە زۆربەی زۆری ڕۆژنامەوگۆڤارەکانی کوردستانی ئازاددا پێشکەشی کتێبخانەو ڕۆشنبیریی کوردیم کردوون و هەوڵمداوە ئەو کێشەیە ساغ و یەکلایی بکەمەوە. ئەم دەستنەکەوتنی سەرچاوەیەش لەوانەیە لەگرینگی و کاریگەریی نووسراوەکەی بەڕێز مەحموودپووری کەمکردبێتەوە !

نووسەر لەبەشێکی بابەتەکەیدا دێتە سەر کارەکانی حەمەمین هەورامانی و بەرپەرچی ئەو بۆچوونەی ناوبراو دەداتەوە کە هەورامان بە (ئاهوورامان) لێکدەداتەوەو... و لەبەشێکی دیکەی نووسینەکەیدا دەڵێت:

(( بەڵگەوفاکت لەسەر ئەمجۆرە وشانە بە مێژووی شارستانیەتی کوردیشەوە کەم و دەگمەنن هەربۆیە ئەوە ئەرکێکی سەرشانە کە ئەو بەڵگە دەگمەنانە بقۆزرێنەوەو...))

من بەشبەحاڵی خۆم تاڕادەیەك لەگەڵ بۆچوونەکەی بەڕێز حەمەمین هەورامانیدام لەمەڕ پێکهاتەی وشەی هەورامان و پێشتریش نووسیومە کە ئاهوورامان یەکێکە لە ناوەکان و دەشبێ دواییینیان بێت بۆ هەورامان، (ئاهوورا + مان) واتە شوێنی ئاهوورا، ئەم ناوەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەك: 1_ هەورامان ناوچەیەکی شاخاوی و بەرزو سەرکەش و پیرۆزە 2_ یەکەمین پێگەی سەرهەڵدانی ئایینی مەزدیەسنا بووە.

کاتێ دەڵێین فاکت و بەڵگە لەم بوارەدا کەمن ناچارین پەنابەرینە بەر فاکتگەلی ئەقڵی و زمانەوانی و مێژوویش، لەم پەیوەدییەدایە کە دەڵێم ئاهوورامان یەکێکە لە ناوەکان. دەبێ بزانین کە چەند چەمکێکی زۆر لێك نزیك و تێکئاڵاو لەم بوارەدا هەن کە هەموویان

شیاوی خوێندنەوەو لەبەرچاوگرتن و گرینگیپێدانن: یەکەم، ئورۆمۆن کەبە پێچەوانەی ئەو بۆچوونەی کاك ڕەووف لە دیاکۆنۆفی وەرگرتووەبەواتای (شاری پیرۆز) دێت، دووەم، ئورامەن کە واتای لەحنێکی مۆسیقایی تایبەتی هەورامان دەدات کە فەهلەویاتی پێگوتراوەتەوە، سێیەم ئاهوورامان کە وەکك گوتمان بەواتای شوێن و مەڵبەندی ئاهوورا دێت واتە ئاهوورامەزدا بۆ یەکەمجار لەوێوە ناسراوەو دینەکەی لەوێ سەریهەڵداوە، ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە بەخودی هەورامان دەڵێین (هەورامانی تەخت) کە دەبێتە بنەماییترین و ڕەسەنترین ناوی مێژینەی هەورامان و دروستەکەی هەمان (ئور+ مۆن+ تەهت)ە بەواتای (شاری پیرۆزوبڵندوسەرکەش).

کاك ڕەووف لەبەشێکی دیکەی بابەتەکەیدا بە پشتگرییەوە ئاوڕ لە دیاکۆنۆف دەداتەوەو بەداخەوە بۆ سەلماندنی بۆچوونەکەی خۆی لایەنگیری لە بیروڕا نادروستەکانی دیاکۆنۆف دەکات: (( دیاکۆنۆف بۆ سەلماندنی باوەڕی خۆی بە ماناکردنەوەی ڕاستەقینە نەك ئەفسانەیی وشەی زەردۆشترە لە چەپکێ ناوی هاوسەردەمی ئەو وشەیە کەڵك وەردەگرێ و دەڵێ: ... ویشتاسب بەمانای خاوەن ئەسپی جەنگی، فرەئوشترە بەمانای خاوەن وشتری زیتەڵ، ئەسپەچنە بەمانای خۆشویستی ئەسپ، گئوماتەی موغ بەمانای ژیری گاوسیفەت، کەواتە... زەردەشترە بەمانای خاوەن وشتری زێڕ ڕەنگی ئازا دێت))!! حەزدەکەم کاك ڕەووف و هەرهەمووشمان ئەوڕاستییە لەبەرچاو بگرین کە زۆربەی زۆری ڕۆژهەڵاتناس و ئاڤێستاناس و توێژەرە بیانییەکان، ئەوانەی بەهەرجۆرێك باسیان لە بابەتگەلی پەیوەست بەئایینی زەردەشت و ئاڤێستا کردووە تووشی هەڵەو چەواشەیی بوونە و کاریگەرترین هۆکاری ئەو چەواشەیی و بەهەڵەدا چوونەشیان ئەوەیە کە ئەوان زمانی ئاڤێستا (دین دەبیرە) و هەورامی و پارسیی کۆنیان نەناسیوە و ئاشنای ڕێزمانەکانیان نەبوونە بۆیە بەناچار پەنایان وەبەر شوبهاندن و بەراوردی ڕواڵەتی و بۆچوونی شەخسی بردووە و هەرەئەوەشە کە دەبینین زۆربەی هەرەزۆری

ڕاوبۆچوونەکانیان بەهەڵە و ناڕاست دەردەچن، (دیاکۆنۆف)یش لەو گرووپە و لەم ڕێسایە بەدوور نییە گەرچی لەهەمانحاڵدا لەوانەیە وردبینترینیشیان بووبێت! لێرەدا لەسەر ئەوچەند ناوە ناڕۆم کە ناوبراو بەنموونە هێناوینی و بەهەڵە واتای کردوونەتەوە بەڵکوو یەکسەر باز دەدەمە سەر کۆتایی بۆچوونەکەی واتە ناوی زەردەشت کە ئەو بە (خاوەنی وشتری زێرڕەنگی ئازا) لێکیداوەتەوە! بەندە چ لە بەرگی یەکەمی ئاڤێستا و چ لە دەیان وتاری دیکەدا لەسەر وشەی ناوی زەردەشت ڕۆیشتووم و چەندینجار لەسەریم نووسیوەو هەوڵمداوە بۆچوونە ناڕاست و هەڵەکان ڕاست بکەمەوە و واتا دروستەکەی ئەو وشەیە بدەمە دەستەوە، (بەڵام بەداخەوە دەردەکەوێ کە ئێمەی کورد خوێنەرێکی باش و وردبین نیین و خۆمان بەدوای وەدەسخستن و خوێندنەوەی سەرچاوە گرینگەکاندا ماندوو ناکەین و...!) بەهەرحاڵ وشەی زەردەشت هیچ پەیوەندییەکی بە وشترەوە نییە و لە ئەساسدا لەلایەن دیاکۆنۆف و دیکەی تۆژەرە بیانیەکانەوە بەهەڵە وەرگێراوە و بەهەڵە نووسراوە و بەهەڵەش واتا کراوەتەوە.. ئەم وشەیە (زەردۆشترە) نییە بەڵکوو دروستەکەی (زەرەت ئاسترە)یە کە بەرەبەرە سواوەو کورتکراوەتەوەو بەو کەمۆکە ئاڵوگۆڕە زمانەوانییەوە بۆتە (زەردەشت). زەرەت ئاسترە خۆی لەدوو وشە پێکهاتووە: (زەرەت) بە هەمان واتای زەرد، ورشەدار، درەوشاوە و (ئاسترە) بەواتای ئەستێرە،هەسارە. ناوەکەش لەسەر یەك واتای ئەستێرەی زەرد، ئەستێرەی ورشەدارودرەخشان دەگەیەنێت کە وشەیەکی ڕەسەنی هەورامییە و دەبا کاك ڕەووف بیری لێبکردبایەتەوە.. هۆی بەهەڵەدا چوونی دیتران ئەوەبووە کە زمانی ڕەسەن و سەرەکیی ئاڤێستا واتە هەورامییان نەزانیوە بۆیە بەوچەشنە شتەکانیان لێ گۆڕدراون! لەبەشی ئەو چەند شوێنناوەدا کە بە نموونە هێناوینی دەنووسێت: ((هەسوون یا سوەنی ناوی چیایەکی... ئێستاش ناوی شاخێکی بەرزی هەورامانی لهۆنە لە نزیك گوندی دزاوەر)). دڵنیام ئەمە تەنیا لەبیرچوونەوەیەکی کاتییە و کاك ڕەووف لەکاتی نووسیندا

ناوەکانی لەبیر چوون دەنا هی نەشارەزایی ئەو نییە، تەنیا وەك ڕوونکردنەوەیەك دەڵێم دزاوەر لەو شوێنەوە زۆر دوورە، هەسوون لە هاوسێیەتیی (تەتە) و (قەڵەخانی)دایە و دەکەوێتە نێوانیان و دەڕوانێتە سەر دوو گوندی کەیمنەو بێرواس و بناری هەورامانی دیوی باشووری کوردستان، واتە دیوێکی دەڕوانێ بەسەر ئەو دوو گوند و ناوچەیەدا و دیوەکەیدیکەی دەڕوانێ بەسەر دوو گوندی (دەرەکێ و دەمەیەو) لە چەمی دزڵێدا.

کاك ڕەووف گوتەیەکی بەڕێز د.جەمال ڕەشید دێنێتەوە: ((لە کاتی لێکۆڵینەوە لە بنچینەی وشەی کوردی ڕووبەڕووی بیرێکی تێکەڵاو دەبین کە چەندین کۆمەڵی ئادەمیزاد لەوانەیە لە وڵاتی کوردەواریدا نیشتەجێ بووبن)) پاشان خۆی ڕستەیەکی دەخاتە سەر و دەڵێت:

((پێویستە ئەوەش بە واتەکەی بەڕێز د. جەمال ڕەشید زیاد بکەین کە لەوانەیە زۆر دەسەڵاتی هزروئەندێشە یا زۆرو مەچەك هەبووبن کە لە وڵاتی کوردانەوە دوور بووبن بەڵام تەوژمی ڕۆشنبیری و باوەڕیان پەلی بەرەو ئێرەش کێشابێ و ئاسەواری دانابێ))

منیش لەگەڵ هەردوو بۆچوونەکەدام، نموونەی زۆریشمان لەو بوارەدا هەیە (گەر زۆر دووریش نەڕۆین ئاسەواری داگیرکاریی تورکە بەربەرییەکانی عوسمانلی هێشتاش هەر وەکوو دڕکێکی ژاراوی ناخمان زامدار دەکات!) بەڵام ئەمە نابێتە هۆی بزربوونی بنەما ڕەسەنەکان، واتە دەبێ بزانین کە وڵاتی کوردەواری بەگشتی و دەڤەری دێرینی هەورامان بەتایبەتی جێی ژیان و سەقامگیریی خودی دانیشتوانی ڕەسەنی دەڤەرەکەیە و ناو و تایبەتمەندی تایبەت بەخۆی هەبووە و گەر شوێنناوێکیش بەهەر هۆیەکەوە تووشی گۆڕان هاتبێ ئەوا دەبێ لە کاتی لێکۆڵینەوەدا بگەڕێینەوە دواوە بۆ دۆزینەوە و هەڵێنجانی ناوە سەرەکی و سەرەتایی و ڕەسەنەکەولەوێوە دەسپێبکەین.

مەحموودپوور لە بەشێکی دیکەی نووسینەکەیدا دەڵێت: "... لەدیوانەکەی سەیدی هەورامیدا ڕاشکاوانە ئاماژە بە وشەی هەورامان کراوە:

**ئەز ئورۆمۆن مەکانم بێ وڵاتم**

**سەرو پیری خوای گێرەن خەڵاتم**

بەداخەوە ئەم فاکتە گرینگە لەلایەن توێژەرانەوە ئاوڕی زۆر کەمی لێدراوەتەوە کە ئەمەش بۆ خسڵەتی خۆنەڕەتێنی و کەمتەرخەمی توێژەران ئەگەڕێتەوە"

لێرەدا ناچارم دووبارەی بکەمەوە کە بەم نووسراوەیەدا باشتر دەردەکەوێ کە (بەداخەوە) کاك ڕەووف ئاگاداری نووسینەکانی بەندە نەبووە لەمەڕ هەورامان کە جگە لە چەندین بابەتی جیاجیای پرژوبڵاوی ناو زۆربەی گۆڤارە کوردییەکان، لە ئاڤێستاشدا لەسەر ئەو دێڕە شیعرەی سەیدی و ناو و واتاکانی دیکەی وشەی هەورامان ڕۆیشتووم و بەتێروتەسەلی ڕوونمکردۆتەوە، (بڕوانە: لاپەڕەکانی 9 و 18 و 202ی کتێبی: ئاڤێستا لەمێژینەترین سروودی کورد بەرگی یەکەم گاتاکان/ جەلیل عەباسی/ دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس/هەولێر2003).

دوابەدوای هێنانەوەی ئەو نموونەیە لە سەیدی دەڵێت: ((بەپێی دەقی شیعری سەیدی ناوی مێژینەی هەورامان ئورۆمۆنە نەك هۆرئاما و هەورام و ئاهوورا و ئاورا و...

کەبەداخەوە هەرکەس بەپێی حەزی خۆی بەبێ گوێدانە هیچ پرەنسیپێك بەکاریان ئەبات...ئورۆمۆن: ئور+ئومۆن.. ئور بەمانای شارە، ئومۆن ناوی سەرەکیی شارەکەیە، بەبڕوای دیاکۆنۆف مانای ئورۆمۆن دەبێتە شاری مادەکان یا دەڤەری ماد.))

پێشتر لەسەر وشەکە ڕۆیشتم و هەرواش لەسەر بەهەڵەداچوونی دیاکۆنۆف لەمەڕ واتاکردنەوەی وشەکان و ئێستاش دووبارەی دەکەمەوە کە (ئورۆمۆن/ئورمەن) پێکهاتووە لە دوو وشەی لێکدراوی (ئوور) بەواتای شار و (مۆن) بەواتای پاك و پیرۆز،

سەرجەم وشەکەش واتای (شاری پیرۆز) دەگەیەنێت نەك شاری مادەکان، ئەمەش هیچ لە مێژینەیی و دێرینی و مادیبوونی هەورامان کەم ناکاتەوە بەڵکوو پشت ئەستوورترمان دەکات بە ڕەسەنایەتی ئەم دەڤەرە دێرینەیەی وڵاتەکەمان.

لە پەراوێزی ژمارە 16ی بابەتەکەیدا دەنووسێت: ((لە دیوانەکەیدا "دیوانی سەیدی" بەشێك لە شیعرەکانی بە زاراوەیەکی کۆنی گۆران هاتوونەتە نڤیسین، ئەز بەشبەحاڵی خۆم پێموایە ئەم شیعرانە پێشتر لەلایەن سەیدییەوە دەسخراون و لە دەفتەرەکەیدا هاتوونە تۆمارکردن و نووسینەوە.))!

بەڕاستی لەم بۆچوونە سەیرەی کاك ڕەووف هیچ تێناگەم.. واوێدەچێ بیەوێ پێمان بڵێت کە گوایە شیعرە کۆنەکان هی سەیدی نین و ئەو لە شوێن و کەسی دیکەوە وەریگرتوون و بەناوی خۆیەوە لەقەڵەمی داون؟!! ئەمەش زۆر دوورە لەڕاستی و بەهیچ کلۆجێك ئەقڵ پەسەندی ناکات و تاوانێکیشە بەناهەق دەدرێتە پاڵ سەیدی! بیروڕای دژبەر لەمەڕ ژیانی سەیدی زۆرن، هەندێك پێیانوایە دوو سەیدی هەبوون کە بەسەیدی یەکەم و دووەم ناویان دەبەن و شیعری زمانە کۆنەکەش دەبەنەوە لای سەیدیی یەکەم کە گەلێ پێش سەیدیی دووەم ژیاوە، بەڵام ئەم بۆچوونە هێشتا بەتەواوەتی ساغ نەکراوەتەوە (بۆ نموونە بڕوانە: لاپەڕە 150 و 386ی بەرگی یەکەمی کتێبەکەی بابامەردووخ ڕۆحانی/ شیوا بەناونیشانی: تاریخ مشاهیر کرد). بەهەرحاڵ ئەو زمانەی کە کاك ڕەووف بە (زاراوەیەکی کۆنی گۆران) ناوی دەبات بەشێکە لە هەمان زمانی ئاڤێستا (دین دەبیرە) و گەر وردتر بڕوانینە زمانی ئاڤێستا و زمانی ئەو شیعرانە، ئەوا تێکئاڵاوی و یەك بنەمایی و نزیکییەکی یەکجار زۆر و بەرچاو لەنێوانیاندا بەدیدەکرێت. هیوادارم لە داهاتوودا کێشەی هەبوونی (دوو سەیدی) بەجیا یانخود یەکبوونیان ساغ و یەکلا بکرێتەوە و هەرواش هیوادارم مەبەستی کاك ڕەوف لەو ڕستەیەی سەرەوەی ئەوە نەبووبێ کە بە بیری مندا تێپەڕی چوونکە خۆم دڵنیام و ئەویش و دیترانیش دڵنیا

دەکەمەوە کە شیعرەکە هی خودی سەیدییە جا سەیدی یەکەم بێت یا دووەم و هیچ شتێك بەناوی کۆپیکردن و دەسخستن و... لەلایەن سەیدییەوە لە ئارادا نەبووە و ئاوا بۆچوونێکیش لەگەڵ هیچ لۆژیکێکدا یەك ناگرێتەوە.

لەبەشێك لە پەراوێزی ژمارە 17دا دەنووسێت: (( کە ئەوترێ هەورامان... مەحاڵێك پێهاتووە لە هەورامانی تەخت، هەورامانی ژاوەرۆ، هەورامانی لهۆن، هەورامانی شامیان و...)).

ئەم دابەشکردنە جوگرافییە بەناوی هەورامانەوە بۆتە هەڵەیەکی باوی سەرزارەکی لەناو جەماوەردا و من چەندجاریتر لەسەرم نووسیوە و بەتایبەتی لە پێشەکیی کتێبی (ئاهوورامان)دا بە دووروودرێژی شیمکردۆتەوە و دەڵێم: لەو دابەشکردنەدا تەنیا بە دوو شوێن دەگوترێ هەورامان: (هەورامانی تەخت) و (هەورامانی لهۆن) ئیدی بە بەشکانی دیکە دەڵێین (چەم) وەکوو چەمی دزڵی، چەمی شامیان، چەمی ژاوەرۆ، ژەمی گاوەرۆ...تاد.

لەکۆتاییداجارێکیدی دەسخۆشی لە هاوڕێی هێژام کاك ڕەوف مەحموودپوور دەکەم و پێیدەڵێم: (باسێکی هەرە گرینگ و پێویستت وروژاند.. دەسخۆش) و هیواداریشم ڕوونکردنەوەکانم بەبێ زیز بوون وەکوو ڕاوبۆچوون و ڕاستکردنەوەیەکی دۆستانە لێوەربگرێت و لەکارەکانی دواتریدا وردتر و ڕژدتر بچێتە پێش و...

هەولێر 2006/4/9

دەلاقەی پازدەهەم:

## دیموکراسییەتی ئەمڕۆی جیهان میراتگری

## سیستەمی دیموکراسیی ئاهوورامانی دێرینە

زۆرجار، کاتێ باسی سیستەم و چەمکی دیموکراسییەت و پرەنسیپەکانی حکوومەتی یاسا و بەدەزگاییکردنی وڵات دەکرێت، دڵمان بۆ خۆمان دادەمێنێت و هەست بە پاشکەوتوویی دەکەین، هەستێك، دەبێتە هۆی خۆ بەکەمزانین لە ئاستی کەسانیتر و لەئاکامیشدا شوێنپێهەڵگرتن و لاساییکردنەوەیان و سەما کردن بە سازی ئەوان، ئەمەش دەردێکە، دەتوانێ هەموو کۆمەڵگەیەك بەرەو داڕووخان و توانەوە بەرێت.

ئەم دڵ بۆ خۆ دامان و هەستی خۆ بە کەمزانینەش هیچ بناغەیەکی نییە بێجگە لە فەرامۆشیی مێژوویی و دابڕانی فکری لە رابردوو. گەر بە وردی ئاوڕێك لە رابردوووی دووری خۆمان بدەینەوە، دەبینین، ئێمە پێش مێژوو و هەر لە چاخە هەرە دێرین و سەرەتاییەکانی سەرهەڵدانی مرۆڤەوە، لە زۆر بواردا پێشەنگایەتیی گەلانی جیهانمان کردووە کە یەکیان دامەزراندنی ئەنجومەن بۆ ڕاگۆڕینەوەو دیالۆگ و یاسامەند کردنی ژیان و ناساندن و چەسپاندنی دیموکراسییەت بووە بۆ خزمەتی زۆرتری مرۆڤایەتی. ئێمەی کورد، گەلێ پێش مێژوو هەوڵمانداوە بۆ بە دەزگاییکردنی بەڕێوەبەرایەتیی وڵات و دانانی سیستەمێك کە تیایدا مافی مرۆڤ بپارێزرێت و رێز لە کەرامەتی مرۆیی بگیرێت و بخرێتە پێش هەموو شتێکەوە.. هەوڵمانداوە تاکی چالاك و ئەرکۆمەند و داهێنەر پەروەردە بکەین تا بتوانن بناغەی ئایندەیەکی گەش بۆ گەل و وڵات دابنێن.. ئێمەی کورد هەر لەسەردەمی ئەشوو زەردەشت و پاشان پیرشالیار و دواتریش (99) پیرەی هەوراماندا کە لانیکەم دەبێ

نزیکەی (17) سەدە پێش مەسیحی بۆ دابنێین، لە زێدە رەسەن و ڕاستەقینە دێرینەکەماندا (ئاهوورامان)، بۆ مسۆگەر کردنی زۆرتری سەربەرزی و سربەستی و، بۆ پاراستنی سەروەریی مرۆیی و سیاسی و نەتەوەییمان سیستەمی پەرلەمان و هەڵبژاردنی راستەوخۆی ئازاد و دیموکراسییانەمان داهێناوە و سەرجەم پرەنسیپەکانیشمان بە جوانی پەیڕەو کردووە. (ژیرلێ مەرێ) فاکتەرێکی هەرە زیندووی سەلمێنراوی ئەم بۆچوونەی سەرەوەیە.

ژیرلێ، کۆناوە بۆ چەند مرۆڤێکی ژیر و شارەزا و بە ئەزموون و بەتوانا کە نوێنەرایەتیی شارێك یا وڵاتێکیان کردووە.. کۆناوێکی بچووك کراوەیە کە پیشاندەری ئاستی بەرزی رێز و خۆشەویستییان بووە لە ناو جەماوەردا. (ژیر) هەمان پیر و ئاقڵ و زانایە و پاشگری (لێ)یش هەم ئامرازی پیشاندانی (کۆ)یە و هەم بچووك کردنەوەیەکی خۆشەویستانەیە کە لە هەوراماندا بۆ کەسە هەرە نزیك و بەڕێز و خۆشەویستەکان بەکار دەبرێت، وەکوو: برا (براڵە).. کاك (کاکەلێ).. خوشك (واڵێ).. دادە/باجی (دێدێلێ).. باوك (تاتە/ تاتەلێ).. دایك (ئەدا/ ئەدالێ).. خودا (خوا/ خواڵە)و...تد، بەمپێیەش ژیرلێ واتە پیر و زانا زۆر بەرز و بەڕێزەکان. پاشان دەگەینە بەشی دووەمی دەستەواژەکە (مەرێ) کە دەبێتە ناوی شوێن. زۆر شوێنی جوگرافیشمان لە بەش و ناوچە جۆربەجۆرەکانی هەوراماندا بەو ناوەوە هەن کە دەکرێ وەکوو نموونەیەك لە خەرمان، ئاماژە بکەین بە: (مەڕ)ی هەروامانی تەخت.. (مەڕ)ی دزاوەر.. (نساری مەڕ)ی کەیمنە.. (مەرێ)ی کەیمنە و..هتد. لە هەورامانی دێریندا، ئەنجومەنی نیشتمانی یانخود هەمان بارەگای پەرلەمان لە (مەر/ مەرێ)دا بووە و (ژیرلێ)کانی تێدا دانیشتوون و کاریان تێدا کردووە، واتە (مەر/ مەرێ) شوێنی کۆبوونەوەو راوێژکردن و دیالۆگی (ژیرلێ)کان بووە بۆ

خزمەتكردنی زۆرتری هاوڵاتیان و پێشخستنی وڵات، ئەوان لە ئەنجومەنەكەیاندا یاسایان داناوەو نوێنەرایەتی و رێبەرایەتیی جەماوەریان كردووە بەرەو ئاراستەی ژیانێكی بەختەوەرتر و ژیارێكی گەش و پێشكەوتووتر.

باشترە لێرەدا (گەر بە كورتییش بێت) ئاوڕێك لە چۆنیەتیی دامەزراندنی پەرلەمان و هەڵبژاردنی نوێنەرانی خەڵك (ژیرلێ) بدەمەوە:

كۆمەڵگەی ئێمە لە دێرین زەمانیشدا ئەوەندە ئاوەزمەند بووە كە ژیانی خۆی رێكبخات بەهۆی سیستەمێكی رێكوپێك و هەروەها كۆمەڵە یاساورێسایەكی مرۆڤانە، دیارە ئەم كارەش پێویستی بە كۆبوونەوەو هەڵبژاردن و دیاری و دەسنیشانكردنی كەسانی پسپۆڕ و شارەزا و دڵسۆز هەیە تا جەماوەر بتوانێ چارەنووسی خۆی بداتە دەستیان و ئەركی قورسی بەڕێوەبردنی وڵاتیان پێ بسپێرێ. بۆ ئەم مەبەستەش كاتێك دیاری كراوە و شوێنێكیش تەرخان كراوە بۆ كۆبوونەوەی خەڵك و ناسینی پاڵێوراوەكان و تاوتوێكردنی رەوتی كارەكە و پاشان دەسپێكردنی پرۆسەی دەنگدان. ئەوانەی مافی خۆ پاڵاوتنیان هەبووە، بەبێ هیچ فەرق و جیاوازییەك (بەتایبەتی لەبواری رەگەز یا بیروبڕوا و...)، چەند مەرجێكیان لە پێش دانراوە، ئەم مەرجانەش كۆمەڵە مەرجێكی یاسایی بوونە و وەكوو پرەنسیپی سەرەكیی پرۆسەی هەڵبژاردن چەسپێنراون و پێشتریش پراكتیزە كراون كە ئەوانیش بریتین لە: پاڵێوراو دەبێ مرۆڤێكی پێگەیشتوو بێت لەبواری كەسێتی و ئاوەزەوە.. دەبێ پاك و سەربەرز و بێلایەن و راستیخواز بێت.. دەبێ گەروەترین خەمی هەمان بەرژەوەندیی گشتی بێت.. دەبێ تایبەتمەندیی وڵات و هاوڵاتییەكانی لە هەموو بوارەكاندا بە جوانی بناسێت و رێزیان لێبگرێت.. دەبێ ئەوەندە وشیار و رۆشنبیر بێت كە بتوانێ بارودۆخی كۆمەڵگەی خۆی و دەوروبەرەكەی دەرك بكات و

کارا و چالاك بێت بۆ وڵامدانەوەی هەموو پێداویستییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و فکری و ڕۆشنبیرییەکانی ئەو کۆمەڵگەیە.. سەرەڕای ئەمانەش دەبێ دڵسۆز و ڕاستگۆ بێت و بە چاکە ناسرابێت و تۆماری ژیانی دەبێ دوور بێت لەهەرچەشنە بەدناوی یاتەنانەت شك و گومانێکی خراپیش. خۆ ئەگەر هەموو تایبەتمەندییەکانی سەرەتای هەبن بەڵام مرۆڤێکی پاك و خۆشناو نەبێت، ئەوا بۆی نییە خۆی بپاڵێوێت، یا بەپێچەوانەوە گەر مرۆڤێکی پاك و ڕاستگۆش بێت بەڵام توانای بەڕێوەبردنی نەبێت و کارساز نەبێت لەبەرامبەر هاوکێشەکاندا، ئەوا خۆی ناپاڵێوێت، تەنانەت گەر خۆیشی پاڵاوت، بە دڵنیاییەوە نزیکترین کەسەکانی خۆیشی دەنگی بۆ نادەن، ئەمەش لەو لۆژیکەوە هاتووە کە تاکی ئاهوورایی ڕاستی و بەرژەوەندییە گشتییەکان ناکاتە قوربانیی هیچ ساتوسەودا و خزمایەتی و دۆستایەتییەك!.

ئەمە لە پاڵێوراوەکان، بۆ دەنگدەرانیش هەندێ پرەنسیپ دیاریکراون کە ئەوانیش دەبێ بەتەواوەتی پەیرەو بکرێن، دەنگدەر دەبێ لە بواری فکری و ئەقڵییەوە پێگەیشتبێت و توانای لێکدانەوەی هاوکێشەکانی هەبێت، لێرەشدا هیچ جیاوازییەکی ڕەگەزی و سیاسی و... لە ئارادا نییە و هەموو تاکێك مافی دەنگدانی ئازادی هەیە و دەتوانێ بەو پەڕی سەربەستییەوە نوێنەری خۆی هەڵبژێرێت، بێجگە لە چەندین پرسیاری فکری و کۆمەڵایەتی کە ئاراستەی تاکی دەنگدەر دەکرێت، ڕێگایەکیدیکەش بۆ دیاریکردنی ئاستی تەمەن دەگیرێتە بەر تا دەربکەوێت کە ئایا دەنگدەر گەیشتۆتە ئەو تەمەنە یاساییەی کە بتوانێ دەنگ بدات و خۆی چارەنووسی خۆی دیاری بکات یانخود نا؟، ئەم ڕێگایەش (کە لە ڕاستیدا تا ڕادەیەك پرسیار دەورووژێنێ، دانانی بەردێکە لە مەیدانێکدا کە پێیدەڵێن (بەردی

بەراوردی تەمەن).. تاکی دەنگدەر دەبێ بە بەرچاوی دەستەی شارەزایانی بوارەکەوە کە ڕۆڵێ داوەر و دادوەر دەگێڕن بتوانێ بەردەکە بەرز بکاتەوە، چۆنیەتیی بەرزکردنەوەو هەڵبڕینی بەردەکەش رادەی تەمەنی ئەو دیاریدەکات بۆ نموونە گەر کەمێك لە زەمینی بڕی یا تا نزیك ئەژنۆی هێنای یانخود تا سەرووتر و هەرواش ماوەی گرتنی بەردەکە رێژەی تەمەنی دەردەخات و دەستەی دادوەران رای خۆیان دەردەبڕن و ئیتر دەردەکەوێت کە ئایا ئەو تاکە مافی بەشداریکردن و دەنگدانی هەیە یانخود ماویەتی و جارێ ناتوانی بەشداریی پرۆسەکە بکات؟ ئاشکراشە کە هیچکەس هیچ گلەییەکی لەو حوکمە نابێت کە دەستەکە دەریدەکات چوونکە ئەوانیش هەڵبژێردراوی راستەقینەی جەماوەرن و پسپۆڕ و شارەزا و شایستەترین کەسن لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو کارەدا، هەربۆیە هەموو لایەك بە دەرەنجامی تاقیکارییەکە رازی دەبن. پێویستە ئەوە دووبارە بکەمەوە کە هیچ چەشنە پێشێلکاری و پێشگری و جیاکارییەك چ بۆ پاڵێوراوان و چ بۆ دەنگدەرانیش لە ئارادا نییە، بۆ نموونە ژن و پیاو و کوڕ و کچ بۆ هەردوو مەبەستەکە لەبەرامبەر یاسادا یەکسانن و زۆرجار دەبینی ژن لە پێشتریشە: زۆر ژنی لێهاتوو لە هەورامانی دێریندا هەبوونە کە بۆچەندین جاری یەك بەدوای یەکدا هەڵبژێردراونەتەوەو ماوەیەکی دوورودرێژ نوێنەرایەتیی جەماوەریان کردووە یا تەنانەت حوکمڕانییان کردووە کە دەتوانین ناوی چەندین ئافرەتی شایستە بهێنینەوە وەکوو: مسریجان، مام خەندان، شارەبانو، ئەرنەواز، شارنەواز و...، زۆرجاریش رێك کەوتووە باوك، برا یا مێردێك دەنگی بۆ کەسێك داوە کەچی کچ یا خوشك یا ژنەکەی بە پێچەوانەی ئەو دەنگی بۆ کەسێکیتر داوە، بەبێ ئەوەی ترسی لێپێچینەوەی هەبێت یانخود هیچکەس بتوانێ شتێکی بەسەردا بسەپێنێت. ئەمەش ئەوپەڕی ئازادی و

سەربەستیی مرۆڤی ئاهوورامانمان بۆ دەردەخات (کە بەداخەوە لەم سەدەی پێشکەوتنە هەمەلایەنەدا گەلێ کۆمەڵگە و بەتایبەتیش کۆمەڵگەی ئێمە لێی بێبەشە).

بەهەرحاڵ، ئەوانەی خۆیان پالاوتووە، بۆ کاتی دەنگدانەکە ناویان دەگۆڕدرێت، ئەویش تەنها بۆ ئەوەیە کە خۆیان پێشوەختە ئاگاداری دەرەنجامەکان نەبن و لەولاشەوە هیچ گرفتێك نەخرێتە بەردەم پرۆسەکەوە، ئەم ناوگۆڕینەش شتێکی زۆرزۆر سیمبولێك و جوانە.. هەر پاڵێوراوێك لە لایەن لێژنەی سەرپەرشتیکاری هەڵبژاردنەوە بەناوی میوە یا هەر بەرهەمێکی کشتوکاڵییەوە ناو دەنرێت (کە ئەوسا زۆرتر لە میوەی وشك کەڵك وەرگیراوە)، واتە یەکێك دەبێتە (توو).. یەکێك دەبێتە (گوێز).. یەکێك (بادەم) و... تا دوایی، ئەوانەش بەشداریی دەنگدانەکە دەکەن، هەرکەس بەپێی بڕواو متمانەی خۆی، بەرهەمێك لەوانەی ناومان بردن هەڵدەبژێرێت و دەیخاتە ناو سەبەتەیەکی تایبەتەوە.. دواتر بە پێی جیاکردنەوەو ژماردنی میوەکان، ئەنجامی هەڵبژاردنەکە دەردەکەوێت و رادەگەیەنرێت کە هەرکەسە چەند دەنگی هێناوەو بەگوێرەی دەنگەکانیش شایستەیی بۆ پۆستێك لە پۆستە گرینگەکان دیاریدەکرێت و ئەو پۆستەی پێ دەسپێردرێت کە ئەویش وەکوو ئەمانەتێك وەریدەگرێ تا بەهۆیەوە بتوانێ خزمەتی وڵات و هاوڵاتیانی بکات و هەوڵ بدات بۆ گەشە پێکردنی لایەنە جۆربەجۆرەکانی ژیانی جەماوەر و بەرەوپێشبردنی وڵات.

سەرەنجام کەسانێکی زۆر شایستە و شیاو دەچنە ناو ئەنجومەنی حوکم و لە (مەر/ مەرێ)دا کاروباری بەڕێوەبردنی وڵات و ژیانی هاوڵاتیان دەگرنە دەست تا کۆتایی دەورەی نوێنەرایەتییەکەیان و، ئەوپەڕی هەوڵی خۆیان دەدەن بۆ پاراستنی وڵات و

بەختەوەر کردنی هاوڵاتیان و ئاراستەکردنیان بەرەو ژیانێکی باش و بەختیار، هەرئەمەشە کە دەبینین لەو کۆمەڵگەیەدا هیچکات، هیچ چەشنە ناکۆکی و ناتەبایی و لاوازییەك بەدیناکرێت و هەمووان لەپاڵ یەکدا و بۆ یەك دەژین و ئاسەوار و نیشانەیەك لە درۆ و دزی و خیانەت و بێ ئەمەگی بەرچاو ناکەوێت. ئەمەش بەهۆی ئەدەبیاتێکی رەسەن و پاکی ئەهوورایییەوەیە کە لە دێرزەماندا تاکەکانی ئێمەی لەسەر راهاتوون و کۆمەڵگەیەکی ئاوا بەختیاری لەسەر بنیات نراوە، کۆمەڵگەیەك کە هەموو مرۆڤی ئەمڕۆ خۆی بە قەرزدار و منەتباری هەوڵی بنیاتنەر و ژیرانەی ئەوان بزانێت و نەك هەر شانازییان پێوە بکات، بەڵکوو هەوڵ بدات لەگەڵ ئەو کلتوورەدا ئاشت بێتەوە و بە پەیڕەوی لە لۆژیك و ئەدەبیاتی رەسەن و مرۆیی ئەوان ئاراستەی ژیانی بەرەو باشتر و مرۆییتر بوون بگۆڕێت و بەمچەشنە بگاتە هەوارگەی سەربەستی و کامەرانی و سەروەریی راستەقینە.

دەلاقەی شازدەهەم:

## ئاریوبەرزەن

" سکەندەر، مەگەر لە پاش مەرگی من
دوای هەڵوەرینی دوا بەرگی من
بتوانی دەرگەی وڵات لێبدەی
تاجی پاشایەتیی مە لەسەر بکەی
لە خاکی جەم و کۆشکی پادشایان
کە پێت دانا، بەخۆت و هاوڕایان
لەخۆت بایی نەبیت و چاك بزانە
زۆری وەك من هەیە ئەم (ئایران)ە"

ئەمە دەقی دوایین پەیڤە هەرەشەئامێزەکانی (ئاریوبەرزەن)ە لەبەرامبەر (ئەسکەندەری مەکدۆنی)دا

ئاریوبەرزەن، یەکێکە لە (سەردار)ە مەزنەکانی گەلی کورد لە مێژووی ئێرانی کۆندا کە لەبەرامبەر هێرشی ئەسکەندەری مەکدۆنی بۆ سەر ئێران، بەرەنگارییەکی دلێرانەی کرد و گیانی خۆی هەر لەم ڕێگەیەدا کردە قوربانیی خاکی وڵات و گەلەکەی و داستانی قارەمانانەی (دەربەنی پارس)ی لەپاش خۆی بەیادگار بۆ بەجێهێشتین.

ئەسکەندەری مەکدۆنی، ساڵی (331)ی پێش زایین و پاش سەرکەوتنی لە سێیەم شەڕی لەگەڵ ئێراندا کە بەشەڕی (ئەربڵ) ناسراوە (کە هەمان هەولێری ئێستایە) و ئێران تیایدا شکستی هێنا، دەستی بەسەر (بابل و شووش و ئەستەخر)دا گرت و بۆ داگیرکردنی (پارسە)ی پایتەخت بە خۆی و لەشکرەوە ڕووی لەو شارە کرد. بۆ

گرتنی پارسە، لەشکرەکەی کردە دوو بەشەوە: بەشێکی بە فەرماندەیی (پارمەن یۆنیوس) لە رێگەی دەشتی (رامهورمز و بەهبەهان)ەوە بەرەو پارسە و بەشەکەیتریش بە فەرماندەیی خودی ئەسکەندەر رێگای (کێوی (کۆهگیلۆیە)ی گرتەپێش و لە (تەنگە)ی (دەربەنی ئاری)دا بەرەورووی بەرەنگاریی لەشکری ئێرانیەکان بۆوە کە هەمان سوپای شەندکەسیی ئاریوبەرزەن بوو، کە لەبەارمبەر ئەو لەشکرە زۆر و پڕچەکەی ئەسکەندەردا قارەمانانە وەستان و پاشەکشەیان پێ کردن. ئەسکەندەر زانیی لە بەرامبەر سەربازەکانی ئاریوبەرزەندا هیچی پێناکرێ بۆیە نەخشەی ئێرانیەکانی لەشەڕی (ترۆمۆپیل)دا بەکار هێنا و بەهۆی ئەسیرێکی یونانییەوە لە رێگە سەختەکانی کێوستانەکەوە دزەی کردە لای پشتەوەی سوپای ئاریوبەرزەن و گەمارۆی دان. ئاریوبەرزەن بە (40) سوار و پێنجهەزار پیادەوە، رووبەرووی دوژمن بۆوە و پاش وەشاندنی ورزێکی کوشندە لێیان، گەمارۆکەی تێکشاند و بۆ پاراستنی پایتەخت بەرەو پارسە بەرێکەوت، بەڵام ئەو سوپایەی پێشتر ئەسکەندەر لە رێگەی بیابانەوە رەوانەی کردبوو، پێش گەیشتنی ئەم، گەیشتبۆوە پایتەخت و دەستی بەسەردا گرتبوو. ئاریوبەرزەن، سەرەڕای لەدەشچوونی پایتەختیش، خۆی بەدەستەوە نەدا و ئەوەندە بەرەنگاریی کرد، تا سەرەنجام خۆی و هەموو سەربازەکانی کوژران و شەڕ کۆتایی پێهات. (یوتاب) بەواتای درەوشاوە و بێ هاوتا کە خوشکی ئاریوبەرزەن بوو، فەرماندەی بەشێك لە سوپای براکەی بوو، ئەویش شانبەشانی براکەی درێژەی بە جەنگ دا و لەبەرانبەر لەشکری ئەسکەندەردا بەربەرەکانێیەکی بێوێنەی نواند و سەرەنجام لەگەڵ براکەیدا پێکەوە گیانیان فیدای وڵاتەکەیان کرد و ناوێکی نەمریان پاش خۆیان بەجێ هێشت. ئەسکەندەر، پاش سەرکەوتنی تەواو بەسەر پارسەدا و شکاندنی

سوپای ئاریوبەرزەن، ئەسیرە یونانییەکەشی بە تاوانی خیانەت کوشت.
ئاریوبەرزەن و یوتابی خوشکی، نموونەی دوو جەنگاوەر و پێشمەرگەی قارەمانی کوردن کە تا دوا دڵۆپی خوێنیان وڵات و گەلی خۆیان پاراست و بەسەر بڵندی گیانیان لە پێناویدا بەخت کرد.. گەرچی ئێمە و (زۆر لەوانەیە ئەوانیش) دڵێکی خۆشیان لە (داریوش) نەبووبێت و لێی ڕازی نەبووبن، بەڵام سەرزەمینەکەیان بە هی خۆیان زانیوە و نەك بۆ داریوش، بەڵکوو بۆ وڵات و نەتەوەی ئاریا جەنگاون و لەپێناو وڵات و خاکی ئاریادا گیانی خۆیان فیدا کرد..

**دەلاقەی حەفدەهەم:**

**مۆسیقا لە ئێرانی کەونارادا**

**هونەری مۆسیقا لە ئێرانی کۆندا تەمەنێکی بە درێژایی تەمەنی سەرزەمینی ئاریایی هەیە. لە سەردەمانی کۆندا لای ئارییەکان سێ چەشنە مۆسیقای: (دینی، بەزمی و جەنگی) برەوی هەبووە، ئارییەکان گرووپێکیان هەبوون کە کاتی هەڵاتن و ئاوابوونی هەتاو دەهۆڵ و زوڕنایان لێدەدا، هەروەها لە جەژن و بۆنە مێژوویی و نەتەوەییەکانیشدا مۆسیقای تایبەتیان هەبوو. دەتوانین مێژووی مۆسیقای ئێرانی کۆن بەکورتی دابەشبکەینە سەر حەوت دەورە:**

1_ پێشدادیان (2441) ساڵ واتە لە (3569 تا 1128)ی پ.ز

2_ کەیانیان (420) ساڵ واتە لە (1128 تا 708)ی پ.ز

3_ مادەکان (158) ساڵ واتە لە (708 تا 550)ی پ.ز

4_ هەخامەنشییەکان (220) ساڵ واتە لە (550 تا 187)ی پ.ز

5_ سلووکییەکان (143) ساڵ واتە لە (330 تا 187)ی پ.ز

6_ ئەشکانی (پارت)ەکان (475) ساڵ واتە لە (249 تا 226)ی پ.ز

7_ ساسانییەکان (420) ساڵ واتە لە (249 تا646)ی زاینی.

**ئێستاش هەر بەکورتی ئاماژەیەك دەکەینە سەر هەرکام لەو سەردەمانە:**

1_ پێشدادییەکان:

**بۆ ناسینی مۆسیقای سەردەمی پێشدادی سەرنجی سیمبولە ئوستوورەییەکانی شاهنامە دەدەین. فیردەوسی شاعیر و مێژوونووسی گەورەی ئێران، هەرلە رێگەی سوود وەرگرتن لە بیرەوەریی پێشینانەوە، گەنجینەیەکی مەزنی نەتەوەیی پێکهێنا کە هەمان شاهنامەیە و کردیە سێ بەشەوە:**

1_ ئوستوورەیی: لە پاشایەتیی کەیومەرز تا سەرهەڵدانی فەرەیدوون
2_ پاڵەوانی: لە شۆڕشی کاوەی ئاسنگەر تا کوژرانی رۆستەم.
3_ مێژوویی: لە کۆتاییەکانی سەردەمی کەیانییەکان تا مردنی یەزدگردی سێیەم.
فیردەوسی لە شانامەدا ناوی هووشەنگ (یەکەمین پاشای پیشدادی) و نەوەی کەیومەرز دێنێت و هەرواش باسی (تەهموورس و جەمشید و زەحاك و فەرەیدوون و ئیرەج و مەنووچەر) دەکات و لە باسی پاشایەتیی (تەهموورس)دا ئاماژە بە (کووس) دەکات:

" چو این کردەشد ماکیان و خروس
کجا بر خروشید کە زخم کوس"

کووس، گەورەترین ئامێری مۆسیقایی (با)ییە کە بە پێست دروستکراوە {وەکوو دەهۆڵ} و لە مەیدانەکانی جەنگدا و بۆ راگەیاندنی جەنگ بەکار هاتووە، هەروەها لە شوێنێکی دیکەدا ئاماژە بە (کەڕەنا) دەکات:

" ز بس های و هوی و جرنگ و درای
بکردار تهمورثی کرنای"

ئێستاش دەستەواژەی (کووس و کەڕەنا) لەناو کورددا و زۆرتریش لەباسی جەنگەکاندا بەکار دێت، (شانامەی هەورامی) پڕپەتی لەم دەستەواژەیە.
بۆ سەردەمی جەمشیدیش ناوی (رامشگر/ موزیکژەن و گۆرانیبێژ)ی هێناوە:

" بزرگان بە شادی بیاراستند
می و جام و رامشگران خواستند "

2_ کەیانییەکان:

له شانامەدا سەردەمی کەیانی بە هاتنی (کەی قوباد/ قوباد) کە ناوەکەی پێشگری (کەی)ی لە گەڵدایە، دەسپێدەکات، لەم سەردەمەدا بەرەبەرە لایەنی ئوستوورەیی پاشاکان لاواز دەبێت و بواری پاڵەوانێتی دەسپێدەکات. فیردەوسی لەشانامەدا دەڵێت کە جیهان پاڵەوان، ڕۆستەم بەئەمری (زاڵ) بەرەو کێوی ئەلبورز دەکەوێتەڕێ بۆ هێنانەوەی کەیقوباد، لە دیدارەکەی ڕۆستەم و کەیقوبادیشدا، سەرەڕای ناوهێنانی چەندین ئامێری مۆسیقایی، باس لە ئاواز و گۆرانی دەکرێت:

" نشستند خوبان (بربط) نواز
یکی (عود) سوز و یکی عود ساز
سراینده ابن سخن ساز کرد
(دف) و (چنگ) و (نی)را هم اواز کرد "

3_ (ماد)ەکان:

زانیارییەکان سەبارەت بە مۆسیقای سەردەمی ماد زۆرترن، یەکەمین مۆزیسیەنی ئەو سەردەمە کەسێك بووە بەناوی (ئۆگارێس) کە مۆسیقاری ناوداری دەرباری (ئاستیاگ) بووە کە جگە لە بواری مۆسیقا، ئایندەزانێکی بەتواناش بووەو توانیویەتی پێشبینیی کۆتاییهاتنی پاشایەتیی ئاستیاگ بکات بەدەستی (کورش)، هەموو گێڕانەوەکان لەسەر ئەوە کۆك و یەکدەنگن کە مۆسیقا و هونەرمەندانی ئەم بوارە لە دەرباری پاشاکانی ماددا جێگا و پلەوپایەی تایبەتیان هەبووە و ڕێزیان لێگیراوە، هەربۆیەش مۆسیقا لەو سەردەمەدا پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە.

4_ هەخامەنشییەکان:

ئیمپراتۆریەتی هەخامەنشی بە دەستی (کورش)ی مەزن بنیات نراو و مێژوونووسان دەڵێن لەو سەردەمەدا سێ جۆرە مۆسیقا برەوی هەبووە: مۆسیقای دینی، بەزمی، رەزمی (جەنگی).

5_ سلووکییەکان:

دەسەڵاتی هەخامەنشی بەهۆی (ئەسکەندەر)ەوە لەناو چوو و (سولوکوس)ی سەرداری یونانی حوکمی (سلوکی)ی دامەزراند، لەم دەورانەدا مۆسیقای ئێرانی دەکەوێتە ژێر کاریگەریی مۆسیقای یونانی و ئەم دەسەڵاتە یونانییەش خزمەتێکی زۆری بواری مۆسیقای ئێرانی دەکات بە بێ لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە خەڵکی ئەم وڵاتە هیچ جۆرە هاوکاری و هاوسۆزییەکیان بۆی نەبووە.

6_ ئەشکانییەکان:

کە دوای سلوکییەکان هاتنە سەر حوکم، ئەمانیش گەرچی خۆیان ئێرانی بوون، بەڵام هەر لەژێر کاریگەریی یونانییەکاندا مانەوەو دیارە ئەم ئەم کاریگەرییە بواری مۆسیقاشی گرتۆتەوە.

7_ ساسانییەکان:

تەمەنی حوکمی ساسانی زۆرتر لە چوارسەد ساڵی تێپەڕاند، ئەم دەورانە دوورودرێژەش لەناو سەرجەم مێژووەکاندا بە درەوشاوەترین سەردەمی مۆسیقا ناو نراوە. لەم سەردەمەدا دەسەڵاتی ناوەند چڕتر کرایەوە و جێی دەسەڵاتە خۆجێیەکانی پێشووی گرتەوە، ئیدی کۆکردنەوەی هونەرمەندان لە دەربار‌دا زەمینەیەکی لەباری بۆ پەروەردەکردنی هونەرمەندان و بەتایبەتی مۆسیقارەکان سازاند. زۆرترین ناوی هونەرمەندان کە لە مێژووی کۆنی ئێراندا مابێتەوە، ناوی هونەرمەندانی سەردەمی ساسانییە، ئەمەش وای کردووە هەندێکەس بڵێن نوخبەی

داهێنەری هونەری تەنها لەو سەردەمەدا هەبوون و پێشتر شتێکی ئەوتۆ لەئارادا نەبووە ! لەم سەردەمەدا بە سەرهەڵدانی کەسانێکی وەکوو (مانی) و (مەزدەك)، ئەدەبیاتی هونەری (غەیرە شیعری) و هەورەها هونەرە جوانەکانیش پەرەیان سەند و بوونە خاوەنی جەماوەرێکی زۆر. لەم نێوانەدا دەکرێ ئاماژە بکەینە سەر چەند بەرهەمێکی وەکوو: شێوەکارییەکانی سەربە قوتابخانەی مانی و کتێبەکانی (کارنامەی ئەردەشیری بابەکان) و (خوداینامەك) و...،

ئەردەشیری بابەکان پلەوپایە و ستایلی تایبەت بە هونەرمەندانی بە چاکی دەناسی و بۆهەرکامەشیان یاسایەکی تایبەتی دارشتبوو.. (ئەنەوشیرەوان) لە بواری پاراستنی یاسا و مافی هونەرمەنداندا زۆر کارا و جدی و چالاك بوو.. (بارامی گوڕ) خۆی شاعیر و پەخشان نووسێکی کارامە و دەسڕەنگین بوو. بەهۆی پشتیوانیی دەرباری ساسانی و پارێزگاریکردنیان لەماف و ژیانی هونەرمەندانی مۆسیقیزان، جەماوەرێکی زۆرتر بەرەبەرە روویان لە مۆسیقی کرد، چوونکە لەم سەردەمەدا مۆسیقارەکان پێگە و رێز و ئیمکانیاتێکی بەرچاویان هەبوو، ناوی درەوشاوەی کەڵەهونەرمەندانێکی بواری گۆرانی و مۆسیقای وەك: (باربود و نەکیسا و بامشاد و رامتین)یش هەر هیی ئەو سەردەمەن و لەو سەردەمەوە بۆ ئەمڕۆ ماونەتەوە.

ئەردەشیری بابەکان:

پەرەپێدان و گەشەسەندنی مۆسیقا لەسەردەمی ساسانییەکاندا لەگەڵ ناوی (ئەردەشیری بابەکان)دا تێکەڵ بووە و لێکجیا ناکرێتەوە، ئەردەشیر لەماوەی پاشایەتیی خۆیدا کە بیست ساڵ کەمتری خایاند (241/226)ی زایینی، ئێرانی گەیاندە لووتکەی دیسپلین و متمانەی جیهانی.

دیاریکردنی سیستەمی چینایەتی و پۆلینکردنی جەماوەر و هەرواش مۆسیقارەکان بیرۆکەی ئەو بوو، لەوسەردەمەدا مۆسیقار و هورنەمەندانی گۆرانیبێژ کە پێشتر لە چینی زۆر خوارەوەی جەماوەر حیسابیان بۆ دەکرا، گەیشتنە پلەی بەرزی دەربارنشینەکان، ئەردەشیر دەرباریەکانی کردبۆوە حەوت چین کە مۆسیقارەکان لەچینی پێنجەمدا بوون.

(ئارتۆر کریسیەن سەن)ی رۆژهەلاتناس کە لێکۆڵینەوەی زۆری لەمەڕ شارستانەتی ئێرانی سەردەمی ساسانی کردووە، بە سەرنج و بایەخێکی زۆرەوە دەنووسێت: " لەسەردەمی ساسانییەکان و بەتایبەتی سەردەمی حکوومەتی ئەردەشیردا، مۆسیقار و هونەرمەندانی بواری گۆرانی و مۆسیقا خاوەنی پلەوپایەی بەرزی گەورە بەرپرسانی حکوومی بوون".

مامۆستا (عەباس ئێقباڵ ئاشتیانی) دەنووسێت: " مۆسیقی لە ئێرانی دێریندا برەوێکی بەرچاوی هەبوو، ئەردەشیری بابەکان، دامەزرێنەری حکوومەتی ساسانی، کاتێ دەربار و دەستوپەیوەندەکانی خۆی پۆلین کرد، پلەوپایەیەکی بەرزو بەڕێزو بەرچاوی بەخشییە هونەرمەندانی بواری گۆرانی و مۆسیقا".

بارامی گووڕ:

بەهرامی گووڕ یازدەهەمین پاشای ساسانی بوو. هەر بە منداڵی شارەزایی لە رۆشنبیری و ئەدەب و هونەری وڵاتانیدیکەدا پەیدا کردو خۆیشی هەربەپێی داب و دەستووری ئەو سەردەمە، وەکوو شازادەیەك، دوای تەواو کردنی زانست و زانیارییە باوەکانی ئەوسەردەمە، فێری مۆسیقا کرا.

بەهرام پیاوێکی جەنگاوەر بوو، بەڵام بێ ئەندازە هۆگری مۆسیقا بوو، بەرادەیەك کە دوای تاج لەسەرنان و نیشتنە سەرتەختی پاشایەتی، یەکەم کاری ئەوە بوو سەروسامانێك بداتە بارودۆخی هونەرمەندانی بواری مۆسیقا و ژیان و خۆشگوزەرانییان بۆ دابین بکات. ئەو، پلەی مۆسیقارەکانی بەرزتر کردەوە و هەندێکیانی گەیاندە پلەی یەکەم لە پۆلینبەندیی دەربااردا. دواتریش جێگرەکانی هەمان شێوازیان تا سەردەمی ئەنەوشیرەوان پەیڕەو کرد. بەهرام بەڕادەیەك لەم کارەیدا چووە پێش، کە هونەرمەندە گەورەکانی لەگەڵ بەزمگێڕەکاندا پێکەوە دادەنا و حەزی لە کاری هەرکامیان بکردایە، پلەی بەرزی دەدایە، ئەم کارەش بووە هۆی نارەزامەندیی گەلێ هونەرمەندی گەورەی ئەو بوارە.

ئەبو مەنسووری سەعالبی، خاوەنی کتێبی (غررالاخبار ملوك الفرس) دەنووسێت: " بەهرام چوارسەد مۆسیقاری لە هیندەوە بۆ ئێران هێنان و زۆرتر لە هونەرمەندەکانی لای خۆی ڕێزی لێنان، ئەم هونەرمەندانە (لولی یا سوری)یان پێدەگوترا، خەڵکێکی خۆش مەشرەب و سەرزیندە بوون کە لەناو کووچەوکۆڵان و شار و دێدا مۆشیقایان بۆ خەڵك لێدەدا و بەزمیان دەگێڕا".

جۆروچەشنەکانی مۆسیقا لە ئێراندا:

مۆسیقا لە مێژووی کۆنی ئێراندا بەگشتی دابەش دەبۆوە سەر چەند جۆرێك وەك:

مۆسیقای بەزمی:

لە کتێبی شانامەی فیردەوسیدا هەندێ نموونەمان بەرچاو دەکەوێت کە دەتوانن مۆسیقای دورەی ناونجیی مێژووی ئێرانمان باشتر بۆ روون بکەنەوە، لەم کتێبەدا زۆرجار ئاماژە بە چەمکی (رامشگەر/ ...) کراوە. لە چیرۆکی کەیکاوس دا گوێمان لە قسەکانی (دێوی رامشگەر) دەبێت کە دەڵێت: "من لێهاتووترین رامشگەری

مازیندەرانم"، کاتێکیش گۆرانییەك بەسەر مازیندەراندا دەچڕێت، بە ئەندازەیەك لەسەر کەیکاوس کاریگەر دەبێ، کە بڕیاری گرتنی ناوچەکە دەدات:

"برفت از بر پرده سالار بار
خرامان بیامد بر شهریار
بگفتش که رامشگری بر درست
ابا بربط و نغز رامشگر است
بفرمود تا پیش او خواندند
بر رود سازانش بنشاندند
به بربط چو بایست برخاست رود
براورد مازندرانی سرود"

هەر لە شانامەدا دەخوێنینەوە کە ئەسفەندیار لە (خوان)ی چوارەمدا، ئەوکاتەی لەپاڵ کانییەك لە دارستانەکەدا دانیشتووە، تەمبوور دەژەنێت و بە ئاوازێك، باس لە شەڕوشۆڕو سەرگەردانییەکانی خۆی دەکات:

"همانگاه تنبور در بر گرفت
سراییدن از کام دل در گرفت
همی گفت با خود یل اسفندیار
که هەرگز نبینم می و میسگسار
نبینم جز از شیر و از اژدها
ز چنگ بلاها نیابم رها"

بە بۆنەی لەدایکبوونی (رۆستەم)یشەوە، (سام) فەرمان دەدات جەژنێك ساز بکرێت و بانگی هەموو (رامشگەران) بکرێت:

"بە شادی برامد ز درگاه کوس

بیاراست ایوان چو چشم خروس

بفرمود أیین کران تا کران

همه شهر سگسار و مازندران

می أورد و رامشگران را بخواند

بە خواهندگان بر درم بر فشاند"

مۆسیقای (رەزمی) جەنگی:

سروودی تایبەتی پاڵەوانێتی و ئامێرە مۆسیقاییەکان بۆ شەڕەکانیش بەکار هێنراون و بە پێی گێڕانەوەکان، ساز و سروود پێکەوە و لەپاڵ یەکدا دەبیستران. دەتوانین لەو پەندانەی کە لە فارسیی ناونجیی (مانەوی)دا ماونەتەوە بگەینە ئەو ئەنجامەی کە لەسەردەمی ساسانییەکاندا مۆسیقا وەکوو فێڵێك لە جەنگدا بەکار هێنراوە. لە گێڕانەوەکانی (مانەوی)دا هاتووە: جەنگاوەرەکان هێرشیان کردە سەر قەڵایەك بەڵام نەیاتوانی بڕۆنە ناوەوە، بۆیە دەستیان کردە گۆرانی گوتن و مۆسیقا ژەنین، کاتێ پاساوانەکان هاتنە دەرەوە بۆ لە نزیکەوە بیستنی ئەو ئاوازە خۆشە، ئەمان هەلەکەیان قۆستەوە و چوونە ناو قەڵاکەوە.

لە شانامەدا، زاڵ، ئامۆژگاریی رۆستەم دەکات کە گوایە هێشتا بۆ بەشداریکردنی جەنگ زۆری ماوە، واتە هێشتا مێرمنداڵە و باشتر وایە گوێ بۆ سروودە پاڵەوانی و جەنگییەکان بگرێت و لو رێگەیەوە خۆی شارەزای بواری جەنگ بکات:

"تورا گاه بزم است و أوای رود

کشیدن می و پهلوانی سرود

نه هنگام رزم است و ننگ و نبرد

بر أوردن از خاك بر ماه گرد"

مۆسیقای تازیەباری:

له (یادگاری زەریران)دا و له گۆڕەپانی جەنگی (بەستور)دا، باوکێك، بەسەر تەرمی مردووەیەکەوە چۆکی داداوەو دەیلاوێنێتەوە.. له شانامەشدا، کاتێ زۆراب هەواڵی مەرگی (ژندەرزم)ی پێدەگات، لەگەڵ خزمەتکار و رامشگەرەکاندا دەچێتە سەری:

"چو بشنید سهراب برجست زود

بیامد بر ژندەبر سان رود

ابا چاکر و شمع و خنیاگران

بیامد ورا دید مرده چنان"

یانخود کاتێ خەسرەو به دیلی دەگیرێت و (قوبادی شیرویه) دووری دەخاتەوە بۆ تیسفون، باربود دێته لای و دەیلاوێنێتەوە:

"بسازید نوحه به أواز رود

به بربط همی مویه زد با سرود

ابر پهلوانی برو مویه کرد

دو رخسارەی زرد و دل پر ز درد"

مۆسیقای راو و شکار:

وێنه هەڵکۆڵدراوەکانی تاقەوسان، خەسرەو پەروێز له کاتی ڕاوی (گراز/...)دا پیشان دەدەن. لەم وێنانەدا دوو بەلەم له پاڵ بەلەمەکەی خەسرەو پەروێزدا

دەبینرێن کە یەکیان ژنە مۆسیقار و ئەویدی ژنە گۆرانیبێژەکانیان لێ سوارن و هەندێکیان چەپڵە دەکوتن.

بارام (بهرام گور) پێیخۆشبو بە سواریی وشتر بڕواتە ڕاو، هەمیشەش گرووپێك کچی هونەرمەند و گۆرانیبێژیان لەگەڵ دەنارد. مۆسیقای کاتی ڕاو، هەر تەنها بۆ خۆش ڕابواردنی ڕاوچی نەبووە، بەڵکوو هۆکارێکیش بووە بۆ خستنەداوی ڕاوەکە، چوونکە ڕاوچییەکان بڕوایان وابوو کە مۆسیقا، گیاندارەکان بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ، ئەم نەریتە ئێستاش لە هنددا پەیڕەو دەکرێت.

مۆسیقای فێرکاری:

(سترابۆ) دەڵێت: لەسەردەمی (پارت)ەکاندا گۆرانیی چیرۆکئامێز بۆ فێرکردن بەکار دەهێنرا و مامۆستاکان کاروبار و سەربردەی پێشینانیان بە ئاوازەوە بۆ خوێنکارەکانیان دەگێڕایەوە.

مۆسیقای دینی:

لە (بوندەهش)دا هاتووە: "وین بانگ ئەو ئامێرەیە کە پیاوچاکان بیژەنن و ئاڤێستا بخوێننەوە. بەربەت و چەنگ و هەر سازێکی ژێدار کە دەژەنرێن، وین بانگە".

ئاسەواری بەکار هێنانی ئاوازی دینی لە ئێرانی کۆندا، هەم لە دەقە مێژووییەکاندا بەرچاو دەکەوێت و هەم لە گێڕانەوەی مێژوو نووس و دێرینەناسەکاندا. گەرچی لە سەدەکانی دواتردا تێکەڵاوییەك لە نێوان مۆسیقای دینی و پاڵەوانێتیدا بەدیدەکرێت، بە شێوەیەك کە دەقە جەنگی و قارەمانییەکان دێنە ناو دەقە دینییەکان و خوا کۆنەکان دەکرێنە قارەمان و لە دەقە غەیرە دینییەکاندا دەردەکەون. لە دەورانی ناوجیدا، پەرستگەکانی مانەوی کەڵکی زۆریان لە مۆسیقا وەردەگرت و سەرمایەیەکی مەزنیان لە سروود و مۆسیقا و دەقی هونەریی دینی

پاش خۆیان بەجێهێشتووە.ئەوان کە بۆ بەیانی هەستی خۆیان لە هەموو بوارە هونەرییەکان سوودیان دەبرد، بە باشی ئاگاداری ڕۆڵی مۆسیقا بوون لە دروستکردن و گەیاندنی چەمك و پەیامە دینییەکاندا. بە تێڕامان و خوێندنەوەیەکی ئاسەوارە بەجێماوەکانی مانەوی و ئاواز و سروودەکانیان دەتوانین بڵێین:

1_ مانەویەکان، چەشنە مۆسیقایەکی تایبەتیان بۆ پەرستگەکانی خۆیان هەبوو و پاشماوەکانیش دەریدەخەن کە ئەو مۆسیقایە تەنها بۆ ئەو ئایینە بووە.

2_ ئەوان لە بۆنەکانیاندا ئامێری وەك (تەپڵ و چەنگ و شەیپوور و نای)یان بەکار دەبرد.

3_ شێوازی کۆرس لە گوتنەوەی سروودەکاندا بەکار دەبرا: (ئاموزگار) واتە مامۆستا و ڕێبەری (ئۆرکسترا) سروودەکەی دەگوت و (ئاموزیا) واتە گرووپی ئۆرکستراش بە دوایدا و پێکەوە دەیانگوتەوە، ئەم شێوازە، ئێستاش لە هەندێ خانەقادا پەیڕەو دەکرێت و بەگشتی هەمان (ئۆرکسترای)ی ئەمڕۆیە.

هەولێر 2009/8/18


ژمارەی سپاردن
1409

کـــۆتایی